# جینۆسایدی ئێزیدییەکان

## لە سەدەی بیست و یەکەمدا

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٢٠١٨






| |
|---|
| **ناسنامەی کتێب** |
| **ناوی کتێب: جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا** |
| **نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی** |
| **بابەت: ئاماری و دیکۆمێنتاری** |
| **تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر** |
| **هەڵچنین: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر** |
| **هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر** |
| **ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ٥٠٠ دانە** |
| **چاپخانەی: سەنگەر** |
| **لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤٢٥ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە.** |
| **شوێنی نووسین: – هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان** |
| **ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١** |
| **مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر** |

# پێرست

**لە جیاتی پێشەکی: ئێزیدی و داعش ــــــــــــــــــــ ٤**

**بەشی یەکەم**
**کوردانی ئێزیدی لە سەدەی بیست و یەکەمدا و ڕێکەوتنامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید ــــــــــــــــــــ ١٠**

**بەشی دووەم**
**پانۆرامای جینۆسایدی(فەرمان)ی کوردانی ئێزیدی بە درێژایی مێژوو ـ ١٨**

**بەشی سێیەم**
**تراژیدیای ئێزیدییەکان ــــــــــــــــــــ ٣٤**

**بەشی چوارەم**
**ئێزیدیو کەمایەتیەکان لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدا ــــــــــــــــــــ ٧٨**

**بەشی پێنجەم**
**داتاو ئامار و لیستی ناوی بیسەروشوێنکراوان و ڕفێندراوان ــــــــ ٨٣**

**بەشی شەشەم**
**پەیام و بەیاننامەکان ــــــــــــــــــــ ٢٣٣**

**بەشی حەفتەم**
**زمانی وێنەکان ــــــــــــــــــــ ٢٦٦**

# لە جیاتی پێشەکی
# ئێزیدی و داعش

## ١- ئێزیدی

ئێزیدی خاوەنی ئاینێکی تایبەتن و زۆربەیان لە باشووری کوردستانن لە دەڤەری شێخان و شنگالدا دەژین. هەروەها لە بۆتان و دەربێسیە و باکووری پارێزگای ئەلحەسکە و دەڤەری عەفرین لە حەلەب و ئەلەگەزی ئەرمەنستان و پارێزگای قارس و ئەردەهانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا هەن.
ئێزیدییەکان کەمینەیەکی ئاینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە رووی ڕەچەڵەکەوە کوردن، زمانی ئەوان کوردییە، بە کوردی کرمانجی دەئاخفن، نوێژ و نزا و رێوڕەسم و کتێبە پیرۆزەکانیشیان بە زمانی کوردییە.

## ٢- دابەشبوونی ئێزیدییەکان لە جیهاندا

ئەگەر چی سەرژمێریەکی فەرمی نیە، بەڵام بە گوتەی میر تحسین بەگ میری ئێزیدیانی کوردستان و جیهان، لە باشووری کوردستان و عێراق نزیکەی (٦٠٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠٠) کەسن و لە جیهانیشدا نزیکەی(١٥٠٠٠٠٠)ئێزیدی هەن.
بە پێی ئاماری رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە نزیکەی (١٥٠٠٠٠٠) کەس مەزندە دەکرێت.
بە پێی هەندێك ئامار ئێزیدیەکان بەم شێوەیە دابەشکراون بەسەر جیهاندا لە عێراق و باشووری کوردستان (٥٠٠٠٠٠)کەسن و لە ئەڵمانیا (٦٠٠٠٠)کەسن و لە ئەرمەنستان (٦٠٠٠٠) و لە تورکیا (٥٠٠٠٠) لە روسیا (٤٠٠٠٠)کەسن و لە گورجیستان (٢٠٠٠٠) لە سوریا (١٤٠٠٠) و لە سوید (٤٠٠٠) و لە ئوکرانیا(٢٠٠٠).
ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستان لە قەزای شێخان - بەعشیقە- بەحزانی- شنگال - زومار- قوش و سیمێل و خانك و دیرەبوون چڕبوونەتەوە.
لە ڕۆژئاوای کوردستانیش لە قامیشلی و عفرین و گوندەکانی دەوروبەری دەژین. لە باکووری کوردستانیش لە ناوچەی ماردین و سیرت و ئۆرفە و قارس و ئاگری و ئەردەهان.
لە ئەرمینیاش لە ئالاگز و گوندەکانی دەوروبەری شاخی ئارارات و لە ناو یەریڤانی پایتەخت دەژین. لە جۆرجیاش و لە تبلیسی پایتەخت ئێزیدی لێدەژین.

لە وڵاتانی ئەڵمانیا و نەمسا و فەرەنسا و سوید و ئەمریکاش رەوەندی کوردانی ئێزیدی هەن.

**٣-ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان**

بەلای ئێزیدییەکانەوە (خودا- یەزدان- الله) خواوەندی مرۆڤەکانە و مەلیکە تاوس مەلیکی هەموو مەلائیکەتەکانە (فریشتەکانە)، مەلیکە تاوس بریتیە لە عەزازیل (بە ئینگلیزی واتە Melek Taus و The Peacock Angel) کە حوکمی هەموو زەوی ئەکات بە یارمەتی و هاوکاری حەوت فریشتەی دیکە ئەو حەوت مەلائیکەیەش لە ژێر فەرمانی خودای گەورەدان. بۆچوونی ئێزیدیەکان وایە کە مرۆڤێك مرد رۆحەکان دەچێتە لەشێکی ترەوە، بەڵام بە شێوەی جیاوازتر، ئەگەر کەسێکی ئێزیدی لە کۆمەڵگەکەی دوور بخرێتەوە و دەربکرێت ئەوا نوێ نابێتەوە.

لە ئاینی ئێزیدیدا، وازهێنان لەو دینە و چوونە سەر دینێکی تر دروست نیە و نابێت ئەو کارە بکرێت.

باوەڕیشیان وایە کە ئاینی ئێزیدی ئاینێکی ئاسمانییە، ئێزیدییەکان خۆر بە قیبلەی خۆیان دەزانن، چونکە بەلای ئەوانەوە مەزنترین دروستکراوی خوایە، ئاو و خاك و ئاگر و هەوا لە دروشمە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزیدین کە هەرچواریان ژیان پێك دەهێنن.

**٤- پەرستگەی لالش**

لالش دەکەوێتە ناو دۆڵێك کە بە زنجیرە چیای بچووك دەورە دراوە، لالش لەلایەن پەیڕەوکارانی ئایینی ئێزیدیەوە بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرێت، ، پەرستگەی لالش بارەگای ئەنجومەنی رۆحانیی ئاینی ئێزیدیشی تیادایە، پەرستگەکە شەش گۆمەزی بە شێوەیەکی تایبەت هەیە، هەریەك لەو گۆمەزانە گۆڕی "پیاوچاکانی" لالشن و کەسانی ئاینیی گەورەی ئێزیدییەکانن، گۆمەزەکانیش هی)) شێخ ئادی، مەلا شێخ حەسەن، شێخ موسا، کانیا سپی، غەفوری رێیا، پیرمەندن)) ،لالش پەرستگای تایبەتی ئێزدیەکانە و دەکەوێتە سنوری قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆك و ٦٠ کیلۆمەتر دوورە لە شاری موسل لالش لای ئێزیدیەکان پیرۆزییەکی زۆری هەیە و لە سەرتاسەری وڵاتانەوە ساڵانە بۆ پاڕانەوە رووی تێدەکەن ئەمەش هاوشێوەی حەجی مووسڵمانان وایە، ئەوانەی سەردانی دەکەن، دەبێت پێش ئەوەی بچنە ناو پەرستگاکەوە پێڵاوەکانیان دابکەنن و بۆیان نیە پێیەکانیان لەسەر

دەروازەی دەرگاکە دابنێن، بەڵکو دەبێت بازی بەسەردا بدەیت، ئەوە سەرەتای نەریتەکانی ناو لالشە.
لالش لە چەند پەرستگایەك و ماڵی فەقیر پێکهاتوە (ماڵی فەقیری، شوێنکی گەورەیە چەندین خێزانی تێدایە کە چێشت لێدەنێن و سەرپەرشتیار و خزمەتی پەرستگاکە دەکەن) و تەنها ئەوانە بۆیان هەیە بە بەردەوامی تێیدا بژین، کە خزمەتکاری پەرستگاکەن، ئەو پیاو و ژنانەی خۆشیان بۆ خزمەتکردنی پەرستگاکە تەرخان دەکەن، نابێت ژیانی هاوسەری پێك بهێنن.

## خەلافەتی ئیسلامی ( داعش)

### ١- دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)

**ناو:** دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کورتکراوە (د، ا، ع، ش)ە، ڕیشەی پێکهاتنی ئەم رێکخراوە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠٤)، لە سەرەتادا ئەم گرووپە خۆیان لە ژێر ناوی رێکخراوی (التوحید و الجهاد) بە سەرپەرشتی"ئەبو مصعب زرقاوی"بەیانکرد، دواتر و لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا پاش بەرفراوانبوونی چالاکیەکانیان و بەیعەتدانیان بە"ئوسامە بن لادن"و وەرگرتنی رەزامەندی لە لایەن قاعیدەوە، ناوی خۆیان گۆڕی بۆ رێکخراوی (القیادە الجهاد فی البلاد الرافیدین) و بە فەرمی بوونە باڵی قاعیدە لە ناو عێراقدا. لە ساڵی (٢٠٠٦)دا "ئەبو مصعب زرقاوی"لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا لە باکووری بەعقوبە کوژرا، هەر ئەو کات "ئەبو ئەیوب مصری"ناسراو بە "ئەبو حمزەی مهاجر" شوێنی گرتەوە. دواتر لە بەرواری (٢٠٠٦/١٠/١٥) دا ئەم رێکخراوە بڕیاری خۆ رێکخستنەوەیاندا لە چوارچێوەی فۆرمێکی نوێتردا خۆیان بە ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق) راگەیاند و"ئەبو عمر بغدادی"کرا بە ئەمیری رێکخراوەکە، لە بەرواری (٢٠١٠/٤/١٩) دا لە رێی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا و سوپای عێراق"ئەبو عمر بغدادی و ئەبو حمزەی مهاجر" پێکەوە لە بەغداد کوژران. دە ڕۆژ پاش کوژرانیان، ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی لە کۆبونەوەی نائاسایدا بڕیاریدا"ئەبو بەکر بەغدادی" دەستنیشان بکات، وەك ئەمیری نوێی رێکخراوەکە لە جێگەی"ئەبو عمر بەغدادی"، لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ٢٠١٣دا ناوەکەیان گۆڕی بۆ (دەوڵەتی

ئیسلامی لە عێراق و شام) و پاشان لە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی یان خەلافەتی ئیسلامی).

**ئالای دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام:** ئالایەکی ڕەشە و لە سەرەوە نووسراوە (لا اله الا الله) بە ڕەنگی سپی و لە ناوەڕاستیشیدا کۆپییەک لە شێوەی مۆری پێغەمبەر محمد (ص) لە سەرە، کە لە سەرەوە نووسراوە(الله) و لە ناوەڕاستی نووسراوە (رسول) و لە خوارەوەش نووسراوە (محمد) ئەمە بە هەمان شێوە بە ڕەنکی سپی نووسراوە.
**ساڵانی چالاکی:** ٢٠٠٤ تا ئێستا (٢٠١٦)
**ئایدۆلۆژیا:** سەلەفییەت، سەلەفی-جیهادی
**سەرکردەکانی:** لە ساڵی (٢٠٠٤) "ئەبو مصعب زرقاوی"، لە ساڵی (٢٠٠٦) "ئەبو حمزەی مهاجر" هەر لە هەمان ساڵ "ئەبو عمر بەغدادی" دواتریش ئەبو بەکر بەغدادی لە (٢٠١٠– تا ئێستا واتە ئەیلولی ٢٠١٤).
**ئاین:** ئیسلام
**زمانی سەرەکی:** عەرەبی
**دروشم:** (باقية و تتمدد/ راية واحدة امة واحدة)
**پێکهاتە:** چەندین ڕەگەز(ڕەچەلەک) لە خۆ دەگرێت لە سەرانسەری جیهان خەڵک تێیدا بەشدارە.
دەوڵەتی ئیسلامی کە پێشتر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (بە عەرەبی: الدولة الاسلامية فی العراق والشام) کورتکراوەی ناوی (داعش)، گرووپێکی بە ناو ئیسلامی ڕاپەڕیوی یاخی لە عێراق و سوریایە کە خۆیان بە خەلافەت و وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەزانن و چەندین ناوچەیان لە عێراق و سوریا داگیر کردووە و گروپێکی توندڕەوی رادیکاڵی ئیسلامی و جیهادییە و (تیرۆرستیە).
داعش لە سەر فیکری سەلەفی جیهادی بونیاد نراوە لە سەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و لۆژیکی تەکفیر کردن و پەنا بردنە بەر ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی دین و مەزهەب و جیاوازیە ئاینیەکان. تەنانەت داعش خۆی بە تاکە پێشرەوی ئیسلام دادەنێت لە جیهاندا. هەر بەم هۆیەش رایگەیاندووە هەر گرووپ و جڤاتێکی جیهادی ئیسلامی نەکەوێتە دوای بەجێهێنانی فەرمانەکانی خەلیفە، دەبێتە (کافر، ناپاك، خائین و هاوەڵی شەیتان) هەر بۆیە لەناوبردنیان ئەرکە و زەرورەتێکی حەلاڵە. چونکە ئەوانە هۆکارن بۆ هاتنە ئارای فیتنە و پشێوی لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

داعش تا ئەو ڕادە توند و تیژە کە لە گەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی تریشدا (وەک لقی ئەننەسرە) بە شەڕ هاتووە و لە (شوباتی ٢٠١٤)دا ئەیمەن ئەلزەواهیری، ڕێبەری ئەلقاعیدە بە فەرمی ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە...
دەستەی باڵای زانایانی ئەزهەر داوایان کرد، ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێکخراوی داعش بکرێتەوە و لە جیاتی ئەوە پێیان بگوترێت (ئەو دەوڵەتەی لە قاعیدە جیابوونەتەوە).
لە بەیاننامەیەکدا دەستەی باڵای زانایانی ئەزهەری شەریف لە میسر ڕایگەیاند "ئەوانەی خۆیان کردووەتە نوێنەری میللەتی ئیسلام و خاوەنی خەلافەتی ئیسلامی و بوختان بۆ ئەم و ئەو هەڵدەبەستن، هیچ مافێکیان بەسەر گەلانەوە نییە و گەلان ئازادن لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانیان".
هەر لە بەیاننامەکەدا دەستەی باڵای زانایانی ئەزهەر داوایان لە میدیاکان کردووە، ڕێکخراوی داعش بە دەوڵەتی ئیسلامی وەسف نەکەن، چونکە 'ئەوە بانگەشەیەکی پڕ لە درۆیە بۆ ئیسلام و موسڵمانان، بۆ ئەوەیە ڕەفتارەکانی داعش لەگەڵ دینی ئیسلام هاوتا بکرێت کە سەرجەمی ئەو ڕەفتارانە شازن و لە دەرەوەی حوکمە شەرعی و ئەخلاقییەکانن'.

## ٢- ئەبووبەکر بەغدادی

**ناوی تەواو**: ابراهیم عەواد ابراهیم علی سامەرایی، (ئیبراهیم ئەلبەدری)یە
**لە دایکبوون**: ١٩٧١
**شوێنی لە دایکبوون**: سامەرا - عێراق
**نازناوەکانی**: ئەبو بەکر بەغدادی (أبی بكر البغدادی)، ئەبو عەواد، الكرار، أبو دوعا.
**پلە**: سەرۆک (کەسی یەکەم)، خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)
**ئایین**: ئیسلام - سونە
**ڕەگەزنامە**: عێراقی
**باری خێزانداری**: خێزاندارە و دوو جار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی ناوی سەجا حەمیدل دلێمییە و ژنی دووەمیشی ناوی ئەسما فەوزی کەبیسییە و خوشکێکی ئەسماش هاوسەری جومعەی برای ئەبو بەکر بەغدادییە، ئەبو بەکر بەغدادی دوو برای هەیە، هەندێکیش لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە برای سێیەمی ناوی ئەحمەدە ئەوانی تریش شەمسی و جومعەیە.

چوار منداڵی هەیە بە ناوەکانی (حەزیفە -لە ساڵی ٢٠٠٠ لە دایکبووە-، تەیمیە – لە ساڵی ٢٠٠٢ لە دایکبووە، بوسنان و ناوی منداڵی چوارەمی دیار نییە).
**ئاستی خوێندەواری**: دەرچووی زانکۆی (سەدام) بۆ زانستە ئیسلامییەکانە لە شاری بەغدا و بڕوانامەی ماستەری لە شەریعەی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٢ وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٠٠٦یش هەوڵیداوە دکتۆرا بەدەستبهێنێت.
**پیشەی پێشووتری**: وتارخوێنی و پێشنوێژی لە مزگەوتێکی فەلوجە دەکرد. "جومعە"ی برای کردووەتە یاریدەدەر و دەستەڕاست و پاسەوانی کەسی خۆی، نزیکترین هاوڕێی ئەبو بەکر بەغدادی، شێخ نەعمان سەلمان مەنسوڕل زەیدییە و لە سەردەمی خوێندنی زانکۆوە هاوڕێی بووە. هەروەها نزیکترین ئەفسەریش عەقید سەمیرل خەلیفاوییە کە بە حەجی بەکر ناسراوە. نزیکترین پیاوی ئاییینیش لە بەغدادی ناوی عەبدولڕەحمان مستەفایە کە بە حەجی ئەیمان ئەبو عەلال عەفری ناسراوە کە ئێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای داعشە.

# بەشی یەکەم
# کوردانی ئێزیدی لە سەدەی بیست و یەکەمدا و ڕێکەوتنامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید

# کوردانی ئێزیدی لە سەدەی بیست و یەکەمدا و ڕێکەوتنامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید

## جینۆساید

بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لە لایەن پسپۆری یاسایی پۆلۆنی"ڕافایل لیمکین" (Raphael lemkin)، بەکار هێنراوە لە کۆنفرانسێکدا لە مەدرید لە ساڵی ١٩٣٣.

لە ساڵی ١٩٤٢ بە نووسین تۆماری کردووە، ئەم یاساناسە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بە دەستی نازیەکان قڕ کرابوون(١٠) لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەڵگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ناوی (پەیمانی پشتگیری و تەنبێکردنی تاوانی جینۆساید)

(Convention on the prevention and punishment of the crime of genocide)

ناسرا، ئەویش ڕێکەوتنامەیەکە بۆ قەدەغە کردن و سزادانی تاوانی جینۆساید بە پێی بڕیاری ژمارە(٢٧٦٠) لە (٩)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ دا لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەند کرا.

جینۆساید لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە:

١. وشەیەکی گریکییە (Genos) واتە: (ڕەگەز، بنەچە، ڕەچەڵەك، نەژاد...).

٢. وشەیەکی لاتینییە (caeder) واتە: (کوشتن، فەوتاندن، لە ناو بردن...).

بە لێکدانەوەی هەردوو وشەکە (فەوتاندنی بنەچە) (Genocide) پێکدێت بە مەبەستی لە ناو بردنی گرووپ یا کەمینەیەکی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاینی یە.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی جینۆسایدی کردووە:

(بە مەبەستی لە ناو بردنی هەموو یان بەشێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی یە و کاتێك ئەنجام دەدرێت لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی، ئاینی، نیشتیمانی، ڕەگەزی) یەوە.

بەو واتایە؛ دەکرێت ئەو دەستەواژەیە بە هەر کردار و تاوانێك بگوترێت کە لە سەر بنەمای نەتەوە، رەگەز و ئاین بەرامبەر بە گرووپێکی دیاری کراوی خەڵك ئەنجام دەدرێن بە نیازی کوشتن، زیان گەیاندنی جەستەیی و دەروونی، زیان گەیاندن بە باری گوزەران بە مەبەستی لە ناو بردن، سەپاندنی ئەو ڕێ و شوێنانەی دەبنە هۆی ڕێ گرتن لە دایك بوون و گواستنەوەی بە زۆر.

پرۆفیسۆری یاساناس"لیمکین" وا لێکدەداتەوە تاوانی جینۆساید پێکهاتووە لە کۆمەڵە کردارێك، کە ئامانجەکەی لە ناوبردنی ڕێسای بنچینەیی ژیانی کۆمەڵانی نیشتیمانین، بەو نییەتەی لە ناوبردنی ئەو کۆمەڵانە لە ڕێگەی تێکشکاندنی دامودەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و زمانەوانییەوە، تێکشکاندنی هەستی نیشتیمانی و ئاینی و لە ناوبردنی ئابوورییان، جینۆساید لە لای "لیمکین" تاوانێکە ئامانجەکەی لە نێوبردنی کۆمەڵێکی نیشتیمانییە، ئەو کردارانەی ئاڕاستە دەکرێن بۆ لە نێوبردنی ئەو تاکە نەك بە سیفەتی تاکایەتی، بەڵکو بە حوکمی ئەوەی ئەندامی ئەو کۆمەڵە مەبەستدارەیە کە شوێنگەی ڕوودانی جینۆسایدە.

جینۆساید بە واتای"لە ناو بردنی بە ئەنقەستی هەموو یان بەشێکی کەمایەتیەکەی ڕەگەزی، ئاینی، تایەفی، ئیتنێکی یان سیاسی لە لایەن حکومەتێکەوە یان دامودەزگا و داروودەستەکانیانەوە هەر تەنیا کوشتنی بە کۆمەڵ ناگرێتەوە، بەڵکو برسی کردن، بە زۆری ڕاگواستن و دەست بە سەرداگرتنی سیاسی و ئابووری و بایەلۆژیش دەگرێتەوە" لە ناو بردن و فەوتاندنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك ئەگەر بەشێکیشی بێت لە هەر جێگایەکی دونیاش بێ، ئەوا دەبێتە تاوان لە دژی سەرجەم مرۆڤایەتی. پێناسەی زۆری جینۆساید کراوە، ئەگەر چی لە ڕووی رووخسارەوە جیاوازن بەڵام لە مەبەستدا یەك ئامانجیان پێکاوە و لە ناوەڕۆکدا هەموویان لە دەوری یەك تەوەر دەخولێنەوە.

توێژەران و پسپۆرانی یاسا چەندین چەمکی دیکەیان بەکار هێناوە بۆ تێگەیشتنی کوشتنی بە کۆمەڵ وەك؛

ئیتنۆساید (Ethnocide) واتا کوشتنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی هەمان گرووپی ئیتنیکی. پۆلێتیساید (Politicide) واتا کوشتنی ئەندامانی گرووپێکی سیاسی. هەندێ جار چەمکی (پاککردنی ئیتنیکی)یش (Ethnic Cleasing) بەکار دەهێنرێت.

"هەلمی فاین" یەکێکە لە پسپۆرەکانی بواری توێژینەوەی جینۆساید، پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەتواندرێت لە جینۆساید تێبگەین وەك؛ کردەی توندوتیژی دەستە جەمعی، ئامانجەکەی قەلاچۆ کردنی گرووپێکی تایبەتی (ڕەگەزی، ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئاینی... هتد)یە کە تاوانکاران دەستنیشان دەکات، قەلاچۆ کردن لە ئاکامی پلانێك یاخۆد بە ڕێگەیەکی بیروکراسی ڕوو دەدات کە پێکدێت لە دەستنیشان کردنی گرووپی قوربانییەکان و پێشێلکردنی مافی ئەم گرووپە و هەلاواردن و دوور خستنەوە و دوا جاریش قەلاچۆ کردنی.

بە شێوەیەكی گشتی مەبەست لە جینۆساید سەرەڕای كوشتن و لە ناو بردنی كۆمەڵە مرۆڤێك بە ڕێگە و شێوازی جیاجیا، بە یەكێك لە تاوانە مەترسیدارەكان دادەنرێت كە ئاسایش و تەناهی و تەندروستی و ژێرخانی ئابووری و بۆنیادی كۆمەڵگا دەخاتە مەترسیەوە، چونكە دەبێتە هۆی لە ناو بردن و چەوسانەوەی بونەوەرە ئادەمیزادییەكان بە شێوەیەكی فراوان یان بە ڕێژەیەكی كەم بە هۆی پێكهاتە و سروشتی نیشتیمانی یان ڕەگەزی یان بنەچە یان ئاینیەكانیانەوە.
جینۆساید تاوانێكی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەك هەر وڵاتانی تاوانكار بەڵكو ئەو كەسانەش كە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانباردەكرێن، لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی دەكەوێتە ئەستۆیان. وەك لە بەندی (٣)ی پەیمانی ١٩٤٨دا هاتووە و تایبەتە بە قەدەغە كردنی تاوانی جینۆساید، عێراقیش لە (٢٠)ی كانوونی دووەمی ١٩٥٩ ئەم پەیماننامەی پەسەند كردووە.

## جۆرەكانی جینۆساید

### ١- جینۆسایدی فیزیكی - جەستەیی:

كوشتن بە هەر جۆرێك بێت، لە سێدارەدان، گوڵلەباران كردن، هێرشی سەربازی، بە كۆمەڵ كوشتن، بەكارهێنانی چەكی قڕ كردن وەكو؛ كیمیاوی و فۆسفۆری و ژەهر... هتد
پشت بەستن بە ماددەی (٢) بڕگەی (١) و ماددەی (٣) بڕگەی (١)، سەدان كوردی ئێزیدی بە تایبەت ڕەگەزی نێر بە شێوازی جۆرا و جۆر كوژران بۆ نموونە ٤١٣ پیاو و میر منداڵی ئێزیدی گوندی كۆچۆ گوڵلە باران كران و دەیان كوردی ئێزیدی بە بەر چاوی كەس و كاریان ڕەمی كران و چەندین كەسی تر بە شێوەیەكی زۆر دڕندانە سەریان بڕیوون و لاشەیان پەرت پەركراوە و شێوێندراوە، دەیان جۆری شێوازی كوشتنی جەستەیی بە سەر كوردە ئێزیدیەكان لە لایەن چەكدارانی داعشەوە جێبەجێ كراوە.
بە پێی ماددەی (١) و هەروەها ماددەی (٢) بڕگەی (٢)، ڕێكەوتننامەی بەربەند كردنی جینۆساید، دەكرێ جینۆساید بە شێوازێكی ناڕاستەوخۆ بە سەپاندنی ئازارێكی زۆری جەستەیی كەوا بەرگەی ئەو ئازارە نەگرێت و بە شێوازێكی ناڕاستەوخۆ هێمنانە بمرن، چەندین جۆری ئەم شێوازە كوشتنە بە سەر كوردانی ئێزیدی ئەنجام دراوە، بۆ نموونە ڕفاندنی كچان و دەستدرێژی كردنە سەریان، كە تەنیا كچێك لە یەك كاتژمێردا زیاتر لە ٥ جار دەستدرێژی

سێکسیان دەکرایە سەر لە لایەن چەکدارانی تیرۆرستی داعشەوە، دواتر دەیان ناردنەوە بو لای کەس و کاریان، بەم هۆکارە چەندین کچی ئێزیدی لە ژێر ئەم ئەشکەنجە خۆیان لە شاخەکان فڕێداوەتە خوارەوە یان خۆیان کوشتووە. هەروەها گوڵلەبارانکردنی تەواوی ئەندامانی خێزان و رزگاربوونی کەسێك یان دووان ئەمەش کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی لە سەر دەروونی کەسە رزگاربووەکە هەیە، کوشتنی دایك و هێشتنەوەی منداڵی ساوا، ونبوونی منداڵی ساوا لە دایك و باوکیان و لە دەستدانی گیانیان بە هۆی برسیەتیەوە. بە پێچەوانەشەوە.

## ٢- جینۆسایدی بایەلۆژی:

بەربەند کردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك لە پێشکەوتن و زیاد بوون، وەکو بەربەند کردنی منداڵ بوون و زیاد کردن، لە یەك دابڕانی پیاو و ئافرەت، دابەش کردن و لێك جودا کردنی ئەندامانی خێزان، یاخۆد نەزوك کردن و خەساندنی پیاوان و لە بار بردنی ئافرەت و تێکدانی ڕێژەی ئاسایی زیاد بوونی مرۆڤ، هیشتنەوەی ڕەگەزێك بە تەنیا. پشت بەستن بە مادەی (٢) بڕگەی (د).
بە هەزاران ئافرەتی ئێزیدی لە هاوسەرەکانیان جودا کران و ئافرەتەکان بەرەو شوێنی نادیار بران و لە هاوسەر و منداڵەکانیان دوور خراونەتەوە، وەك بوکەڵە یاری بە هەست و سۆز و جوانی و ئابرووی کچانی ئێزیدی دەکرا، بە سەدان پیاو لە ڕەگەزی نێر زیندە بەچاڵ کراون و خراونەتە گۆڕی بە کۆمەڵەوە و ئافرەتەکان بە جێ ماون، هەمان نموونەی جینۆسایدی بایەلۆژی بە سەر بارزانیەکان ئەنجام دراوە کە پیاوەکانیان کۆمەڵکوژ کران و ئافرەت و منداڵەکان بە تەنیا لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە ژێر کۆنتڕۆڵی سەربازیدا بە جێ مان.

## ٣- جینۆسایدی کولتووری:

قەدەغەکردنی زمان و شێواندن و تێکدانی مێژوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، رۆشنبیری، کولتووری نەتەوەیی، هەستی یەکگرتوو، ئاین و شارستانییەتی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراو، وێران کردنی شوێنە دێرینەکان، شێواندنی ئەدەب، هونەر، ترادیسون، کەلەپوور، ڕاگواستن و ڕاپێچکردنی منداڵان بۆ کۆمەڵگایەکی جیاواز و نامۆ، بۆ خاك و کەش و هەوایەکی جیاواز لە ڕووی زمان و مێژوو خۆنەریت و ئەتمۆسفیر و ئارکیۆلۆجیا ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەك زمانی زگماکی خۆیان کە ناسنامەی نەتەوەییانە لە

هزریاندا بسرێتەوە و مێشکیان بۆ کولتوور و رۆشنبیری و مێژووی کۆمەڵگە نوێیەکە زاخاو بدرێت و لە سەر ئەو بنەمایە نەشوما بکەن و بە ڕەوشت و ئۆل و بیر و باوەڕ و لایەنی سۆسیۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە ڕابهێنرێن. ماددەی (٢) بڕگەی (٥) بە نموونە.
بە سەدان منداڵی ئێزیدی بە زۆر ڕاگوێزران بۆ زیندانەکانی داعش و بە سەدان منداڵ لە سۆزی دایك و باوکیان بێ بەش کران، چەندین منداڵیش ئاوارە و دەربەدەر بوون.
هەروەها دەیان شوێنی پیرۆزی ئێزیدیەکان سوتێنران و تەقێندرانەوە و خاپوور کران بۆ نموونە؛ لە گوندی جیدالی لە باشووری شنگال چەکدارانی داعش ١٥ هاوڵاتی سەروی تەمەن ٦٠ ساڵ بە شێوەیەکی "دڕندانە"، لە مەزاری شێخ مەند کە بۆ ئێزیدیەکان شوێنێکی پیرۆزە، لەوێ چەکدارانی داعش مینیان پێوە بەستوون ومەزارەکەشیان مینرێژ کردووە، پیاو و مەزارەکانیان تەقاندووەتەوە. چەند مەزاری تریان تەقاندووەتەوە هەروەها بە مەبەستی جیاوازی بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و ئاینی و تائیفیەوە هەموو ئێزیدیەکان دووچاری ئەم جینۆسایدە بوون، یان ئەبێ موسڵمان بن و بیر و باوەڕ و ئاینیان بگۆڕن یان دەکوژرێن.

**٤ـ جینۆسایدی ئابووری:**
وێران کردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان، تاڵان کردنی ماڵ و سامانی خەڵك، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە مەبەستی برسی کردنی خەڵك ئەمە دەکرێ پێی بوترێت (وێران کردنی ئابووری)
سەدان هەزار کوردی ئێزیدی لە چیای شنگال گەمارۆ درابوون هیچ خواردن و خۆراك و شتومەکێکیان دەست نەدەکەوت، بەم هۆیەشەوە سەدان کەس بە تایبەت منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوو بە هۆی برسیەتی و تینوویەتی گیانیان لە دەستدا.
سەدان گوندی ئێزیدی چۆڵ کران و خەڵکەکەی ئاوارە بوون مەڕ و ماڵات و هەرچی هەیان بوو لە نێو چوون بە هۆی چاودێری نەکردن و نەبوونی خواردن و خۆراك، چەندین زەوی کشتوکاڵی و رەز و باغ و بێستان سووتێنرا و بێ خاوەن مان.

هەرسێ ماددەی (١) و (٢) و (٣) ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێ و سزادانی تاوانی جینۆساید، بە بڕگەکانیەوە، هەروەها مادەکانی تریش بە سەر کوردانی

ئێزیدی و خەڵکی شنگال و دەور و بەری زۆر بە زەقی ئەنجام دراون، هەر سێ مادده و بەندی سەرەوەش بریتین لە:

**بەندی یەکەم:**

بە پێی بەندی یەکەم لە ڕێکەوتننامەی قەدەغە کردنی تاوانی جینۆساید و سزادان لە سەر ئەنجامدەرانی، ئەم پەیماننامەیە لە کاتی ئاشتی و لە کاتی شەڕیشدا لە ئارادایە، ئەنجامی تاوانەکە هەمەلایەنەیە و هەر کوشتنی ڕاستەوخۆ ناگرێتەوە.

**بەندی دووەم:**

(جینۆساید هەموو ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی لە ناو بردنی تەواوی یان بەشێك لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی ، ڕەگەزی، ئایینی ئەنجام دەدرێت) ئەم کارانەی خوارەوە بە پێی هەمان بەندی دووەم بە جینۆساید دیاری دەکرێن:

١. کوشتنی ئەندامانی ئەو گرووپە.

٢. زیان گەیاندن بە ئەندامانی گرووپەکە لە لایەنی جەستەیی.

٣. بە ئەنقەست دانانی ئەندامانی ئەو گرووپە لە ژێر باروودۆخێکی نەگونجاو، کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی گرووپەکە.

٤. تەکەرە خستنەبەر منداڵ بوون و ڕێگە گرتن لە زاوزێ.

٥. گواستنەوەی منداڵانی گرووپەکە بۆ گرووپێکی تر بە هێز و زۆرداری.

**بەندی سێیەم:**

بە پێی بەندی سێیەمی ڕێکەوتنامەی سزادان و بەربەند کردنی جینۆساید هەریەك لەم کارانەی خوارەوە دەچنە خانەی بەرپرسیارێتیەوە و سزای لە سەرە:

١. جینۆساید.

٢. پیلان گێران بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٣. هاندانی ڕاستەوخۆ ئاشکرا بە مەبەستی جینۆساید.

٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥. بەشداری کردن لە جینۆساید.

ئەگەر بە وردی سەرنجی جۆرەکانی جینۆساید بدەین، بەراوردی بکەین لە گەڵ ئەو تاوانانەی بە سەر ئێزیدیەکاندا هاتوون لە لایەن (دەوڵەتی ئیسلامی لە

عێراق و شام - داعش)، ئەم چوار جۆرەی جینۆساید بە زەقی دیارن و هەموو بەند و بڕگەکانی جینۆسایدی تیایە و بگرە زیاتریش ئەوەی لەم پەیماننامەیەدا نیە و بە سەر کوردانی ئێزیدیدا هاتووە، رفاندنی کچان و ئافرەتانە و دەستدرێژی کردنە سەریان و کڕین و فرۆشتنیان لە بازاری تایبەتدا لە پێش چاوی کەس و کاریان، ئەمە تاوانێکە و لەم پەیماننامەیە و ئەوانی تریشدا باس نەکراوە بگرە بیریشی لێ نەکراوەتەوە، چونکە تاوانێکی ئەوەندە قیزەوەنە و ئەوەی زەڕەیەك ویژدانی مرۆڤایەتی هەبێت ئەم کردارە لە گەڵ ئافرەتان ئەنجام نادات، بۆیە پێویستە کار بکرێت بە زیاد کردنی بەندێکی تری یاسایی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار. چونکە تاوانێکە و مەترسیدارترینیانە و کاریگەری لە سەر تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ژیان ویژدان و بیر و باوەڕەوە هەیە.

---

بۆ ئەم بەشە سوودم زانیاری و سەرچاوەکانی پێشووترم وەرگرتووە.

# بەشی دووەم
# پانۆرامای جینۆسایدی(فەرمان)ی کوردانی ئێزیدی بە درێژایی مێژوو

# پانۆرامای جینۆسایدی(فەرمان)ی کوردانی ئێزیدی بە درێژایی مێژوو

پانۆرامای فەرمان و هێرش وشالاو و کۆمەڵکوژی و راگواستن و کۆچپێکردن و جینۆساید و چەندین تاوانی تری دژ بە مرۆڤایەتی لە ماوە و کاتی جیاوازدا ئەوانەی بە سەر کوردانی ئێزیدی دا هاتوون، بە هۆی بیروباوەڕی ئاینی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە، وشەی فەرمان لە لای کوردانی ئێزیدی هەمان دەستەواژەی (جینۆساید)ە.

## هێرشەکانی سەدەی سیانزدەهەم (١٢٠٠ز-١٣٠٠ز)و پێشووتریش...

| ساڵ | جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە |
|---|---|
| ٦٤٠ ز | هێرشی یەمەنیەکان بەسەرکردایەتی حەسەن حەزیق و قاسمی کوڕی عباسی یەمەنی( ئەبو مطلب) |
| ٦٤٠ ز | عەبدوللا عومەر و ئەبو عوبەیدەی ئەنصاری |
| ٧٠٥ز | دوای ئەوەی والید کوڕی عبدالملك ، سەرکردایەتی سوپای رادەستی براکەی بە ناوی (مسلمە )کرد و مێرنشینی (جارجیەی) ئێزیدیەکان |
| ٧٢٦ ز | هێرشی خەزەر |
| ٧٦٣ ز | هێرشی خالد برمکی والی موسڵ |
| ٨٣٨ز | هێرشی معتصم |
| ٨٢٩ز | هێزی سەربازی قرجقای خان و کوشتنی چەندین منداڵ و ئافرەت و ئەشکەنجەدانی جەستەیی. |
| ٨٤١ ز | هێرشی (ئیتاخ) |
| ٨٧١ز | هێرشی وصیف سەرکردە لە دەوڵەتی عباسی |
| ٩٠٦ز | هێرشی مکتفی خەلیفەی عەباسی |
| ٩٠٨ز | هێرشی حەسەنی کوڕی ئەحمەد لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی مقتدر باللە |
| ٩٠٨ز | هێرشی سەرکردەی عەباسی حر کوڕی موسی |
| ١٠٢٩ز | هێرشی ئۆغوز( لە خانەوادەی سەلجوقی ) |
| ٩٧٩ز | هێرشی هێزی دەوڵەتی عەباسی |

| | |
|---|---|
| ١٠٤٠ز | هێرشێکی تر غز (ئۆغوز) ی سەلجوقی |
| ١٠٥٦ز | هێرشی طغرل بەگ |
| ١٠٨٦ز | ڕاگواستنی هەزاران کوردی ئێزیدی لە عەشیرەتی دوملیه بۆ تەبرێز |
| ١١٣٣ز | هێرشی عماد الدین زەنکی |
| ١٠٨٥ز | هێرشی پیر بەدر موسی |
| ١١١٩ز | هێرشی سوڵتان سنجر سەلجوقی |
| ١١٥٨ز | هێرشی طاهر دۆستکی |
| ١٢٠٥ ز | چەندین ڕووداو و هێرشی جۆراو جۆر دژ بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدران |
| ١٢١٨ز | هێرشی (ئەتابکە)ی موسڵ |
| ١٢١٥ز | هێرشی تاج الدین دز |
| ١٢٢٥ز | هێرشی قوباد سەلجوقی بۆ سەر شێخان. |
| ١٢٣٠ز | هێرشی مەغۆلەکان |
| ١٢٣٣ز | هێرشی سولتانی حسن سیف الدین، میری ئامێدی. |
| ١٢٣٥ز،بەدواوە | هێرش دژی میرنشینە ئێزیدیەکان لە کلس و ماراش وحما وملتایا. |
| ١٢٣٧ز | هێرشی بدر الدین لولو بۆ سەر شنگال |
| ١٢٤٦ز | هێرشێکی تری بدر الدین لولو |
| ١٢٥٤ز | هەڵدانەوە وسوتاندنی مەرقەدی شێخ عادێ و پەرستگەی لالش لە لایەن بدرالدین لولو فەرمانڕەوای موسڵ و لە داردانی سەدان کەس و کوشتن و سەربڕینی سەدانی تر و بەدیل گرتنی هەزاران کوردی تری ئێزیدی. |
| ١٢٥٩ز | هێرشی تەتار (هۆلاکۆ) |
| ١٢٦١ز | هێرشی هێزی شام بە سەرکردایەتی شمس الدین برلی |
| ١٢٧٠ ز | هێرشی سلیمان ناصر مەروانی (دیاربکر) |
| ١٢٨٦ز | هێرشی (الجلائریین) لە سەردەمی ئارغون خان مەغولی، کوشتن و لە ناوبردنی چەندین منداڵ و ئافرەت و هاوڵاتی ئێزیدی |
| ١٢٨٩ز | هێرشی ئارغون بۆ سەر ئێزیدیەکان و مەسیحیەکان کوشتنی سەدان هاوڵاتی لە شنگال و پێشخابوور |

## هێرشەکانی سەدەی چواردەم (١٣٠٠ز- ١٤٠٠ز)

| ساڵ | جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە |
|---|---|
| ١٣٦٨ز | هێرش و کوشت و بڕی تەیمورلەنك |
| ١٣٩٤ز | هێرشی تەیمور خان |

## هێرشەکانی سەدەی پازدەم (١٤٠٠ز -١٥٠٠ز)

| ساڵ | جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە |
|---|---|
| ١٤٠٠ز | هێرشی جلال الدین ئەمیر میران شاە کوڕی تەیمورلەنک |
| ١٤٠٩ز | سوتاندنی پەرستگەی لالش (شێخ عادێ) |
| ١٤١٤ز | هێرشی جلال الدین یوسف حلوانی |
| ١٤١٥ز | تێکدانی مەرقەدی شێخ هادی، پەرستگەی لالش و کوشتنی چەندین هاوڵاتی ئێزیدی. |
| ١٤٤٨ز | هێرشی(الجراکسة )ی مسرییەکان دژی میرنشینی کلیسی ئێزیدی بە سەرکردایەتی ظاهر قانصو و چەند عەشیرەتێکی کوردی و کوشتنی میری ئێزیدیەکان (حبیب). |
| ١٤٥١ز | هێرشی کۆچپێکردنی ئێزیدیەکان بۆ ناوچەی گەرمیان |
| ١٤٦٤ز | هێرشی ئاوزون حسن قرە بولوك کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئێزیدی و قڕکردنی گوندێک بە تەواوی. |

## هێرشەکانی سەدەی شازدەم (١٥٠٠ ز- ١٦٠٠ز)

| ساڵ | جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە |
|---|---|
| ١٥٠٠ز | هێرشی ئیبراهیم خان والی ئازەربایجان، لە ناوبردنی زیاتر لە ١٥٠٠ ئێزیدی و چۆڵکردنی چەندین گوندی ئێزیدی نشین. |
| ١٥٠٠ز | هێرشی میر ئەردەلان دژ بە هێزەکانی حسێن بەگی داسنی. |
| ١٥٠٧ز | هێرشی ئیسماعیلی سەفەوی. |
| ١٥٠٨ز | بریاك بیك مەغولی و خاپورکردنی چەندین گوند و |

| | |
|---|---|
| | ناوچە و هاوڵاتی |
| ١٥١٦ز | هێرشی قزلباش (سەفەویەکان) |
| ١٥١٦ز- ١٥١٧ز | هێرشی عوسمانیەکان بۆ سەر میرنشینی کلس. |
| ١٥٣٤ز | هێرشی حسن کوڕی سیف الدین میری ئامێدی |
| ١٥٧٠ز | هێرشی سولتانی عوسمانی سلیمان خانی قانونی |
| ١٥٨٥ز | هێرشی (علی سیدو بەگ) میری بۆتان |
| ١٥٨٧ز | هێرشێکی تر بۆ سەر شنگال |
| ١٥٨٧ ز | بە زۆر بەشداریکردنی خەڵکی شنگاڵ بۆ سەر سەفەوییەکان. |
| ١٥٩٣ز | هێرشی تیرەی (شاهین وشریك)، بۆ سەر شنگال |

## هێرشەکانی سەدەی حەڤدەم(١٦٠٠ ز – ١٧٠٠ ز)

| **ساڵ** | **جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە** |
|---|---|
| ١٦٠٧ز | هێرشی موراد پاشا |
| ١٦٠٧ز | هێرشی نضوح پاشا سەرکردەی عوسمانی و کوشتن و سەربڕینی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک |
| ١٦٢٤ز | هێرشی قارجی قای خان کوشتن و لە ناوبردن و رفاندنی هەزاران کەس |
| ١٦٣٦ز | هێرشی ئەحمەد خانی سەفەوی |
| ١٦٣٨ز | هێرشی ئەحمد پاشا والی دیار بەکر ، پەلاماردانی شنگال و کوشتنی زیاتر لە ١٣٠٠٠ و بەدیلگرتنی نزیکەی ١٢٠٠ کەس |
| ١٦٤٠ز | هێرشی مەلیك ئەحمەد پاشا بۆ سەر شنگال و گەمارۆدانی چیای شنگال و کوشتنی نزیکەی دە هەزار کەس و بەدیلگرتنی چەندین کەسی تر |
| ١٦٥٠ ز | جوداکردن و لە سێدارەدانی میرزا بەگی داسنی |
| ١٦٥٠ز -١٦٥١ز | هێرشی مەلیك ئەحمەد پاشا (الصدر الأعظم) |
| ١٦٥٠ز | هێرشی والی (وان) شەمس پاشا |
| ١٦٥٠ بەدواوە | هێرشی شەمس پاشا دژی عەشیرەتەکانی (سیبکا وحەیدری) ئێزیدی و چەند عەشیرەتێکی تر بەردەوام |

| | |
|---|---|
| | بوون. |
| ١٠٦٥ز-١٦٥٥ز | هێرشەکانی والی دیار بەکر مصطفی پاشا |
| ١٦٦٦ز | هێرشی دووەمی مصطفی پاشا |
| ١٦٦٧ ز | هێرشی سێیەمی مصطفی پاشا. |
| ١٦٩٩ز | هێرشی ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد فادلونی. |
| ١٦٧٤ز | هێرشی کابلان پاشا |
| ١٦٠٠ز- ١٧٠٠ز | چەندین هێرشی یەک لە دوای یەک بۆ سەر ئێزیدیەکان لە میرنشینەکانی شام و کلس و طرابلس و حلب و ناوچەکانی تر و هەزاران کوردی ئێزیدی دوو چاری کوشتن و شوێن بزرکردن و بەدیلگرتن و راگواستن و ماڵ وێرانکردن بوونەتەوە... |

## هێرشەکانی سەدەی هەشدەم (١٧٠١ز- ١٨٠٠ز)

| **ساڵ** | **جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە** |
|---|---|
| ١٧٠٠ ز | هێرشی عمر پاشا و کوشتن و رفاندن و راگواستنی هەزاران کەس |
| ١٧١٥ ز | هێرشی والی بەغدا حسن پاشا |
| ١٧١٨ز | هێرشی دووەمی والی بەغدا حسن پاشا |
| ١٧٢٣ز | هێرشی حسین پاشای جلیلی والی موسڵ |
| ١٧٢٩ز | هێرشەکانی ئەحمەد پاشا والی بەغدا |
| ١٧٣٥ز | شۆرشەکان دژ بە دەسەڵاتی سەفەوی |
| ١٧٤٠ز | هێرشی حسین پاشای میرنشینی جلیلی |
| ١٧٤١ز | جەنگی (خوی) لە نێوان ئێزیدی وقزلباشی |
| ١٧٤٣ز | نادر شا ئەفشاری (تەهماسپ قولی خان) هێرشی کردە سەر ناوچەی شێخان و هەموو ئاواییەکانی ئێزیدیانی لە سەر زێی گەورە لە بەعشیقە و چیای شێخ عادی روخاند و میری ئێزیدیانی بەدیل گرت. |
| ١٧٤٢ز | هێرشی علی تقی خان موکری |
| ١٧٥٢ز | هێرشی والی بەغدا سلیمان پاشا ئەبو لیلی، بە سوپایەك و بە پاڵپشتی هەندێک لە میرە کوردەکان و هۆزە عەرەبەکان بۆ سەر چیای شنگال و دەستیان گرت بە |

| | |
|---|---|
| | سەر دێهاتی ئەو ناوچەیە و کوشتنی زیاتر لە هەزار کوردی ئێزیدی. |
| ١٧٦١ز | هێرشی مصطفی پاشا |
| ١٧٦٢ز | هێرشی مەلیك هرقلی یازدەم |
| ١٧٦٧ز | هێرشی والی موسڵ ئەمین پاشا |
| ١٧٧٠ز | هەڵمەتی کۆچپێکردنی عەشیرەتی (سیبکا) لە ناوچەی (سرحد) بۆ ئەرمینیا. |
| ١٧٧٠ز | دەستگرتن بە سەر میری شێخان بداغ بیک |
| ١٧٧٤ز | هێرشی دووەمی ئەمین پاشا |
| ١٧٧٩ز | هێرشی برای ئەمین پاشای والی موسڵ دژی شنگال |
| ١٧٧٣ ز- ١٧٧٩ز | هێرشی والی موسڵ سلیمان پاشا جلیلی |
| ١٧٧٩ز | هێرشی دووەمی والی موسڵ سلیمان پاشا جلیلی |
| ١٧٧٩ز | هێرشی عبدالباقی جلیلی. |
| ١٧٨٦ز | هێرشێکی تری والی موسڵ عبدالباقي پاشا جلیلی |
| ١٧٨٦ز | هێرشی علی خان بەگ برای ئیسماعیل پاشا |
| ١٧٩٠ز | هێرشی سولتان ئەحمەد و شەهید بوونی دەرویش عقدی (دەرویش ئاغا). |
| ١٧٩٠ز | هێرشی ئەمیر طی محمد کوڕی حسن |
| ١٧٩١ز | هێرشی والی بەغدا سلیمان پاشای گەورە ئەوەندە دڵرەقانە بوو تەنانەت یەک ئێزیدی لەو دیوی چیا نەهێشت. |
| ١٧٩١ز | کوشتنی جولو بەگ |
| ١٧٩٢ز | هێرشی محمد پاشا جلیلی بۆ سەر خەڵکی شنگال. |
| ١٧٩٣ز | هێرشی دووەمی والی موسڵ محمد پاشا جلیلی |
| ١٧٩٣ز | هێرشی امیر طي فارس کوڕی محمد بۆ سەر خەڵکی شنگال. |
| ١٧٩٤ز | هێرشی دووەمی والی بەغدا سلیمان پاشای گەورە. |
| ١٧٩٤ ز | هێرشی علی دنادی و خەڵکی شنگال |
| ١٧٩٥ز | هێرشی سێیەمی والی بەغدا سلیمان پاشای گەورە. |
| ١٧٩٨ز | هێرشی یەکێک لە یارمەتیدەری دادوەری بەغدا عبدالعزیز شاوی. |

## هێرشەکانی سەدەی نوزدەهەم (١٨٠١ ز- ١٩٠٠ ز)

| ساڵ | جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە |
|---|---|
| ١٨٠٠ز | هێرشی قوباد بەگ و کوشتنی ئێزیدی لە شێخان |
| ١٨٠٠ز | هێرشی والی محمد پاشا جلیلی. |
| ١٨٠٠ز | کوشتنی میری ئێزیدیەکان حەسەن بەگ. |
| ١٨٠٠ز | کۆچرەوی ئێزیدیەکان لە رودوفان |
| ١٨٠٠ز | هێرشی تەیمور پاشای مللی بۆ سەر شنگال. |
| ١٨٠٢ز | والی بەغدا علی پاشا، هێرشی کردە سەر شنگال و ژمارەیەکی لە رادەبەدەری لێکوشتن. |
| ١٨٠٢ز | هێرشی عەشیرەتی الالکوشی بۆ سەر گوندی کابارە. |
| ١٨٠٣ز | هێرشی پیر رجب زێباری |
| ١٨٠٤ز | هێرشی وەزیر علی پاشا |
| ١٨٠٥ز | هێرشی قوباد بەگ |
| ١٨٠٧ز | هێرشی والی موسڵ نعمان پاشا. |
| ١٨٠٨ز | هێرشێکی تری والی موسڵ نعمان پاشا |
| ١٨٠٩ز | هێرشی سلێمان قەتیل بۆ سەر شاری بەلەد و شنگال. |
| ١٨٠٩ ز | هێرشی والی بەغدا سلیمان پاشای بچوک |
| ١٨١١ز | هێرشی بازرکان بۆ سەر چیای شنگال. |
| ١٨١٩ز | هێرشی احمد پاشا جلیلی |
| ١٨٢٥ز | هێرشی بالول بۆ سەر هۆزی حسنیەی(هسنیة) ئێزیدی. |
| ١٨٢٥ز | کۆچی هویریەکان وحسنییەکان بۆ قامشلو |
| ١٨٢٧ز | هێرشی مرتضی پاشا والی (وان) بۆ سەر قەڵای هوشابی و کوشتنی ٤٠٠٠ ئێزیدی. |
| ١٨٢٨ز | هێرش بۆ سەر هۆزی محمودیەکان |
| ١٨٢٨ز-١٨٢٩ز | کۆچپێکردنی ئێزیدیەکان لە مێردین و سێرت |
| ١٨٣٠ ز | هێرشی عوسمانیەکان بۆ سەر گوندی شامیران لە عەنتاب |
| ١٨٣٠ز | هێرشی عوسمانیەکان بۆ سەر ناوچەی دلانا |
| ١٨٣١ ز | هێرشی داود پاشا |
| ١٨٣٢ز | هێرشی میری سۆران محمد پاشای رەواندزی( پاشای |

| | |
|---|---|
| | کـوێرە).بە یەکگرتنـی خـێلە کوردیەکـانی دەوروبەری دڵرەقتـرین و خوێنـاویترین ڕەشـەکوژییان ئەنجامـدا لە سـەر شـنگال و شـێخان و میـری ئێزیـدیان عەلـی بەگ کوژرا، بەمەش تاوانی (شەیتان پەرستیان) خرایە پاڵ و بەم دەسـتەواژەیەی ئێمپراتـۆریەتی عوسـمانی: (کە کوشتنی هەر ئێزیدیەک هەقی بە بەهەشت شادبوون بە موسـڵمانان دەبەخشـێ چـونکە لە دیـدی ئەوان و دەوڵەتدا، ئێزیدی ئاینێکی بێ کتێب بوو، لەو دیو ئـاینی ئیسـلامەوە بـووە). هانـدانی مەلا کوردەکـان بەم دەسـتەواژەیە وەک ئەرکێکـی ئـاینی، ئێزیـدیەکانی شێخان بەرەو موسڵ هەڵاتن، بەڵام کاتەکە بەهار بوو، ئاوی رووباریش زیادی کردبوو و پردەکەش ژێر ئـاو کەوتبوو، خەڵکێکی کەم توانیان خۆیان رزگار بکەن و ئەوانـی تـر کەوتـنە دەست هێزەکـانی میـری سـوران (رەواندوز) و قەسابخانەیەکی ڕەشەکوژی بێ وێنەیان ئەنجامـدا، سـەرەنجام چەنـدین هەزار کـوردی ئێزیـدی کـوژران و ١٠٠٠٠ کەسـیش بەدیـل گیـران کە ژمارەیەکی زۆریـان منداڵ و ئـافرەت بوون، زۆربەی هەرەزۆری پەرسـتگاو زیارەتگـا و مەرقەد و گـۆڕی ئێزیدەکان سوتان و خاپۆر کران |
| ١٨٣٢ز | هێرشـی بـدرخان بەگ بـۆ سـەر ئێزیـدیەکانی شـێخان و شنگال. |
| ١٨٣٣ | هێرشی یحیی پاشا جلیلی بۆ سەر شنگال. |
| ١٨٣٤ز | هێرشی رشید پاشا بۆ سـەر کـوردی ئێزیـدی لە جزیـرە بۆتان |
| ١٨٣٧ز | هێرشـی رشـید پاشـا و حـافز پاشـا(محمد پاشـا) بـۆ سـەر شنگال و تاڵان کـردن و لە نـاوبردن و سـوتاندنی (٣٤) گوند. |
| ١٨٣٧ز | رەشید پاشا لە گەڵ کۆمەڵێک کورد هێرشی کردە سـەر ئێزیـدیەکان و هێندەی لـێ سـەربڕین کە خوێن لە سـەر ڕێگا و بان و ئاواییەکان دەرژا. |
| ١٨٣٨ز | هێرشەکانی دژ شێخ میرزا ئەقونسی خالتی (خالدی) |

| | |
|---|---|
| ١٨٣٩ز | هێرشێکی تری رشید پاشا بۆ سەر جزیرەی (بۆتان). |
| ١٨٤٠ز | هێرشی میر بدرخانی بۆ سەر گوندی (مزیزاخ). |
| ١٨٤٠ ز | هێرشی والی موسڵ عمر پاشا. |
| ١٨٤٤ز | هێرشی بدرخان بەگ لە (طور العابدین) |
| ١٨٤٤ ز | هێرشی شریف پاشا بۆ سەر شنگال |
| ١٨٤٤ز | هێرشێکی تری حافز پاشا(محمد پاشا) بۆ سەر ئێزیدیەکان. |
| ١٨٤٥ز | کاتێک لە ئەنجام ئەم زەبر و رەنگە پەنایان بۆ ئەشکەوت و چیاکە دەبرد ئاگر لە پوش و پەلاشی چیا و دەرگای بەدەرگای ئەشکەوت بەردەدا و چیای شنگالیان تۆپباران دەکرد کە خەڵکەکە خۆیان تێیدا حەشار دابوو. ئەمە لە زۆربەی هێرشەکان ئەنجام دەدرا. |
| ١٨٤٥ز | هێرشی والی موسڵ محمد پاشا کریدی |
| ١٨٤٥ز | هێرشی محمد شریف پاشا بۆ سەر شنگال . |
| ١٨٤٥ | دروستکردنی مزگەوتێک لە لایەن میری بۆتان بەدرخان بەگ لە گوندی (بانجنیان)ی ئێزیدیەکان. |
| ١٨٤٦ز | هێرشی عوسمانیەکان بۆ سەر ئاشووری و ئێزیدیەکان |
| ١٨٤٦ز | هێرشی تەیار پاشا |
| ١٨٤٦ز | هێرشی محمود ئاغا دژی خالتی یەکان |
| ١٨٥٨ز | هێرشی سوپای تورکی بۆ سەر ئێزیدیەکان، (رشکوتیا). |
| ١٨٦٤ز | بزوتنەوەی ئێزدین شێر دژی ئێزیدیەکان. |
| ١٨٧٠ز | تۆمارکردنی زەوی و گوندەکانی ئێزیدی لە سەر ناوی (أغوات)ی موسڵ. |
| ١٨٧٢ز | نیشتەجێکردنی عەرەبی کۆچەر لە شنگال. |
| ١٨٧٧ز | کۆچی دووەمی هۆزی حسنی بۆ ئەرمینیا |
| ١٨٨٢ز | ئازارکێشانی هۆزی سیبکی ئێزیدیەکان (بزسالیة عمر أغا) |
| ١٨٨٥ز | هێرشی سولتان عبد الحمید پاشای دووەم بۆ بەسەربازیکردنی ئێزیدیەکان. |
| ١٨٩١ز | کوشتنی حەوت پیاوماقولی ئێزیدی لە لایەن فریق عمر |

| | |
|---|---|
| | وهبی پاشا، عمر پاشا سەرەتا کوڕی خۆی نارده شنگال و تا داوا لە ئێزیدیەکان بکات موسڵمان ببن و واز لە ئاینی خۆیان بێنن. |
| ١٨٩٢ز | کۆلۆنێل(فریق) عمر پاشا لە سەر داوای سولتانی عوسمانی و بە بیانووی چەند ریفرومێک لە ناوچەی موسڵ، ملکەچبوونیان بە گۆڕینی ئاینیان بە وتەی ئەوان:( لە بت پەرستی بۆ ئیسلامبوون) بەڵام ئێزیدیەکان وەڵامیان دایەوە کە واز ناهێنن لە ئەنجامی ئەم وەڵامەداعمر پاشا هێرشی کردە سەر ئێزیدیەکان و دوای کوشت و کوشتارێکی زۆر ١٥٠٠٠ ئێزیدی بەدیل گرتن و لە نێو دیلەکانیشدا هەندێکیان هەڵاتن و هەندێکیان مردن و هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدان بە ناچاری و بە رەواڵەت (شەهادەیان) هێنا چونکە لە نێوان موسڵمانبوون و مردندا سەر پشک کرابوون،٥٠٠ پیاوی تر یان لێ کوژرا و ئافرەت و منداڵە دیلەکانیش هەندێکیان ناچار موسڵمان بوون و پێنج فەرزی نوێژیان جێ بە جێ دەکرد و بۆ منداڵەکانیش مەلای تایبەتیان هێنا و فێری بیرو باوەڕ و بنەماکانی ئیسلام و نوێژ دەکران، مەزارگاکانی بەعشیقە و بەحزانی روخێنران. |
| ١٨٩٢ز | دوور خستنەوەی میری ئێزیدیەکان علی بەگ بۆ سیواس. |

## سەدەی بیستەم (١٩٠٠ ز – ٢٠٠٠ ز)

| سالْ | جۆر و شوێن و بکەری تاوانەکە |
|---|---|
| ١٩٠٦ز | کردنی پەرستگەی لالش بە قوتابخانەیەکی ئیسلامی. |
| ١٩٠٩ز | هێرش بۆ سەر گوندی باسای خالتی ئێزیدی |
| ١٩١٤ز | کۆچی ئێزیدیەکان لە سرحد بۆ چیای کزی. |
| ١٩١٦ز- ١٩١٧ز | راگواستنی تیرەی (زوقرایا)ی ئێزیدی |
| ١٩١٦ز- ١٩١٨ز | کەمال ئەتاتورك و هەڵگیرساندنی دووبەرەکی لە نێوان کوردەکان. |

| | |
|---|---|
| ١٩١٧ز | هێرشی ئیبراهیم پاشا بۆ سەر ئێزدیەکان لە چیای شنگال و ١٣٠ کوردی ئیزیدی کوژران و زیانی گەورەی ماددی بەر خەڵکەکە کەوت. |
| ١٩١٨ز | دوا هێرشی عوسمانیەکان بۆ سەر شنگال |
| ١٩٢٥ز | هێرشی ئینگلیزەکان دژی داود داود |
| ١٩٣٤ز | هەڵوەشاندنەوەی سەنەد و تاپۆی زەوییە کشتوکاڵیەکانی کوردانی موسڵمان و ئێزیدی. |
| ١٩٣٥ز | هێرشی لیوا حسین فوزی پاشا. |
| ١٩٣٨ز | گواستنەوەی بەشێک لە ئێزیدیەکان بۆ مەزهەبی (العلي اللاهية). |
| ١٩٦١ز | سوپای عێراق بە تۆپ و فڕۆکە جەنگیەکان و هێزی پیادە گوند و شارۆچکەکانی (کەلەبەردێ، شاریا، شێخ خدرێ، گرێ پان) یان خاپور و سوتماک کرد کە دەکەونە ناوچەی قائیدیا لە سەر ناحیەی فایدە. |
| ١٩٦٣ز | دەوڵەتی عێراق لە بەعەرەبکردنی ئێزیدیەکان نوسینگەی ئەمەوی (مكتب الاموي) بۆ بایەزیدی برای معاویە کردەوە بە مەبەستی بە عەرەبەکردنی کوردە ئێزیدیەکان. |
| ١٩٦٥ز | لە دریژەی پرۆژەی بەعەرەبکردندا رژێمی حکومەتی عێراق (٤٠٠) نیشینگە (مستوطنات)ی بۆ عەرەبەکان لە نێوان شنگال و حەزەردا دروست کرد. |
| ١٩٧٤ز | دوای ئەوەی حزبی بەعسی عێراقی دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستیان بە راگواستنی کوردە ئێزیدیەکان کرد و ناوچە و گوندەکانی (کەندالێ خەلەف عیلکو رۆژئاڤا، کەندالێ خەلەف عیلکو ڕۆژ هەلات، نەواڵا حەیالێ، کا خورتی ڕۆژئاڤا، گرکێ حمو شڤان، دێدەڤانا کەندوورا، تل عاجوز، کەندالێ قرکێ، گازا هارو، کەپۆکولیکا، کلیکا رەشۆ، کەندالێ کتا، کەندالێ شەڤوک، کەندالێ حەبسا، نەواڵا شەلەش، گرکێ زیر و ... دەیان گوند و ناوچەی تر. |
| ١٩٧٤ز | چەندین گوندی ئێزیدی خاپور و وێران و سوتماک کران بە هۆی بۆردومان و تۆپ باران کردنەوە بە |

| | |
|---|---|
| | تایبەت ناوچەی قائیدیا. |
| ١٩٧٥ ز | لە قەزای شنگال ١٥٦ گوند لە هەرسێ ناحیەی (ناوەند و شیمال و قەیرەوان) ڕاگوێزران و دواتر لە (١١) ئۆردوگای نوێدا نیشتەجێ کرانەوە، هەموو گوندەکانیشیان بە عەرەب کران. لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئۆردووگاکان بریتی بوون لە: ( التأمیم، حطین، القادسیة، الیرموك، الاندلس، العروبة، الولید، البعث، القحطانیة، العدنانیة، الجزیرة). |
| ١٩٧٥ ز | لە قەزای شێخان ١٠٢ گوند راگوێزران لە لایەن حکومەتی عێراقی، (٤٧) گوند لە ناحیەی ناوەند و (٤٠) گوند لە ناحیەی ئەترۆش و (١٥) گوند لە ناحیەی مریبا، کە ژمارەیەکی زۆریان گوندی ئێزیدی نشین بوون. |
| ١٩٧٥ز | ٣٩ گوندی ناحیەی زومار راگوێزران و چەند گوندی ئێزیدیشی گرتەوە. |
| ١٩٧٥ز | رژێمی عێراق (٣٨)گوندی لە دەڤەری شێخان بەعەرەب کرد و زەوی و زاری ئەو گوندنشینانەی بە سەر خێزانە عەرەبەکانی عەشیرەتی ( الحدید و لهیب) دا، دابەش کرد. |
| ١٩٧٥ز | شەش گەرەک لە ناو شنگال خاپورکران بریتی بوون لە گەرەکەکانی (بۆرج، کەلا،بەرسێ، بەر بەرۆژ، کۆڕاستی، سەرا) |
| ١٩٧٥ز | هەر لە درێژەی پرۆژەی بەعەرەبکردندا حکومەتی عێراق دەستیکرد بە گۆڕینی ناوی چەندین شار و شارۆچکە و قەزا و ناوچە، لە دەوروبەری شنگالیش چەندین گوند ناوەکانیان گۆڕا بۆ نموونە، (گوهبەل، گۆڕا بۆ؛ الاندلس)، (زۆراڤا، گۆڕا بۆ؛ العروبة)، (دووگۆر، گۆڕا بۆ؛ حطین)، (خانە سۆر، گۆڕا بۆ؛ التأمیم)، (دهۆلا، گۆڕا بۆ؛ القادسیة)، (گرزەرک، گۆڕا بۆ؛ عدنانیة)... هتد. (حسنی خانوکا، گۆڕا بۆ؛ الولید)، (بۆرک، گۆڕا بۆ؛ الیرموک)، (تەل قەسەب ، گۆڕا بۆ؛ البعث)، (سیبا شێخ خدر، گۆڕا بۆ؛ |

| | |
|---|---|
| | الجزيرة). |
| ١٩٧٥ز | رژێمی بەعسی عێراقی هەر بە پێی بەرنامەکانی چەند گونـدێکی ئیزیـدی خسـتە سـەر نـاحیەی قەیـرەوان خەڵـکەکەی راپێچـی قەزای بەعـاج کـرد و کۆمەڵگـای عدنانیە کـرا بە قەزای بەعـاج، بەم شـێوەیە بە تەواوی نەخشەی جۆگرافیای قەزای شنگالی گـۆڕی و لکانـدنی بە کۆمەڵگای (الجزيرة القحطانية). |
| ١٩٧٦ز | بە پێـی ئەزمـونی نەخشـە و بەرنامەکانیـان لە نـاوچەی (دنان)ی ئێزیدیەکان سەر بە قەزای سمێل کە دەکەوێتە باشـووری ئەم قەزایە تـا دەگـاتە بەنـداوی موسـڵ، کە بریتین لە گوندەکانی (مام شڤانن، چەم بەرەکات، قەسر ئێزدین، گورپە، سورکا، ڕێبـی، کەبەر تـوو، خێرئاڤا) بە بیـــانووی دەکەونە ژێـــر بەنـــداوی موســـڵەوە راگوێزران. |
| ١٩٧٧ز | هەر لە درێــژەی پــلان و بەرنامەکانیــدا حکــومەتی عێراق لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ئێزیدی و شـەبەک و ئاشــووری بە عەرەب نــاونووس و تۆمــار کــردن، یەکێـک لە مەبەسـتە سـەرەکییەکانیش لەم سـەرژمێریە ئەوەبوو کە دەربخات کە ژمارە و ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لەم ناوچە کوردستانیانەدا زۆرترە. |
| ١٩٨٧ | لە قەزای شێخان (٣٤) گوند ڕاگوێزران، (٢٦) گوند لە نـاحیەی ئەتـرۆش و ئەوانـی تـر لە بـاعەدرێ ، لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە. |
| ١٩٨٧ز | بە پێی بڕیاری (١٦٠)ی ١٩٨٧/٣/٢٩ سەدام حوسین هەمـان دەسـەڵاتی خـۆی لە کوردستان بەخشیە عەلـی حەسەن مەجید بۆ سوتماکردن و جینۆسـایدی خەڵـک و خـاکی کـورد و کوردسـتان، لە هەمـان سـاڵ بڕیـاری ڕاگواستنی دەیان گوندی سەربە ناحیەی فایدە و قەزای سـمێل دەرکـرد بە شـۆفڵ خـانو و گونـدەکانیان خـاپور کــران، خەڵکــی گونــدەکانی (فایــدە) یــان لە ســریە جاشەکانی (ابی فراس حمدانی) دا جێگیر کرد، خەڵکی گونــدەکانی ســمێل یــان لە ئۆردووگاکــانی نزیــک |

| | |
|---|---|
| کۆمەڵگـــای خـــانکێ دا نیشـــتەجێکرد، لە کاســـێتێکی تۆماری دەنگیدا عەلی حەسەن مەجید وتبووی: (ئێمە دەبـــێ ناوچەکەتـــان بکەیـــنە عەرەب و عەرەبـــی راستەقینە، نەک ئێزیدی...) | |
| خەڵکـــی گونـــدەکانی ( شـــێخکا، کەرســـانا، تەفتیـــا، خـــۆرزاو) لە دەشـــتی باشـــووری (قـــرش) یـــان لە ئۆردووگـــای شـــێخەکاندا نیشـــتەجێکردن. ســـەراپا گوندەکانی تری سەربەقەزای قرش سوتماک کران و گوندەکانی( ئێسیا، بۆزا، جەراحیە، نسێری)ێش. | ١٩٨٧ز |
| ١٩٠ گوند لە شێخان خاپوورکران لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە. | ١٩٨٨ |
| لە پرۆســـەی ئەنفالـــدا و لە دوا ئەنفـــالی بادینـــان ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزیدیش لە لایەن دەوڵەتـی عێـراق و دارو دەسـتەکەی ئەنفـالکران کە ژمارەیـان زیـاتر لە (٣٠٠) هـاولاتی کـوردی ئێزیـدیە بە ژن و منـــداڵ و پیـــاو و پیـــر و پەکـــکەوتەوە، لە گۆڕەبەکومەڵـەکانی بیابانەکـانی باشـووری عێـراق زیندەبەچاڵ کراون و کومەڵکوژکراون. | ١٩٨٨ |
| بە هەزاران کەس لە خێـزانە ئێزیـدیەکان لە ترسـی دڕندەیی دەسەڵاتی بەعس و دەوڵەتـی عێراق روویـان لە چیا و ئەشکەوتەکان و وڵاتی تورکیا کرد. | ١٩٨٨ |
| دوای لێبوردنێکی گشتی لە ٦ ی ئەیلولی هەمان ساڵ لە لایەن سەدام حوسێن و دەوڵەتی عێراقەوە، زۆربەی خەڵکەکە گەڕانەوە و لە قەڵای نزارکێ زیندانی کران و ئێزیـدیەکان لە کـوردە موسـڵمانەکان جیـا کـران و ئەوان لە قاتی سەرەوەی قەڵاکە زیندانی کران، لەوێش دووچـاری دەیـان دەردەسـەری و ئەشـکەنجەدان و برسیەتی بوون. | ١٩٨٨ |
| هەر دوای ئەم لێبـوردنە گشـتیەوە لە لایەن سـەدام حوسـین و دەوڵەتـی عێـراق ئەوانەی قەڵای نزارکـێ راگوێزران بۆ ئۆردوگای جێژنیکان. | ١٩٨٨ |
| بە پێـی ئامـاری لیـژنەی مـافی مرۆڤـی پەرلەمـانی | ١٩٩٦ بەدواوە |

| | |
|---|---|
| | کوردستان، لە قەزای شنگال و شێخان (٦٩) خێزان کە ژمارەیان ٣٨٦ کەس بووە بە بیانووی جۆراو جۆر لە شوێن و ناوچە و گوندەکانیان دەرکراون. |

## سەدەی بیست و یەکەم (٢٠٠٠ ز – ٣٠٠٠ ز)

| | |
|---|---|
| ٢٠٠١ | دەوڵەتی عێراق و بەعسیەکان (٤) هەزار پارچە زەوییان بە سەر عەشیرەتەکانی (شمر، فداعة، التیوت، الحفافیة) دابەشکرد و لە هەمان کاتدا دابەشکردنی زەوییان بە سەر کوردە ئێزیدیەکاندا قەدەغە کرد. |
| ٢٠٠٧ | بە هۆی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراوەوە لە لایەن تیرۆرستانەوە لە هەردوو کۆمەڵگای (سیبا شێخ خدر و گر عوزێر) زیاتر لە ٤٠٠ قوربانی لێکەوتەوە. |
| ٢٠١٤ | لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن چەکدارانی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ( داعش) دەستدرێژیکرا سەرخاك و شەرەف و کەرامەتی بەشێك هاولاتیانی کوردستان و شنگال و دەوروبەری و ناوچە ئێزیدی نشێنەکان، بە پێی ئامارە نافەرمیەکان زیاتر لە ٦٠٠٠ کوردی ئێزیدی دەستگیرکران و رفێندران و بێ سەروشوێنکران و ژمارەیەکی زۆری پیاوەکان زیندەبەچالکران و خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە، هەروەها هەزاران کچ و ئافرەت کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراو دەستدرێژی سێکسیکیان کرایە سەر و بە سەدان هەزار کەس لە لایەن چەکدارانی داعشەوە ئاوارە و دەربەدەرکران و تەواوی خانوو رەز و باغ و بێستان و مەروماڵاتی هاوڵاتیان لە نێوبران و خانووەکانیان تەقێندرانەوە و خاپوورکران و دەیان نەهامەتی و دەردردەسەری تر... تاوان و درندەیی داعش لە لاپەرەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا دەخوێنەوە. |

# بەشی سێیەم
# تراژیدیای ئێزیدییەکان

# تراژیدیای ئێزیدییەکان

تراژیدیای (١)

## جینۆسایدی گوندی حەردان
## چواررریانی مردن وەک سێ گۆشەی بەرمۆدا[١]

گونــدی حــەردان ئەکەوێتــە ڕۆژهــەڵاتی ناحیــەی شــیمال بە دووری (٣٠) کیلۆمەتر، ڕۆژهەڵاتی زۆرافا بە دووری (٧)کیلۆمەتر، لـە نێوان گوندەکـە و چواررریانەکە لە شـەقامە گشتیەکە گوندێک هەیـە بـە نـاوی گونـدی (گرشـەبك؛ دانیشـتوانەکەی عـەرەبی سـونە و ئێزیـدین)، ژمـارەی خێزانــەکانی گونــدی حـەردان (٣١٣) خێـزانن بـە پێـی کۆبـۆنی خـۆراک دانیشـتوانەکەی (٢٩٠٤) کەسـن، ئەمە بە گـوتەی بریکـاری دابەشـکردنی خـۆراکی گونـدەکە "درویش شمو علی".
خـەڵکی گونـدی حـەردان لـە نێـوان مـردن و بەدبەختیدان، بـە گێڕانـەوەی ئـەم چیرۆکە لە لایەن شایەتحاڵەکانی خەڵکی چواررریانی حـەردان دڵ ئەهـەژێنێ و فرمێسک بە چاوان ئەرژێنێ، چواررریانی مـردن وەک سـێ گۆشـەی بـەرمۆدا، لــە قورســترین و زەحمــەتترین بــاردان بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی مەرگ و وێرانکاری.
"دخیل مراد خدیده هسکانی" لە دایکبووی (١٩٨٦) خـەڵکی گونـدی حەردانـە وتـی:"بیستمان کە ڕووبەڕوو بوونەوە هەیە لە باشووری ناوەندی قەزاکە، پیاو مـاقوڵان جـەختیان کـردەوە، کـە کـەس لـە گونـد هەڵنـەیات و گوندەکـەیان جـێ نـەهێڵن بـۆ تیرۆرسـتان"، لـە ٣/ ٨ کـاتژمێر (١٢)ی نیـوەڕۆ، دوو سـەیارەی داعش هاتن، جەختیانکردەوە و وتیان:" ئێمە شۆڕشـگێڕین و ترسـتان لـە سـەر نییـە"، بارەگـای ناوچـەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیان پشـکنی، لـە گونـد ئەسووڕانەوە و بە بڵندگۆی دەنگی، ئایەتەکانی قورئانیان لێدەدا و دەنگەکـەیان بــەرز ئــەکردەوە، لــە گــەڵ گــەنجان وێنــەیان ئــەگرت، عــەرەبی ناوچەکــە پەیوەندییان بە گوندەکەوە کرد و جەختیان کردەوە کە ترسیان لە سەر نییە و لە سەر بەرپرسیارێتی ئێمەن، هەموو ئەوانە گەڕانەوە کە بەرەو چیا ڕۆشتبوون، دوای ئەوەی دڵنیا کرانەوە لە گوندەکەیان، لە سەر داوای خەڵکەکە لە کاتژمێر

١- ئا: داود مراد ختاری، وەرگێرانی (ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی ).

(١)ی نیوەرۆ مۆلیدەی گوندەکەیان خستەکار، هەموویان دڵنیا بوونەوە و خەوتن کە راهاتبوون لە سەر خەوی نیوەڕۆ، لە کاتژمێر چوار سێ کەسایەتی عەرەبی ناوچەکە هاتن بۆ لای "قولو قاسم الیاس" کە مامی موختارە، وتیان:"ئێمە ترسمان لێتان هەیە، ئەمانە داوای گۆڕینی ئاینتان ئەکەن یان ئەتانکوژن، بۆیە ئاگادارتان ئەکەینەوە کە وریابن".

"لە کاتژمێر چوار و نیو هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە کە ژنەکان ئەبەن و پیاوەکان ئەکوژن، بە ئۆتۆمبێلی پیکابی تەک مۆدێل ١٩٨٥ دەرچووم و (٣٥) کەس لە گەڵم سەرکەوتن، پێش وەخت تانکی ئۆتۆمبێلم بە بانزینی سوری فولکردبوو، نەمتوانی زیاتر لە (٤٠)کم لە کاتژمێرێکدا لێخورم، بەرەو مەزاری "شەرفەدین" چووین، ئەوانەی کە بەرەو دهۆک چوون دەستیان بەسەرا گیرا لە سەیتەرەی سنوونێ و بۆ سەربازگەی خانە سوور گواسترانەوە، ئەوانەی کە لە دوامانەوە مانەوە نزیکەی (٢٠) ئۆتۆمبێل بوون لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە لایەن (١١) ئۆتۆمبێلی داعشەوە دەستیان بەسەرا گیرا، لە چوارریانی حەردان ژنان و پیاوانیان لە یەک جیا کردەوە ، ژنانیان بەرەو شوێنێکی نادیار برد".

"مەشعەل سلیمان مراد" لە دایکبووی ساڵی(١٩٦١)، یەکێ بوو لە پیاو ماقوڵانی گوندی حەردان، بۆی گێڕامەوە و وتی:"لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی ٣/ ٨، بەرگریکاران هەبوو لە چوارریانی حەردان و سەیتەرەی حەردان و چوارریانی کۆلا، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ زانیمان کە هیچ پاسەوانێک نییە لە ناوچەکە، لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، عەرەبەکانی گر شەبك پێیان راگەیاندین کە داعشەکان ئێستا لە گوندەکەیانن و هیچ مەکەن و تەنها ئاگاداربن، دوای نیو کاتژمێرگەیشتنە گوندەکە، خەڵکەکەیان دڵنیا کردەوە کە ئەوان عێراقین و ترسیان لە سەر نییە، لە کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ کوڕەکەم پێی راگەیاندم کە خەڵکەکە هەڵدێن، لەو کاتە دوو عەرەب هاتن و ترسی خۆیانیان پیشانماندا لەم تووندڕەوانە، بە خوشکەکانم (خلات و برجس)م وت کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕۆیشتن، سەر تراکتۆر و پیکاب کەوتین لە گەڵ هەندێ لە خزمەکان، لەو بڕوایە بووم کە من کۆتا کەسم، لە نیوەی ڕێگاکە لە گرشەبك وتیان کە ڕێگاکە داخراوە، ئەو خێزانانەی پێش ئێمە ڕۆشتبوون دەستیان بە سەرا گیرابوو، دووبارە گەڕاینەوە بۆ گوندەکە نزیکەی (٢٠) خێزان بووین، هیچ ڕێگایەکیتر نەبوو بۆ دەرچوون بە هۆی بوونی ساتری خۆڵ لە دەوری گوندەکە".

"کمال سلیمان" وتی:" لەم ساتەدا کوڕی مامم (صلاح خلات سلیمان) پێی ڕاگەیاندم، دووپاتی کردەوە کە ریزمان ئەکەن و ڕاستەوخۆ رەمیمان ئەکەن و تکای کرد ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە، بە مام "مشعەل"م وت بە زووترین کات ڕێگا چارەیەکمان بۆ بدۆزێتەوە"، "سلو خلیل کوڕی مامی" د.کمال"، وتی:" ئێمە لە مەترسیداین... تکایە... تکایە.... ڕێگا چارەیەک، ئەوان لە حاڵەتی شپرزەییدا بوون، من لەو کاتەی قسەم لە گەڵیا ئەکرد ڕەمییەکی چڕم بیست، خەڵکی گوندی گرمز بەرامبەر چوارریانەکە بوون وتیان هەموویان ڕەمی کران".

"ئەرکان قاسم"، لە دایکبووی ساڵی(١٩٨٦) دانیشتووی گوندی گرمز وتی:" ئێمە دەمانبینین و ئەوان نزیکمان بوون، کرانە سێ بەشەوە و کوشتیانن، بەشی یەکەم تەرمەکانیان سوتاند و ناشتیانن، بەشی دووەم بە تەنیشت بەشی یەکەم کوشتیانن، و بەشی سێیەمیش لە پشت ساترەکە لە نزیک چوارریانەکە کوشتیانن و هەموو تەرمەکانیشیان بە شۆفڵ ناشت، خێزان و منداڵەکانیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر، بۆ چەند ڕۆژێ بە توندی رووبەڕوویان بووینەوە، دوای ڕۆیشتنمان لە گوندی گرمز داعش بە تەواوی سوتاندیان".

"مشعل سلیمان" بە گریانەوە درێژە بە قسەکانی ئەدات:" دوای ئەوەی هەواڵی رزگاربوونیانم بیست، لەم کاتەدا هەندێ عەرەب ئەهاتن بەرەو گوند بۆ پاراستنی سامانی هەندێ لە کریفەکانیان، مەسەلەکەم پێ وتن، داوام لە (ئەحمەد حسین مەحمود) کرد بڕوا بۆ چوارریانەکە و تکا لە چەکداران بکا کارێکی دوژمنانە نەکا لە گەڵ ئەم بێ تاوانانە، دوای زیاتر لە (١٠) خولەک گەڕایەوە و بە دەم و چاویا دڵتەنگییەکی زۆرم بینی، وتی زیاتر لە پەنجا پیاو لە مەترسییەکی تەواو دان، نەمتوانی نزیک ببمەوە و هیچ حیسابیان بۆ نەکردم و لە دوورەوە قاویان دام، دوای کاتژمێر پێنج و نیو داعشەکان گەڕانەوە بۆ گوند هەموو گەنجەکانیان کۆ کردەوە کە لە گوندەکە مابوون و بردیانن، ویستیان هەموومان بکوژن، لێرە کەسێکیان کە خەڵکی تەلەعفەر بوو داوای لێیان کرد کە مۆڵەتمان بدەنێ، لە گوندەکە مانەوە هەتا کاتژمێر (٧)، چەکەکانمانیان کۆ کردەوە، سێ ڕۆژ مۆڵەتیان پێ داین کە ئەبێ یان ببینە موسڵمان یان ئەمانکوژن، لە کاتژمێر حەوت و نیو دەرچووین بۆ گوندی گر شەبك و چووینە ناویانەوە، بیست ئۆتۆمبێل بووین، ئینجا چووینە گوندی خرانە هویریە و ئەوانیش لە حاڵەتی هەڵهاتن بوون لە گوندەکە، ئینجا بۆ زۆراڤا، بە بێ رووناکی ئەچووین، ئۆتۆمبێلێکمان تێکچوو بە جێمان هێشت،

دانەیەکیتر بانزینی لێ ئەچوو ئەویشمان جێ هێشت، ئینجا بەرەو گوندی شورکا چووین، هەتا گەشتینە مەزاری شەرفەدین".
"باسم قاسم حیدر" لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ خەڵکی گوندی حەردان کە لە دوای ڕفاندنی ڕزگاری ببوو، وتی:" داعشەکان لە کاتژمێر (١١) هاتن و هەموو خەڵکەکەیان لە ناوەندی گوندەکە کۆکردەوە و جەختیان کردەوە کە ترسمان نەبێت، لە کاتژمێر (٢)ی دوای نیوەڕۆ، داوایان لێ کردین کە وێنەیان لە گەڵ بگرین، لە کاتژمێر (٣) لە نزیک چوارریانی حەردان بووین کە ئەکەوێتە (٤)کیلۆمەتر لە باشووری گوندەکە، هەستمان بە ترسناکی بارودۆخەکە کرد، پەیوەندیمان بە گوندی (خدر امین)کرد کە تورکمانی سونە بوون لە (١٥ ماڵ) پێکهاتبوون، لایەنگری داعش بوون، خەڵکەکەی بە کوردی و تورکمانی قسەیان ئەکرد، بە باوکمیان ڕاگەیاند کە پێویستە ڕا بکەن، لە بەر ئەوەی کەوتینە دەستیان، ئینجا گەڕاینەوە بۆ گوندی حەردان، باوکم وتی پێویستە بڕۆین بۆ لای (کریفی خوێن) لە گوندی(خدر أمین - حەردانی بچوک) لێرەدا ئەتوانین بەرەو چیا بڕۆین لە تاریکی شەودا، پێیانم ڕاگەیاند و وتیان بە پەلە وەرن، براکەم "محسن" لە باوەشی کریف سونەت کرابوو، پێیانی وت کریفییەکان ئێمە وا دێین، چووینە لایان و چایەکمان لایان خواردەوە، من و براکەم لە دەرەوەی ژورەکە بووین بینیمان ئۆتۆمبێلەکان هاتن بە لایتەکانیانەوە و کاتژمێر (٨)ی ئێوارە بوو، کریفەکەمان "شاکر عفدو عبدالرحمن" وتی رازی نابم کەس لە ژوورەوە دەرچێ و براکەشم "محسن"نزیکی ژورەکە بوو، ویستی بزانێت مەسەلە چییە دەستی گرت و کردیە ژوورەوە، ئیتر منیش هەڵهاتم خۆم شاردەوە لە دەرەوە لە لای دەواجنی مریشك بەرامبەر ماڵیان بۆ ماوەی سێ کاتژمێر، بیستم دایکیان هاواری بە سەریانا کرد، کوڕەکەی وەڵامی دایەوە و وتی: ناتوانم بتانشارمەوە، دەوڵەتی ئیسلامی دێت و ئەتانبا، دوای نیو کاتژمێر هێزێکی داعش هات و ماڵەکەیان گەمارۆ دا، منیش سەیرم ئەکرد بینیم خێزانەکەمان و خەڵکەکەیان ئەکردە ئۆتۆمبێلەوە و ژنان و پیاوانیان لە یەک جیا ئەکردەوە، گوێم لێ بوو بە کریفەکەمانیان وت (انشاءالله ئەم نیاز پاکیتانە لە بیر ناکەین بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامی لە بەر ئەوەی ئەم کافرانەتان ڕادەستمان کردووە بۆ سزادانیان)، دواتر دوو ئۆتۆمبێلی گەورەیان هێنا لە جۆری لۆری و سەریانیان خستن، لە نێوخۆیاندا بە تورکمانی قسەیان ئەکرد".
لە پەیوەندییەکدا لە گەڵ شایەتحاڵێک وتی:" لە کاتژمێر (٩)ی شەو ئەم خێزانەم لە چوارریانی حەردان بینی، هەموو پیاوەکانیان سنووردار کردبوو،

ئافرەت و منداڵەکان ئەو شەوە لە سەیتەرەی ئوم شەبابیک مانەوە، دواتر بردیانن بۆ قوتابخانەی تەلەعفەر، بەڵام کەس چارەنووسی پیاوەکانی نەزانی".
"باسم" درێژەی بە قسەکەی دا و وتی:"دوای دوو کاتژمێر، بینیم کە بارودۆخەکە گونجاوە بۆ هەڵهاتن، لەو شوێنەی خۆم لێی شاردبووەوە دەرچووم، بەرەو دۆڵەکە چووم، بە بەرزی و نزمی ناوچەکەم ئەزانی، پێویست بوو کە بە دۆڵەکان بچم و خۆم حەشاردەم، ئینجا بۆ گوندی خەرانی کە ئەکەوێتە (٥) کیلۆمەتری خۆرئاوای حەردان، لە دۆڵەکەوە بەرەو زۆراڤا ئینجا بۆ بیر ئاورا، هەرکاتێ کە لایتی ئۆتۆمبێلەکانم ببینایە، رادەوەستام، وێنەی خێزانەکەمانم لەبەر چاوبوو، هاواری دایکم لە گوێمایە کە هاواری ئەکرد کاتێ ئەیانکردە ناو ئۆتۆمبێلەکانەوە، ئاوم خواردەوە لە بیری ئاورا، سەرچاوە ئاوەکە بەشی( ١٠٠٠) هەزار کەس بوو، ئینجا بۆ مەزاری شەرفەدین، لە ماوەی (٨) ڕۆژدا هیچ خواردنێکم دەست نەکەوت تەنها یەک جار لای خانەوادەیەکی گوندی حەردان دەستم کەوت، دواتر چووم بەرەو سنووری سوریا، سەر ئۆتۆمبێل کەوتم، وا ئەمبینی بە هەتیوی مامەوە لە خێزانێکی (١٨) کەسیدا، هیچ شتێ نازانم لە چارەنووسی خێزانەکەم".
"کەسێک (....) پەیوەندی بەم (کریف)ە ناپاکەوە کرد پرسیاری لێ کرد هۆی ناپاکێکەی چییە کە ئەوان پەیوەندی (کریفی خوێن) و زاد و نمەکیان هەیە، وەڵامی دایەوە (دی روح یا معود) و پەیوەندییەکەی داخست".
بۆ زانین (محسن)ی برای کە لای ئەم کریفە ناپاکە خۆی شاردەوە، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بێستانەکەی ئەو کاری کرد، هەروەک ئەندامێکی خانەوادەکەیان لێ هاتبوو.
ئافرەتێک (أ. ا. ب) وتی:"کاتێ لە چوارریانەکە بووین هەموو پارە و مۆبایلەکانیان لێ بردین و داوای ئاڵتونەکانیان ئەکرد لە ژنەکان، ژنان و پیاوانیان لە یەک جیا کردەوە، بینیم کە پیاوەکانیان ریز کردووە، تەقەیان بەسەریان ئەکرد بۆ ئەوەی کەس هەڵنەیات، بەڵام من کەسم نەبینی بکوژرێ، کاتێ سەر ئۆتۆمبێلەکان کەوتین و ئۆتۆمبێلەکان دەستیان کرد بە جووڵە، گوێم لە داعشەکان بوو ئەیان وت (الله أکبر الله أکبر) و گوێم لە دەنگی گوڵلە بوو، بەڵام هیچم بە چاوم نەبینی، کاتێ ئافرەتەکان لە ئوم شەبابیک کۆبوونەوە، داوام لێیان کرد بچمە پشتی ساترەکەوە، ڕازی بوون بە داواکارییەکەم، لە پشتی ساترەکەوە، بە خۆخشاندن تۆزێ لێیان دوورکەوتمەوە، لەوێوە بۆ ناوچەیەکی نیمچە ئارام و دابڕاو، بە هاوکاری خێرخوازان گەشتمە دهۆک...".

ئەندامی پەرلەمانی عێراق "حجی شیخ کندور" کە خەڵکی حەردانە وتی:"بە خوشکەکانم و ئەوانیترم وت با کەس هەڵتان نەخەڵەتێنێ و خۆتان رزگار بکەن ئەو کات من لە بەغدا بووم، کۆتا کەس کە لە گوند مایەوە(کمال)ی برام بوو لە گەڵ کەسێکی تر، بە شەو دەرچوون بەرەو رەبیعە و لەوێشەوە بۆ دهۆک".

کەسێکی ئەکادیمی کە خەڵکی گوندی حەردان بوو جەختی کردەوە بۆم و وتی:"لە کاتژمێر (٧)ی بەیانی زانیمان کە سەنتەری قەزای شنگال و کۆمەڵگا باشوورییەکان کەوتوون و چووم بەرەو سنونێ و لە چوارریانەکە بینیم کە خەڵکەکە هەڵدێن و ئۆتۆمبێلەکان بە کۆمەڵ دێن، خەڵکی گوندەکەم ئاگادار کردەوە وتم دەرچن بەرەو دهۆک بە رێ بکەون، لە مەترسییەکی سەختدان، ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە باش نابن لە گەڵمان، بەڵام ئەمەیان پشت گوێ خست و وتیان پەیوەندیمان بە هەندێ لە سەرۆک هۆزە ئێزیدی و عەرەبەکانەوە کردووە، ئاڵای سپی هەڵدەکەین".

"ئیبراهیم ئەبو خلیل" حەردانی وتی:"عەرەبی هۆزی جحێش پێیان وتین پێویستە بە رێزەوە پێشوازی لە چەکداران بکەن و ترستان لە سەر نییە، دواتر هێزێک لە چەکدارانی (فرقەی عوێنات)بە سەرکردایەتی (ئەحمەد شەمەری)هاتن و جەختیان کردەوە کە ئاڵای سپی هەڵکەین، وتیان ئێمە دەوڵەتین و یاسامان هەیە و ئاژاوەگێڕ و پیاو کوژ نین و ئێمە بە دوای پێشمەرگە و ئەو شیعەیانە ئەگەڕێین کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، ئێوەی ئێزیدی ئاشتی خوازن دەتانناسین، خەڵکەکە دڵنیا بوونەوە لە قسەکانیان و ئەیانویست لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە و کۆچ نەکەن، دواتر هەواڵمان بۆ هات کە دەوڵەتی ئیسلامی بە زەبری هێز داوا لە ئێزیدیەکان ئەکا ببنە موسڵمان، لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە خەڵکی گوند دەستیان کردە کۆچکردن، لە چوارریانەکە پەڕیمەوە و دوای مەودایەک ئۆتۆمبێلی خانەوادەیەکی حەردانیم بینی لە رێگا خراپ ببوو، وەستام و هاوکاریم کردن، لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی داعش هات و لامان وەستا و وتیان:(ئێمە لە فرقەی عوێناتین، بۆ لە گوند دەرەچن، واللە مەترسن)، ئینجا بەرەو چوارریانی سنونێ چووین (٢٠) ئۆتۆمبێل بووین، لە خاڵی پشکنینی سنونێ داوای مۆبایلەکانیان ئەکرد و بە دوای چەکا ئەگەڕان و کاتێ چەکیان نەبینیەوە وتی:( واللە ئەگەر چەکم لێت بگرتایە گوڵلە بارانم ئەکردی)، منیش چەکەکەم لای مناڵەکان حەشاردابوو، داوایان لە کچەکان کرد دەم و چاویان بپۆشن چونکە ئێوە لە دەوڵەتی ئیسلامین، وتیان پێویستە بە خان سووردا بڕۆن چونکە رێگای رەبیعە

داخراوە، (١٣) ئۆتۆمبێل بەرەو خان سوور چوون دیاربوو کە سەربازگەیان کردبووەوە بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکە و ڕفاندنیان، بەڵام ئێمە (٧) ئۆتۆمبێل بووین بەرەو رەبیعە چووین، لە ناوچەی بیرئادەم لە باکووری سنونێ بە دووری (١٥)کیلۆمەتر، ئۆتۆمبێلەکانیان گوللە باران کرد، ئۆتۆمبێلێکیان سوتاند کە لە پێشمانەوە بوو چارەنووسی کەسەکانی ناویمان نەزانی، گەڕاینەوە بۆ چوارریانی تریکا لە سەر سنووری سوریا رەبایەیەکمان بینی زانیمان کە هێزی پاراستنی-پاسەوان-ی گەلی کوردە ، چووین بەرەو لایان، زانییان کە ئێمە خەڵکی شنگالین و لە کاروان بە جێ ماوین، بانگیان کردین:"وەرن مەترسن"، کەسێکی ئێزیدییان لە گەڵ بوو کە خەڵکی گوهبەل بوو، شۆفێری شۆفڵ بوو، پەیوەندییان بە سەرووی خۆیانەوە کرد و ساترە خۆڵاوییەکەیان بە شۆفڵ کردەوە، پەڕینەوە بەرەو خاکی سوریا و دوای مەودایەک دوو پاسکیل کە جەنگاوەرانی کورد بوون یاوەریمانیان کرد، هەتا گەشتینە ناوچەیەکی ئارام".

(گ .أ. ع) جەختی کردەوە بۆ خەڵکی شنگال لە گرشەبك (گوندێکە لە ئێزیدی و موسڵمانانی سونە "٢٠"ماڵن) ئەکەوێتە نێوان حەردان و چوارریانەکە،"کە قەسابخانەی کوشتنی ئێزیدیەکانی بینیوە لە چوارریان".

هەندێ لە ئافرەتە رزگاربووەکانی ڕفێنراو وتیان کە پارچە ڤیدیۆیەکیان بینیوە دەربارەی قەسابخانەی چوارریانی حەردان لای پاسەوانە داعشەکان.

"جمال عمر داود " ئەڵێت:"زۆربەی پیاو ماقوڵانی گوندەکە لە کۆمەڵگای زۆراڤا، لە کاتژمێر (٤) بە خەڵکی گوندیان ڕاگەیاند کە دەرچن و ئێمەش لە گەڵ خێزانەکانی(عمر داود داود) دەرەچین، بەڵام خەڵکەکە کەوتنە بۆسەی داعشەوە لە چوارریانەکە، خەڵکی گوندی گرمز جەختیان کردەوە کە گەنجەکانیان بینیوە کە لەسەر ئەژنۆ دانیشتوون و دوای نوێژ ، یەکێکیان هات و بە دەمانچە گوللەی نا بە سەر هەشت کەسەوە و کوشتیانیان و نازانین کە قوربانێکان تەنها هەشت کەس بوون یان نا، بەڵام بە پێی تێروانین ئەوان لە پەنجەی هەردوو دەست تێناپەڕین، ئەو دەنگۆیانەی کە باس لە قەبارەی تاوانەکە دەکەن بڕوا ناکەم ڕاست بن زیادە ڕۆیی تیایە، کە ناوچەکە رزگار ئەکرێ و قوربانییەکان لە گۆڕستانەکان دەر ئەهێنرێن کە لە پشتی ساترەکەوەیە، ئەو کات ئەزانرێ کە قەبارەی ڕاستەقینەی قەسابخانەکە چەنێکە، بەڵام ئەزانین کە ئەو تاوانە ڕووی داوە، هەموو خەڵکەکە جەختیان کردەوە کە ئێوارە ئامادە بوون بۆ هەڵهاتن لە گوند، (خ. س. د) کە خەڵکی گوندەکەیە، بە چەکدارە داعشەکانی ڕاگەیاند، کە خەڵکەکە دەرچوون بەرەو

چوارریانەکە، دواتر زانرا کە ساڵێکە سەر بە ڕێکخراوی داعشە، ماوەیە جارێ بەرەو تورکیا ئەچوو و بە مۆڵەتێکی کورت ئەگەڕایەوە، کاتێ لێیان ئەپرسی ئەیوت بۆ گەڕان ئەچێتە تورکیا، دیاربوو کە لەوێ مەشقی ئەکرد، پێش مانگێ لە تاوانەکە هاوسەرەکەی داوای تەلاقی لێی کرد و گەڕایەوە ماڵی باوکی، دیاربوو کە هەندێ ڕەفتاری لێی بینیوە، بە شێوەیەک کە ناتوانێ لە گەڵی بمێنێتەوە وەکو ئێزیدییەک کە لە خێزانێکی دیار و سومعەتی خۆیان هەبوو".

ناوی بێ سەروشوێنان لە چوارریانی حەردان ژمارەیان نزیکەی(٥٠٠)کەسە، بەڵام ئەو ناوانەی دەستمان کەوتوون تەنیا(٣٨٧) کەسن.

**ناوی پیاوانی بێ سەروشوێن بوو: ژمارەیان (١٦٤) پیاوە بریتین لە:**

١- خلف كسو خدر ١٩٨٠
٢- ريناس خلف كسو ١٩٩٩
٣- خالد خلف كسو ١٩٦٥
٤- عيدو خرتو فرج ١٩٨٠
٥- كوفان عيدو ٢٠٠٠
٦- ابراهيم عيدو خرتو ٢٠٠٠
٧- زياد خلف خرتو ١٩٦١
٨- علي حمو ميرزا ١٩٧٥
٩- خالد خلف خرتو ١٩٨٠
١٠- خلف زياد خلف ١٩٩١
١١- مازن حسن قاسم الياس ١٩٩٦
١٢- كاميران سيدو قاسم الياس ١٩٩٨
١٣- طارق عيدو قاسم خضر ١٩٩٩
١٤- برزان درويش جوكو ١٩٩٨
١٥- مناف حجي درويش ١٩٦٥
١٦- اسماعيل خلف خدر ١٩٦٤
١٧- ماهر اسماعيل خلف ١٩٨٨
١٨- نوري اسماعيل خلف ١٩٩٤
١٩- جهاد اسماعيل خلف ١٩٩٨
٢٠- خلف سالم خلف ١٩٩٠
٢١- أيمن أمين بركات ١٩٩٥

٢٢- فارس حجي خضر ١٩٩٠
٢٣- خضر حجي خضر ١٩٧٦
٢٤- حسين برجس سليمان ١٩٨٥
٢٥- صفوان برجس سليمان ١٩٩٥
٢٦- سيروان برجس سليمان ١٩٩٢
٢٧- مسعود الياس آدي ٢٠٠١
٢٨- ريواز الياس آدي ٢٠٠٢
٢٩- برزان سليمان آدي ١٩٩٩
٣٠- الياس سليمان آدي ٢٠٠٠
٣١- خلف آدي خلف جولو ١٩٦٥
٣٢- سبان خلف فارس ١٩٦٥
٣٣- باسم خلف آدي ١٩٩٧
٣٤- باسل خلف آدي ١٩٩٥
٣٥- سيابند خلف آدي ١٩٩٩
٣٦- سليمان آدي خلف ١٩٨٥
٣٧- داود سالم خلف ٢٠٠٠
٣٨- خلات سليمان مراد ١٩٧٥
٣٩- صلاح خلات سليمان ١٩٩٦
٤٠- بسام خلات سليمان ١٩٩٩
٤١- خيرو خديدة رفو ١٩٦٥
٤٢- حيدر خلف خدر ١٩٩٥
٤٣- حسين شمو حسين ١٩٦٥
٤٤- علي حسين شمو حسين ١٩٩٠
٤٥- نزار حسين شمو حسين ١٩٨٩
٤٦- خليل خلف شمو ٢٠٠٠
٤٧- ابراهيم خليل خلف ٢٠٠٠
٤٨- عيدو خلف شمو ادي١٩٨٠
٤٩- خلف عيدو خلف ١٩٩٩
٥٠- ليث عيدو خلف ٢٠٠١
٥١- ميرزا بركات شمو ١٩٧٩
٥٢- عامر ميرزا بركات ١٩٩٩

٥٣- صباح برکات شمو ١٩٨٥
٥٤- داود خلیل بوبو ١٩٧٥
٥٥- خلیل داود خلیل ١٩٩٥
٥٦- رمزی داود خلیل ١٩٩٧
٥٧- أمجد خیرۆ حجی خدر ٢٠٠٠
٥٨- جمال خیرۆ حجی خدر ١٩٨٥
٥٩- کمال خیرۆ حجی خدر ١٩٩٨
٦٠- خیرۆ حجی خلف ادو ١٩٧٤
٦١- حجی خلف ادو علی ١٩٥٠
٦٢- سربست نایف قاسم جردو علو ١٩٩٩
٦٣- نزار نایف قاسم جردو علو ١٩٩٩
٦٤- هانی داود خلیل ٢٠٠٢
٦٥- نایف قاسم جردو علو ١٩٧٢
٦٦- أنور خیری خلف ٢٠٠٠
٦٧- نوزاد خیرو حجی ٢٠٠٢
٦٨- سعید خیرۆ حجی خدر ٢٠٠٠
٦٩- محسن حسن خلف ١٩٨٩
٧٠- سلیم حسن خلف ١٩٩٠
٧١- هادی برکات خلف ١٩٩١
٧٢- حازم رشو قاسم ١٩٨٨
٧٣- لازم رشو قاسم ١٩٩١
٧٤- میرزا مراد قاسم ١٩٨٨
٧٥- الیاس مراد قاسم ١٩٨٥
٧٦- ماهر خدیده قاسم ١٩٩٩
٧٧- ایهم جلال میرزا ٢٠٠٤
٧٨- صباح میرزا قاسم ١٩٩١
٧٩- خلف فلاح سیدو ٢٠٠٠
٨٠- سیدو خضر خدیده ١٩٩١
٨١- صلاح فلاح سیدو ٢٠٠٢
٨٢- أمین برکات رشو ١٩٩٠
٨٣- حسون خچر خدیده ١٩٩٠
٨٤- حسو خدر خدیده ١٩٦٥

٨٥- عايد كمال شرف ١٩٩٧
٨٦- كمال خديده خلف ١٩٥٥
٨٧- سليمان كمال خديده خلف١٩٧٥
٨٨- أحمد كمال خديده خلف ١٩٨٩
٨٩- اريوان سليمان كمال خديده ١٩٩٩
٩٠- سعد سمير رشو خلف ١٩٨٥
٩١- رعد سمير رفو خلف ٢٠٠٠
٩٢- جدعان سمير رشو خلف ٢٠٠٠
٩٣- سيف سعد سمير رشو خلف
٩٤- خديده قاسم خلف ١٩٦٥
٩٥- عزت خديده قاسم ١٩٩٦
٩٦- هيثم خديده قاسم ١٩٩٩
٩٧- بشار قاسم حسين قاسم ١٩٥٠
٩٨- قاسم بشار قاسم حسين ١٩٧٥
٩٩- مجدل بشار قاسم ١٩٩٠
١٠٠- فرزات بشار قاسم ١٩٩٧
١٠١- خديده بشار قاسم ١٩٧٥
١٠٢- قولو خديده بشار ٢٠٠٠
١٠٣- فيصل بشار قاسم ١٩٧٥
١٠٤- وليد خالد جوكو ١٩٦٥
١٠٥- سعيد جلال خرتو ١٩٦٥
١٠٦- قربال سعيد جلال ١٩٩٨
١٠٧- أياد سعيد جلال٢٠٠٠
١٠٨- رياچ سعيد جلال ٢٠٠١
١٠٩- صابرين سعيد جلال ٢٠٠٢
١١٠- خديده جلال خرتو ١٩٧٥
١١١- صلاح خديده جلال ٢٠٠٠
١١٢- صدام خديده جلال ١٩٩٨
١١٣- سرور خيرى جلال ٢٠٠٢
١١٤- حديپ گلال خرتو ١٩٨٠
١١٥- أيدن حديث جلال ١٩٩٩
١١٦- دلشير حديث جلال ٢٠٠٢

١١٧- بركات يوسف الياس ١٩٧٨
١١٨- علاو بركات الياس ١٩٩٧
١١٩- اسماعيل الياس الياس ١٩٩٨
١٢٠- على قاسم حيدر ١٩٩٠
١٢١- أمين كورو خلف ١٩٩٩
١٢٢- علاو عيدو كورو ١٩٩٥
١٢٣- الياس عيدو كورو ٢٠٠٠
١٢٤- اركان خالد كورو ١٩٩٩
١٢٥- بهجت خالد كورو ١٩٩٧
١٢٦- أحمد أمين كورو ١٩٩٨
١٢٧- أمير أمين كورو ١٩٩٠
١٢٨- سعدو خيرو خديده ١٩٧٥
١٢٩- جلال سعدو خيرۆ ١٩٩٧
١٣٠- ريان سعدو خيرو ٢٠٠٠
١٣١- سديان سعدو خيرو ٢٠٠١
١٣٢- سنان سعدو خيرو ٢٠٠٢
١٣٣- سعيد خيرو خديده
١٣٤- خلف خيرو خديده ١٩٧٦
١٣٥- حكى خدر ١٩٦٥
١٣٦- ميسو جلال مراد ١٩٦٥
١٣٧- فواز على خيرۆ ١٩٩٤
١٣٨- ازاد على خيرو ١٩٩٩
١٣٩- الياس حسين شمو ١٩٩٧
١٤٠- خديده الياس جردو ١٩٩٠
١٤١- ساكارى حسين شمو ١٩٩٨
١٤٢- خلف شمو حسين ١٩٧٥
١٤٣- اسماعيل شمو حسين ١٩٨٠
١٤٤- زيدان خلف شمو ٢٠٠٠
١٤٥- زيد خلف شمو ٢٠٠١
١٤٦- ابراهيم قاسم حيدر ١٩٧٧
١٤٧- سمير سعيد قاسم٢٠٠٢
١٤٨- ريناس ابراهيم قاسم ٢٠٠١

١٤٩- سعيد قاسم حيدر ١٩٧٥
١٥٠- قاسم حيدر خدر ١٩٥٤
١٥١- داود قاسم حيدر ٢٠٠٠
١٥٢- حسن قاسم حيدر ١٩٩٣
١٥٣- اسعد مراد ١٩٩٠
١٥٤- ميرزا خليل بوبو ١٩٧٠
١٥٥- صباح ميرزا خليل ١٩٩٨
١٥٦- أكرم ميرزا خليل ١٩٩٩
١٥٧- بكداش سليمان خليل ١٩٩٥
١٥٨- جكر سليمان خليل ٢٠٠٠
١٥٩- سفيان سليمان خليل٢٠٠١
١٦٠- برو سليمان خليل ٢٠٠٢
١٦١- أمير نايف خليل ٢٠٠٢
١٦٢- خليل خلف شمو ١٩٦٥

ناوی ئافرەتانی بێ سەروشوێن بوو، ژمارەیان (١٦٩) ئافرەتە بریتین لە:
١٦٣- نازى درويش مشكو ١٩٦٥
١٦٤- هدى بشار قاسم ١٩٩٤
١٦٥- باسمه حجى كارس ١٩٧٥
١٦٦- ملكه خديده بشار ١٩٩٨
١٦٧- جوليا خديده بشار ٢٠٠١
١٦٨- جاكلين خديده بشار ٢٠٠٢
١٦٩- أحلام بركات رشو ١٩٧٥
١٧٠- شهناز خديده گلال٢٠٠٢
١٧١- روزين حديپ گلال ٢٠٠٠
١٧٢- نعام جردو سليمان ١٩٨٢
١٧٣- اسمهان ميرزا خليل ٢٠٠٠
١٧٤- نارين ميرزا خليل٢٠٠١
١٧٥- جيان خلف كسو ٢٠٠١
١٧٦- عيشان الياس ١٩٨١
١٧٧- زيرى خلف خرو ١٩٨١
١٧٨- بسمه عيدو خرتو ٢٠٠٠

١٧٩- نعام رشو قاسم الياس ١٩٩٥
١٨٠- هديه قاسم الياس ١٩٩٠
١٨١- رامه سعدون مراد قاسم ٢٠٠٢
١٨٢- رانيا سعدون مراد قاسم ٢٠٠١
١٨٣- روزين خالد مراد قاسم ٢٠٠٥
١٨٤- زينه درويش جوكو ١٩٩٢
١٨٥- توريشان درويش جكو ١٩٩٠
١٨٦- خالده مراد قاسم الياس ١٩٩٠
١٨٧- الين سمو قاسم خضر ٢٠٠١
١٨٨- سوزان حسن قاسم الياس ١٩٩٩
١٨٩- عيدى خديده خدر ١٩٦٤
١٩٠- مارينا سليم مراد ١٩٨٨
١٩١- نورا اسماعيل خلف ١٩٩٦
١٩٢- ريحان اسماعيل خلف ١٩٩٧
١٩٣- بيرهات اسماعيل خلف ٢٠٠٣
١٩٤- زادى شرف بابير ١٩٩٠
١٩٥- جليله جلال اسماعيل خلف ٢٠١١
١٩٦- شكريه خدر ١٩٦٤
١٩٧- ابتسام أمين بركات ١٩٩٧
١٩٨- روزا أمين بركات ١٩٩٩
١٩٩- اثبات أمين بركات ٢٠٠٠
٢٠٠- وريفه أمين بركات ٢٠٠٢
٢٠١- ليلى برجس سليمان ١٩٨٩
٢٠٢- نورا برجس سليمان ١٩٩٠
٢٠٣- فين برجس سليمان ٢٠٠١
٢٠٤- خنسى خضر بيبو ١٩٧٥
٢٠٥- سهام حجى خديده ١٩٩٦
٢٠٦- زينه خلات سليمان ١٩٩٢
٢٠٧- مركز عيدو رشو ١٩٧٥
٢٠٨- منال خلات سليمان ٢٠٠٠
٢٠٩- خالده خلات سليمان ٢٠٠١
٢١٠- بسمه خلات سليمان ٢٠٠٢

٢١١- مانيا سالم خلف ١٩٩٦
٢١٢- رحيمه سالم خلف ٢٠٠١
٢١٣- غزال ناصر ١٩٨٧
٢١٤- كافيه سليمان ێدى ٢٠٠٢
٢١٥- صافيه سليمان ێدى ١٩٩٧
٢١٦- تركو حسين شمو ١٩٨٥
٢١٧- هوى شمو حسين ١٩٧٥
٢١٨- شيرين خيرۆ خديده ١٩٩٠
٢١٩- لازمه خيرۆ خديده ١٩٩٥
٢٢٠- زينه مگو حسين ١٩٩٨
٢٢١- أرين خيرۆ خديده ٢٠٠٠
٢٢٢- تركو حسين شمو ١٩٩٦
٢٢٣- ساميه حسين شمو ١٩٩٠
٢٢٤- شارى حجى خلف ١٩٦٥
٢٢٥- جيمان خليل خلف ٢٠٠١
٢٢٦- اليثه درويش شمو ١٩٩٧
٢٢٧- عمشه عيدو خلف ٢٠٠٠
٢٢٨- جازيه بركات شمو ١٩٩٨
٢٢٩- ليلو سلو سلى ١٩٥٤
٢٣٠- ناديه شفان رشو ٢٠٠٠
٢٣١- شارى ميرزا بركات ٢٠٠٠
٢٣٢- مادلين ميرزا بركات ٢٠٠٢
٢٣٣- روزا درويش شمو ١٩٩٨
٢٣٤- نهاد بركات شمو ١٩٩٧
٢٣٥- كريمه بركات شمو ١٩٩٩
٢٣٦- حياه سيدو بوبو ١٩٩٥
٢٣٧- رمزيه داود خليل ١٩٩٨
٢٣٨- ژكرى داود خليل ١٩٩٩
٢٣٩- سلوى داود خليل ٢٠٠٠
٢٤٠- هاين داود خليل ٢٠٠١
٢٤١- هزار مالو الياس اسكندر ١٩٨٥
٢٤٢- هديه نايف قاسم جردو علو١٩٩٧

٢٤٣- نورهان نايف قاسم جردو علو ٢٠٠٠
٢٤٤- نازدار نايف قاسم جردو علو ٢٠٠١
٢٤٥- الهام بركات رشه ١٩٧٤
٢٤٦- هلبست أحمد نايف ٢٠١٢
٢٤٧- بهار قاسم الياس ادو ١٩٧٥
٢٤٨- هيفى حجى قاسم خچر ١٩٧٥
٢٤٩- عامره اسماعيل سيدو ١٩٩٨
٢٥٠- الهام خيرۆ حجى خدر ١٩٩٥
٢٥١- ليلى خيرۆ حجى خدر ١٩٩٩
٢٥٢- احلام خيرۆ حجى خدر ١٩٩٧
٢٥٣- كورى خلف خديده ١٩٩٠
٢٥٤- بياز الياس ١٩٩٧
٢٥٥- مارين خليل ١٩٩٠
٢٥٦- هيفاو خديده قاسم ١٩٩٥
٢٥٧- هدى خديده قاسم١٩٩٨
٢٥٨- خناف ميرزا قاسم ١٩٩٠
٢٥٩- فيان ميرزا قاسم١٩٩١
٢٦٠- سارو الياس خدر ٢٠٠٠
٢٦١- ديانا سيدو خضر ١٩٩٧
٢٦٢- جيهان سيدو خضر ١٩٩٩
٢٦٣- أنجيل بسام سيدو ٢٠٠٢
٢٦٤- صابرين سيدو خضر ٢٠٠٠
٢٦٥- نورى فلاح سيدو ٢٠٠٠
٢٦٦- فاديه فلاح سيدو ٢٠٠١
٢٦٧- هناو ميرزا قاسم ١٩٩٠
٢٦٨- هزو مراد ١٩٥٥
٢٦٩- نسرين سيدو خدر ٢٠٠٠
٢٧٠- أميره أمين بركات ٢٠٠٠
٢٧١- ابراس أمين بركات ١٩٩٩
٢٧٢- دلفين أمين بركات ١٩٩٧
٢٧٣- مروه محسن خدر ١٩٩٧
٢٧٤- خيال محسن خدر ١٩٩٠

٢٧٥- منهله محسن خدر ٢٠٠٠
٢٧٦- اليز محسن خدر ٢٠٠١
٢٧٧- ساميه بشار قاسم ١٩٩٠
٢٧٨- ساميه سليمان كمال خديده ٢٠٠٠
٢٧٩- هزار عنتر خلف ١٩٦٥
٢٨٠- خنسو حسن سيدو ١٩٥٥
٢٨١- منجى داود يوسف خلف ١٩٥٥
٢٨٢- مياز سمير رشو خلف ١٩٩٥
٢٨٣- منيره سمير مرشو خلف ١٩٩٧
٢٨٤- مهور سمير مرشو خلف ١٩٩٩
٢٨٥- سلوى سليمان يوسف ١٩٨٥
٢٨٦- ميان قرو نفسو خلف ١٩٥٤
٢٨٧- كشى عگو بركات ١٩٦٥
٢٨٨- ساگلين خالد جوكو ١٩٦٨
٢٨٩- جاكلين خالد جوكو ١٩٨٥
٢٩٠- وارفين خالد جوكو ١٩٩٩
٢٩١- مروه مروان الياس ٢٠٠٠
٢٩٢- محبه مروان الياس ٢٠٠٢
٢٩٣- لقيه بشار قاسم ١٩٩٩
٢٩٤- فاطمه بركات رشو ١٩٦٥
٢٩٥- سعديه سعيد گلال ١٩٩٦
٢٩٦- صابرين گلال خرتو ١٩٧٥
٢٩٧- هدى قاسم على ١٩٧٧
٢٩٨- هزار خيرى جلال ٢٠٠٠
٢٩٩- نازدار خيرى جلال ٢٠٠١
٣٠٠- غزال ێدى خلف ١٩٨٥
٣٠١- نعام حيدر خدر ١٩٥٥
٣٠٢- نضال خالد كورو ٢٠٠١
٣٠٣- عيده ابراهيم برجس ١٩٧٦
٣٠٤- فيروز خلف حسين ١٩٦٥
٣٠٥- باسكال سعيد خيرو ١٩٩٧
٣٠٦- روعه سعيد خيرو ٢٠٠٢

٣٠٧- دنيا خلف خيرۆ ٢٠٠٠
٣٠٨- ريه خلف خيرۆ ٢٠٠١
٣٠٩- هوندا خلف خيرۆ ٢٠٠٢
٣١٠- مساس شموس يدو ١٩٩٠
٣١١- خالده خلف شمو ٢٠٠٢
٣١٢- عاليه على حسين ١٩٩٧
٣١٣- وداد اسماعيل سيدو ٢٠٠٠
٣١٤- ليلى رشيد خيو ١٩٧٥
٣١٥- سعديه سعيد قاسم١٩٧٥
٣١٦- غزال اسماعيل خلف ١٩٧٧
٣١٧- دلال على خيرۆ ٢٠٠٠
٣١٨- سلوى سالم خلف ١٩٩٧
٣١٩- نارو رشيد جبو ١٩٧٥
٣٢٠- هنوف الياس بوبو ١٩٧٥
٣٢١- مادلين ميرزا خليل ١٩٩٦
٣٢٢- اليزا على خيرۆ ٢٠٠٢
٣٢٣- رونيا على خيرۆ ١٩٩٥
٣٢٤- جاكلين ميرزا خليل ١٩٩٦
٣٢٥- سيفى جلو بوبو ١٩٦٥
٣٢٦- نعيمه سليمان خليل ١٩٩٩
٣٢٧- سعده الياس بوبو ١٩٩٩
٣٢٨- بشرى الياس بوبو ٢٠٠٢
٣٢٩- لطيفه خلف جاسو ١٩٨٠
٣٣٠- فائزه سعيد قاسم ٢٠٠٠
٣٣١- نفيه بشار قاسم ١٩٨٨
٣٣٢- سلوى سالم خلف ١٩٩٧

منداڵەکان ژمارەیان (٤٢) منداڵە، بریتین لە:
٣٣٣- سهيله خلف شمو ٢٠٠٣
٣٣٤- سعديه خلف شمو ٢٠٠٦
٣٣٥- شهناس ابراهيم قاسم ٢٠٠٤
٣٣٦- ريواس ابراهيم قاسم ٢٠٠٦

٣٣٧- زيدان خلف كسو ٢٠٠٠
٣٣٨- ريسان خلف كسو ٢٠٠٥
٣٣٩- بروان حسين ٢٠١٠
٣٤٠- عمار عيدو خرتو ٢٠٠٤
٣٤١- خولى رشو خلف ٢٠٠٥
٣٤٢- أردوان سليمان ێدى ٢٠٠٣
٣٤٣- ويناس أمين بركات ٢٠٠٤
٣٤٤- سهام خلف شمو ٢٠٠٤
٣٤٥- كوهدار خيرى جلال ٢٠٠٣
٣٤٦- هانزاده خديده بشار ٢٠٠٣
٣٤٧- سامان فلاح سيدو ٢٠٠٤
٣٤٨- ابدين حديث جلال ٢٠٠٤
٣٤٩- جيلان خديده بشار ٢٠٠٤
٣٥٠- ليزا فيصل بشار ٢٠٠٤
٣٥١- رونيا فيصل بشار٢٠٠٥
٣٥٢- رنا فيصل بشار ٢٠٠٦
٣٥٣- سميره بشار قاسم ٢٠٠٦
٣٥٤- داود سعيد جلال ٢٠٠٤
٣٥٥- دلبرين سعيد خيرو ٢٠٠٤
٣٥٦- كاضم سعيد خيرو ٢٠٠٥
٣٥٧- دارين ميرزا خليل ٢٠٠٣
٣٥٨- سليمان خليل بوبو ٢٠٠٤
٣٥٩- فهمى الياس بوبو ٢٠٠٣
٣٦٠- هناو سليمان خليل ٢٠٠٣
٣٦١- سهام سليمان خليل ٢٠٠٥
٣٦٢- سيروان اسماعيل خليل ٢٠٠٤
٣٦٣- سامى اسماعيل خليل ٢٠٠٣
٣٦٤- سيمور اسماعيل خليل ٢٠٠٩
٣٦٥- روجيه عيدو خرتو ٢٠٠٤
٣٦٦- جان سليمان ێدى ٢٠٠٤
٣٦٧- ساهره خليل خلف ٢٠٠٤
٣٦٨- دلين صباح بركات ٢٠٠٤

٣٦٩- ياسمين أحمد كمال ٢٠٠٧
٣٧٠- نازلين أحمد كمال ٢٠٠٨
٣٧١- ساريه مروان الياس ٢٠٠٣
٣٧٢- الان أحمد سليمان ٢٠٠٦
٣٧٣- ێدو عيدو قاسم خضر ٢٠٠٥
٣٧٤- مادلين خالد جوكو ٢٠٠٦
٣٧٥- وارفين خالد جوكو ٢٠٠٨
٣٧٦- جادلين خالد جوكو ٢٠٠٩
٣٧٧- وليد خالد جوكو ٢٠١٠
٣٧٨- مروه محسن خضر ٢٠٠٤
٣٧٩- اردوان محسن خضر ٢٠٠٦
٣٨٠- الند محسن خضر ٢٠١٤
٣٨١- خيال محسن خضر ٢٠٠٨
٣٨٢- منتهى محسن خضر ٢٠١٢
٣٨٣- امير فيصل شرف ٢٠١٣
٣٨٤- مروه مروان الياس ٢٠١٠
٣٨٥- ماريه مروان الياس ٢٠١٢
٣٨٦- مينا مروان الياس ٢٠١٣
٣٨٧- اردوان محسن خضر٢٠٠٦

## تراژیدیای (٢)

## ژنێك كە داعش دەستدرێژیان كردبووە سەری داوای دەكرد بیكوژین[١]

"بەرەكات عیسا"، پەیامنێری (تۆڕی میدیایی رووداو)، وەك زۆربەی ئێزیدی و موسڵمانەكانی قەزای شنگال، ماوەی ٧ ڕۆژ لە چیای شنگال مایەوە و لە پەیوەندی بەردەوامیشدا بوو لەگەڵ (رووداو)، بەرەكات پاش رزگاربوونی لەو تراژیدیایە، بەسەرهاتی ئەو حەوت ڕۆژەی بە جۆرێك گێڕایەوە كە ناخی مرۆڤی دەهەژاند، بەرەكات گوتی "لەوێ ژیان گەڕابووەوە سەرەتای قۆناغی مرۆڤایەتی".

بەر لەوەی بچینە سەر ڕاپورتەكەی ئەم پەیامنێرە، لە كاتی گامارووادانی لە چیای شنگال و لە رێگەی تەلەفۆنەوە ڕۆژانە رووداوەكانی بۆ رووداو دەگێڕایەوە.

### لێرە ژنان بە جلی سپییەوە دەمرن

"بەرەکات عیسا" کاتێک لە چیای شنگال گیری خواردبوو یەکێک بوو لەو سەدان هەزار کەسەی هێشتان هیچ ڕێگایەکی رزگاربوونیان نەبوو ژیانیان لە مەترسی و هەرەشەدا بوو، بە تەلەفۆن بۆ کەناڵەکە وتی:"لە چیای شنگال ژمارەی ئەو منداڵ و بەساڵاچووانەی گیانیان لەدەستدەدەن هێندە زۆرە کە ناژمێردرێن، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شاهیدی مەرگی چەندین کەس بووم، خەڵک هێندە زۆر دەمرێت کە هەر سەرە کاتژمێرێک چاوەڕوانی هەواڵی گیان لەدەستدانی منداڵێکی دیکە یان بەساڵاچوویەک دەکەین، لە بەر ئەوەی هەموو کەس مۆبایلەکەی شەحنی لە سەر نییە هەواڵی مردن بە پێ بە چیای شنگالدا بڵاو دەکرێتەوە، کاتێک یەکێک دەبینین لە دوورەوە بە پێ دێت، دڵنیاین یان هەڵاتووە یان هەواڵی مردنی پێیە.

ئەوانەی پەنایان بۆ ئەم چیایە هێناوە سەدان خێزانی کوردی ئێزیدین، تاوانیان تەنیا کورد بوون نییە، بەڵکو ئێزیدی بوونیشە، لێرە ژنانی بە تەمەن بە جل و بەرگی سپییەوە، بە سکێکی برسی و قورگێکی وشکەوە دوایین هەناسەکانی ژیانیان هەڵدەکێشن، منداڵان کە هێشتا نازانن داعش چییە، لەسەر تاشە بەردەکانی چیای شنگال بە ڕاکشاوی لە گیانەڵادان، کاتێک ئەو منداڵانە دەمرن، چاویان لە ئاسمانە، وەک بڵێی چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو کۆمەکە

---

١- تۆڕی میدیایی رووداو

مرۆییانە بکەن کە دەڵێن بە فڕۆکە بۆ چیای شنگال نێردراون و لێرە کەس هیچی لێ نەبینیون.
لێرە نان و ئاو نییە، تراژیدیایەکی مرۆیی بە چاوی خۆمان دەبینین، ئەو دیمەنانەی لێرە دەیانبینین زۆرتر لە بە فیلم کردنی چیرۆکە سەرەتاییەکانی نێو ئەو کتێبانە دەچن کە لە سەر هۆلۆکۆست و ئەنفال نووسراون. کاتێک لێرە لە یەکێک دەپرسیت:"چۆنیت؟" وەڵامت دەداتەوە: "برسیمە". ئینجا ئەو لێت دەپرسێت: ئەی کوا پێشمەرگە؟

**گەڵای دار دەخۆن**
"بەرەکات عیسا"، چیرۆکی پەیدا کردنی خواردن دەگێڕێتەوە دەڵێ، "خەڵك لە چیای شنگال بەردەوام بە درێژایی چیاکە لە هاتووچۆدان و هیچ خواردنێکیان دەست ناکەوێ، هەندێکیان لە برسان گەڵای دار دەخۆن".

**لە سەر چیای شنگال کەس بە هانای کەسەوە ناچێت**
پەیامنێری (رووداو) گوتی:"چیای شنگال زنجیرە چیایەکی درێژە و هەموو خێزانێك ناتوانێ ئاوی پێویست بە دەست بهێنێت، لە سەر چیای شنگال کەس بە هانای کەسەوە ناچێت، هەموو کەس بە هانای مانەوەی ژیانی خۆیەتی، ئەگەرچی هەندێکیان دەستیان لە خۆیان بەرداوە، لێرە رەوشەکە لەوپەڕی خراپی دایە".
"بەرەکات عیسا" دەڵێ:"بەشێك لەو چەکدارانەی لە چیاکەدان ویستوویانە بە چەکەکانیانەوە بچنە سنونێ و لەوێ ڕووبەڕوو دەست درێژی گوللە بوونەتەوە بە بێ دەست کەوتنی خواردن و خواردنەوە گەڕاونەتەوە".
"بەرەکات عیسا یەکێکە لەو ئێزیدیانەی کە لە چیای شنگال گەمارۆ دراوە و دەڵێ:"لە دوێنێ نیوەڕۆوە کەمێك برنجم بە بێ نان و ئاو خوارد و تا وەکو ئێستا خواردنم نەخواردووە وەك هەموو خەڵکێك پێنجەم ڕۆژە کە خێزان و منداڵەکەمم نەبینیوە، مانەوەی منیش هاوشێوەی مانەوەی ئەو خەڵکەیە کە لەوپەڕی خراپیدا دەژین".
"بەرەکات" وەکو ڕۆژنامەنووسێك قەت لەو باوەڕەدا نەبووە ئەو دیمەنانە ببینێت کە لە چیای شنگال بینی.
ئەو کە دانیشتووی قەزای شنگالە، یەکێك بوو لەو هەزاران ئێزیدیەی لە ترسی هەڕەشەی چەکدارانی داعش قەزاکەی جێهێشت و ڕووی لە چیای شنگال کرد، نەهامەتی و تراژیدیاکانی ئەو چیا بێ ئاو و نان و مەرگهێنە بە ئاسانی بە

رووخساری خۆی و دوو منداڵە رزگاربووەکەیەوە دەبینران، ئەو لەگەڵ گێڕانەوەی هەر دیمەنێك لە پڕمەی گریانی دەدا و بۆ ماوەیەك بێدەنگ دەبوو.

**منداڵ و بەساڵاچوو هەڵدەوەرین**

"بەرەکات"، گوتی: "من وەکو مرۆڤێك و وەکو ڕۆژنامەنووسێك، ئەو دیمەنانەی نەمدەخواست لە ژیانمدا بیانبینم، منداڵێك لە برسان و لە تینوێتیان بمرێت، یان بەساڵاچوویەك لەبەر ئەوەی دەرمانی نەبێت بمرێت". "بەرەکات" تەنیا دیمەنێك و دوو دیمەنی لەو شێوەیەی نەبینیوە، بەڵکو دەڵێت "تەنانەت منداڵانیش بە سەدان حاڵەتی لەو جۆرەیان دەبینی". هەروەها دەڵێت "ئەوەی لە چیای شنگال روویدا لە هیچ شوێنێکی دونیا روویندداوە".
پێدەچێت خێزانەکانی چیای شنگال هیچ هیوایەکیان بە ژیان نەمابێت، وەك بەرەکات دەڵێت "خێزانەکان حەزیان دەکرد پێکەوە بمرن، نەك تاك تاك".

**دەڵێن رۆح شیرینە**

"بەرەکات" بینیویەتی هەندێك لە پیاوەکان لە شنگال خۆیان دەرباز کردووە و خێزانەکانیان جێهێشتووە.
ئەو وەك زۆربەی دانیشتووانی قەزاکە لەگەڵ پێنج لە ئەندامانی خێزانەکەی روو لە چیای شنگال دەکات، هەرچۆنێك بێت توانیبووی بڕێك نان لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام بە گریانەوە دەڵێت "خێزان هەبوو لە چیای شنگال هیچ نانێکی پێ نەبوو".
"بەرەکات" بە چاوی خۆی چەندین بەساڵاچووی بینیوە کە لە مەرگ ڕایانکردووە و بەو چیا سەختەدا هەڵگەڕاون، بەڵام دواتر بیستوویەتی کە زۆر لەوانە لە ڕێگا لە برسان و لە تینوێتیان گیانیان لەدەستداوە.
"بەرەکات" دەڵێت دوو کاتژمێر دوای ئەوەی لە گوندی وەردیێ نزیك چیای شنگال بەرەو چیا بەڕێکەوتووە، بە چاوی خۆی یەکەم منداڵی بینیوە کە مردووە.

**دایکەکان شیریان نەمابوو**

"مردن زۆر زۆر بوو، بە تایبەتی لە نێو منداڵان، چونکە دایکەکان شیریان نەمابوو بیدەنە منداڵەکانیان، هەروەها ئەو خواردنەی دەدرایە منداڵان پێی تووشی سکچوون دەبوون". هەروەها دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون لێویان کول بوو کە من یەکێك بووم لەوان".

## خوێنیان لێدەچۆڕرا

"بەرەکات" بە چاوی خۆی چەندین منداڵی پێخواسی بینیوە و دەڵێت "ئەو منداڵانە بە هۆی دار و بەردی ئەو چیا بەردینە قاچیان بریندار بوو بوو، خوێنیان لێدەچۆڕرا".

ئەوانەی پەنایان بردبووە بەر ئەو چیایە، هەموو ئەوانە مردنیان بە چاوی خۆیان بینیوە "ئێمە لە ژێر ڕێژنەی گوللەی قەناس و دۆشکە، شنگالمان جێهێشت، هەموو منداڵەکانمان تۆقیبوون".

"بەرەکات" کە باوکی دوو کوڕ و کچێکە، کچەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و دوو کوڕەکەشی دەداتە دەست براکەی بۆ ئەوەی بە ئۆتومبێل دەربازیان بکات. ئەو بۆ ماوەی (٨) کاتژمێر کچەکەی لە باوەش گرتووە و بە بێ ئاو و نان بە پیادە ڕۆیشتووە، ئەو دەڵێت "هەموو منداڵەکان لە ژێر مەترسی مردندا بوون، چونکە ئاو نەبوو بیخۆنەوە".

تاکە سەرچاوەی ئاو لەو چیا سەختەدا تەنیا یەك کانی بووە، ئەویش دەبووایە بۆ ماوەی (٤) کاتژمێر بە پێ بڕۆی بۆ ئەوەی بگەیتە کانییەکە.

ئەوەی مەترسی مردنی زۆری لەسەر بوو، وەك "بەرەکات" ئاماژەی پێدا، بەساڵاچووان بوون، بە تایبەتی ئەوانەی نەخۆش بوون "بەساڵاچوویەکی زۆر لە شنگال تووشی نەخۆشی شەکرە و جەڵتەی مێشك بوون، هەموو دیمەنەکان ڕەنگی مردنیان گرتبوو".

"بەرەکات" لە پێنجەمین ڕۆژی مانەوەی لە چیای شنگال پەیوەندی بە (ڕووداو)ەوە کرد و هاواری ئێزیدییەکانی گەیاندە هەمووماڵێك، ئەو گوتی پێنج ڕۆژە خێزانەکەی نەبینیوە و چارەنووسی نازانێت.

## ژیان گەڕایەوە قۆناغی سەرەتایی

"بەرەکات" لە درێژەی گێڕانەوەی تراژیدیای چیای شنگالدا باسی ڕەوشی خۆیان دەکات لە شەوان و دەڵێت "لە شەواندا نووستن نەبوو، چونکە جێگە نەبوو، دەبووایە لەسەر تاشەبەردەکان بنووین، بەڵام سەرماش بوو، نەتدەتوانی بە بێ بەتانی بخەویت".

نەخۆشکەوتن گەورەترین بەڵای ئاوارەکان بوو، چونکە هیچ نوژدارێك لەو چیایەدا نەبوو، وەك "بەرەکات"، دەڵێت "ئەوەی نەخۆش کەوتبا دەبووایە چاوەڕێی مەرگ بکات، چونکە هیچ نوژدارێکی لێ نەبوو".

ئەو لە وەسفی ئەو ڕۆژانەدا دەڵێت "ژیان لەو چیایە گەڕابووەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی".

**کات گیری خواردبوو**
ئاوارەکانی شنگال بەردەوام چاوەڕێی هەواڵێکی دڵخۆشکەریان کردووە، بەڵام ئەو هەواڵە دڵخۆشکەرە نەدەگەیشتە ئەو چیا پان و بەرینە، چونکە هەموو ئاوارەکان مۆبایلیان پێ نەبووە.
کاتژمێر لەوێ گیری خواردبوو، وەك "بەرەکات"، دەڵێت "کات نەدەڕۆیشت، لەو حەوت ڕۆژەدا هەر کاتژمێرێك لە لای ئێمە بە ٢٤ کاتژمێر بوو".
تاکە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری لەو چیا سەختەدا کە لە زۆربەی شوێنەکانیدا تۆڕی پەیوەندی نییە، تەنیا مۆبایل بووە، لەگەڵ رادیۆیەك، "بەرەکات"، دەڵێت "ماڵێك لە چیا هەبوو، ئێمە نزیکەی ٤٠٠ کەس لەو ماڵە کۆببووینەوە گوێمان لە رادیۆی رووداو دەگرت".
خەڵکی چیا کە دەیانزانی "بەرەکات" پەیامنێری تۆڕی میدیای رووداوە، زوو زوو دەچوونە لای تاوەکو بزانن هەواڵی تازە چییە. "بەرەکات" دەڵێت "زۆرجار هەواڵی ناڕاستم بە خەڵکەکە دەگوت، تەنیا بۆ ئەوەی ورەیان بەرز ببێتەوە".

**هەواڵە ناخۆشەکە**
جگە لە برسێتی و تینوێتی کە برستی لە ئاوارەکان بڕیبوو، زوو زوو هەواڵی ناخۆشیشیان پێدەگەیشت و دەیانگوت داعش فڵان شوێنی گرت و ژنەکانی ئەو شوێنەی بردن، ئەوەش هێندەی دیکە ئاوارەکانی دەتۆقاند.
"بەرەکات" حەزی دەکرد دوایین کەس بێت شاخەکە جێبهێڵێت، بەڵام دەڵێت بە هۆی برسێتی و تینوێتی، مردن تا دەهات نزیکتر دەبووەوە.
"بەرەکات" لە ڕۆژئاوای چیاکەوە رزگار کراوە، ئەو بە چاوی خۆی بینیویەتی بە هەزاران خەڵك لەو شوێنە بە هاوکاری جەنگاوەرانی پێشمەرگە "خەڵك بە لێشاو لە چیا دەهاتنە خوارەوە، وات دەزانی کەس لە چیاکە نەماوە، بەڵام بە هەزاران کەس لە چیاکەدا ماون". بە بڕوای "بەرەکات"، ئەگەر پێشمەرگە جەنگاوەرەکان نەبوونایە بە هەزاران خێزان لەو چیایە بە کۆمەڵ دەمردن.
وەك "بەرەکات" دەڵێت، لە نێو ئاوارەکانی چیای شنگال باسی هەرە گەرم بردنی ژنانی ئێزیدی بووە لەلایەن چەکدارانی داعش "ئەوە تەنیا دەنگۆ نەبوو، زانیاری پشتڕاستکراو هەبوون، چونکە خەڵکێکی زۆر ئەو دیمەنانەیان بە چاوی خۆیان بینیبوو، بە تایبەت لە گوندی وەردێ ژمارەیەك ژن و پیاو بۆ شوێنێکی نادیار براون".

ئەوەی جێی سەرسوڕمانی خەڵکەکە بووە، وەك "بەرەکات" باسی دەکات، چۆڵکردنی شنگال بووە لەلایەن پێشمەرگەوە "خەڵکەکە دەیانگوت ئەوانە پێشمەرگە نین و ناویشیان پێشمەرگە نییە کە شنگالیان چۆڵ کرد".
ئەو شەوەی داعش هێرشی کردە سەر شنگال، پەیامنێری (رووداو) لە کۆمەڵگەی گرعوزێر بووە و دەڵێت لە کاتژمێر (٢)ی شەو بۆردومانی داعش بۆ سەر کۆمەڵگەکە دەستیپێکردووە و ئەو بۆ ماوەی (٤) کاتژمێر لە ژێر بۆردوماندا بووە.
"بەرەکات" خۆی دەگەیەنێتە ماڵەوە، بەڵام ناتوانێت سەرجەم خێزانەکەی بە ئۆتۆمبێلەکەی رزگار بکات، بۆیە بە براکەی دەڵێت کە منداڵەکان بە ئۆتۆمبێلەکە رزگار بکات و ئەویش لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و خێزانەکەی بە پێ بەڕێدەکەون.
بە هۆی ئەوەی چەکدارانی داعش لە شەودا هێرشیان کردووە، "بەرەکات" هیچ کام لە چەکدارەکانی نەبینیوە، بەڵام وەك لە خەڵکی بیستووە، چەکدارانی داعش ئەوەندەش مەترسیدار نین "ئەوان تەنیا بە رێکلام خەڵکیان تۆقاندووە، زۆر ترسنۆکن، بۆ نموونە لە کاتی هێرشکردنیان بۆ سەر سیبا شێخ خدر، خەڵکی ناوچەکە بە چەکی زۆر سادە بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر شەڕیان کرد".

### بمکوژن

ئەوەی زیاتر ترسی خستبووە دڵی ئێزیدییەکان، دەستدرێژی چەکدارانی داعش بووە بۆ سەر ناموسیان، رەنگە ئەو ترسەش لە شوێنی خۆیدا بووبێت.
"بەرەکات" چیرۆکی ژنێك دەگێڕێتەوە کە کەوتووەتە دەست چەکدارانی داعش و دەڵێت "ئەو ژنە دوای هاتنی بۆ چیا گوتی کەسێك نییە لە ئێوە من بکوژێت، گوتیان بۆ؟ ئەویش بە گریانەوە گوتی: چەکدارانی داعش چەند ڕۆژێك گرتیانم و دەستدرێژییان کردە سەرم". هەروەها گوتی "ئەوان دەستدرێژییان کردە سەر دەیان ژنی وەکو من".
"بەرەکات" لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئەو حاڵەتەی بەسەر ئەو ژنەدا هاتووە لە کاتێکی دیکە و شوێنێکی دیکە بووایە ئەوا ژنەکە دەکوژرا، بەڵام دەڵێت "خەڵکەکە بە کوڵ بۆ ژنەکە گریان و دڵنەواییان دایەوە".

### یەکگرتوو بوون

ئەوەی زۆرتر "بەرەکات" و ئاوارەکانی دڵخۆش کردووە، تەبایی و یەکگرتوویی بووە کە لە چیا لە نێو ئاوارەکاندا هەبووە، ئەوان حەزیان دەکرد

هەموو پێکەوە بن لە رۆیشتن، لە چوون بۆ سەر کانی، لە خواردن، ئەوانەی پاروە نانێکیان لە گیرفاندا بوو حەزیان نەدەکرد بە تەنیا بیخۆن، بەڵکو دەیاندایە هەموو منداڵەکان.
"بەرەکات" رۆڵی پیاوانی ئاینی ئێزیدیش لە بیر ناکات و دەڵێت "بەردەوام بە نێو خەڵکدا دەسووڕانەوە و دوعایان بۆ دەکردن".

## تراژیدیای (٣)

## تەنها دوو ڕێگا لە بەردەم ئێزیدییەکاندایە: یان چیای شەنگال یان ئاڵای سپی[١]

دوای پەنجا ساڵ جارێکی تر عیدۆ خزر ناچاربوو رووبکاتەوە شاخەکان، بەڵام جیاوازییەکەی ئەم جارە ئەوەیە ٤٤ کەسی لە ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە و لە دەست مردن خۆیان رزگار کردووە.
هەڵمەتەکەی داعش ئەمجارە گەیشتە سەر ئێزیدییەکان، ئەمەش درێژکراوەی ئەو زنجیرە پەلامارەیە کە سەرەتا شیعە و مەسیحی و سوننەکانی گرتەوە و ئێستاش بەربووەتە گیانی پێکهاتەکانی تریش، بەڵام پێدەچێت کارەساتی ئەمجارەی ئێزیدییەکان زۆر گەورەتربێت، چونکە یان دەبێت ببنە موسوڵمان یان دەبێت بکوژرێن، ئەوەش لە یاد نەکرێت کە ژمارەیان زۆر زۆرە.
هەر ئەوەندەی زانرا شنگال کەوتووەتە دەست داعش و پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە، ترس و دڵەراوکێیەکی زۆر لە ناو دانیشتوانی کۆمەڵگای خانسور بڵاوبووەوە، هەر زوو عیدۆ کوڕ و کچ و نەوەکانی کۆکردەوە و بە سواری ئۆتۆمبێلەکەیان ڕێگای قەرەباڵغی چیای شەنگالیان بڕی، کاتێك لەلوتکەی شاخەکە نزیکبوونەوە ئۆتۆمبێلەکەیان جێهێشتن و بە پێ درێژەیان بە رۆیشتندا.
ئەو پیاوە بەتەمەنە نەیتوانی لەو ڕێگا چاڵ و چۆڵە درێژە بە رۆیشتن بدات، بۆیە کوڕەکانی بە نۆرە دەیانکردە کۆڵ هەتا گەیشتنە ئەشکەوتێکی چۆڵ، هەرچەندە شوێنەکە زۆر ترسناك دەینواند، بەڵام دانیشتوانە نوێیەکەی زیاتر لەوێ دڵنیابوون وەك لە ناوچەکەی خۆیان کە کەوتووەتە دەست داعش.
ئەمە دووەم جارە عیدۆ ئاوارە دەبێت، جاری یەکەم ئەو دەمە بوو کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە دەست رژێم هەڵهاتوو ماوەیەك لەو ناوچەیە مایەوە.
ئێزیدییەکان خاوەنی ئاینی تایبەتی خۆیانن و بە زمانی کوردی دەدوێن، پێگەی سەرەکییان هەردوو قەزای شنگال و شێخانە لە پارێزگای موسڵ، بەشی هەرە زۆریشیان سەرقاڵی کشتوکاڵن، لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەوە، لەبەر ئەوەی هەرێم وەك ناوچەیەکی سەر بە کوردستان دەیانناسێنێت.
حەمید کوڕە گەورەی عیدۆ نەیتوانی خۆی لە بەرامبەر ئەو کارەساتەدا رابگرێت و بە گریانەوە باسی بارودۆخی خێزانەکەیانی دەکرد کە چەند ڕۆژێکە لەو چیایەن.

---

١- نیقاش | خاڵس جومعە

حەمید لە ڕێی تەلەفۆنەوە وتی "سێ ڕۆژە منداڵەکانم بەسەر ئەو شاخەوەن و لە ئەشکەوتدا دەژین، لە ڕێی فڕۆکەوە بڕێکی کەمی ئاو و خۆراك فڕێدەدرێتە خوارەوە".
بە هۆیەکی نەناسراو پەیوەندییەکەی دەپچڕاو ئەوەندەی روون بوو دەیوت "دەترسین کچەکانمان ببرێن، چونکە دەبیستین وەك کەنیزە داعش مامەڵە لەگەڵ کچانی ئێزیدی دەکات".
خەیری نایف کە لەگەڵ نزیکەی سی هەزار ئێزیدی تردا بۆ دهۆك هەڵهاتوون دەنگۆی فڕاندنی کچان پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "چوار کچی ناسیاومان لە لایەن داعشەوە براون تا ئێستا چارەنوسیان نازانین، تەنها ئەوەندەمان بیستووە کە لە تەلەعفەرەوە بە پاس براون بۆ موسڵ".
بەشی دووەمی کارەساتەکە ئەوەیە کە ڕێکخراوی یونسێف رایگەیاند تا ئێستا چل منداڵ لە چیای شنگال مردوون، چاوەڕێ دەکرێت ئەو ژمارەیەش رووی لە هەڵکشان بێت بە تایبەتی کە زیاتر لە ٢٥ هەزار منداڵ لەو چیایە گیریان خواردووە.
کەریم شەشۆ یەکێکە لەو ئێزیدییانەی بۆ خۆی بە بازگەی داعشدا تێپەڕیوە و هیچیان لەگەڵ نەوتووە، بەڵام وەکو سەرجەم ئێزیدییەکانی تر متمانەی بەو گروپە نییە، بۆیە لە تەنیشت دراوسێکەیەوە وەستابوو کە لە سەربان ئاڵای سپی هەڵدەکرد و دەیوت "هەر ئەوەندەی شوێنی خۆیان قایم بکەن ئیتر وەك مەسیحی و شیعەکان دەکەونە گیانی ئێمەش".
داعش هەر ئەوەندەی دەستی گرت بەسەر شنگال و دەوروبەریدا داوای لە دانیشتوانەکەی کرد ئەوانەی دەیانەوێت ژیانیان پارێزراو بێت ئاڵای سپی لەسەرماڵەکانیان بەرز بکەنەوە، بەڵام لە ناو سێ هەزار کەسی دانیشتووی خانسووردا تەنها بیست پیاوی بەتەمەن مانەوە کە یەکێکیان شەشۆیە.
چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا حکومەتی عێراقی لە ڕێی هێلیکۆپتەرەوە بڕێك ئاو و خواردەمەنی بۆ ئاوارەکانی سەر چیای شنگال فڕێدایە خوارەوە، بەڵام بەشی زۆری ئاوارەکان دەستیان بەو هاوکارییە نەگەیشت.
کاتێك لە حەمید عیدۆمان پرسی تا چەند دەتوانن بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرن؟ بە خەمێکی قوڵەوە وتی"پێمان وانییە بەم زووانە گۆڕانکاری ڕووبدات، لەوەش دەترسم چەند ڕۆژێکی تر بە هیچ شێوەیەك ئاو و خۆراکمان لەلا نەمێنێت".

## تراژیدیای (٤)
## شنگالییەکان بەسەرهاتی تاڵ[١]

لەوە دەچێت چیرۆك و تراژیدیای ئێزیدیەکان هەر بەوەندە نەوەستابێت، کە لە زێدی باو باپیرانیان وەدەرنران و قەتلوعام کران، هەر بەوەندە نەوەستابێت، کە دۆزەخیان لە ڕووی شنگالییەکان کردەوە، کە خەریکی ژیان و کاری ئاسایی خۆیان بوون، کەچی لە پڕ داعشەکان لە ماوەی چەند سەعاتێك خەونەکانیان زیندە بە چاڵ کردن، لە خاکی خۆیان نامۆیان کردن لە وڵاتی خۆیان ئاوارەیان کردن، ڕەنگە بەسەرهاتی هەر یەکێك لە خێزانە شنگالییەکان ببێتە کەرەستەی ڕۆمان و فیلم و بە ئاسانی نەنووسرێتەوە، هەر بەوەندە نەوەستان، بەڵکو پەلاماری کەرامەتی کچە ئێزیدیەکانیاندا، کە وەك خۆیان دەڵێن: لە هیچ سەردەمێک تاوانی وا ئەنجام نەدراوە.

### لە زمانی خۆیانەوە

کاتێك لە (شاریا) دەگەڕێیت، زیاتر لە بیست و پێنج هەزار خێزان لە ناو باڵەخانە کۆنەکان و قوتابخانە و کەلاوەکاندا دەژین، هەر هەموویان چیرۆکی تاڵی خۆیان دەگێڕنەوە کە چۆن جینۆسایدکران، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە دەڵێن: هەرچی بەسەرمان هات لە ماڵ وێرانی و دەربەدەری ژیانی بێ نان و ئاوی لە چیا، نەگەیشتە ئەوەی پەلاماری سێکسیمان دراوە، کە ئەوەیان هەرگیز لە بیر ناچێتەوە و مرۆڤایەتی شەرم لەوە دەکات کە کچان ببنە قوربانی شەڕێکی نەگریس، کە بەر دەرگای ماڵی هەمووانی گرتەوە، بە تایبەتی شنگالییەکان.

"بەیان باپیر" تەمەن(٢٧) ساڵ گوتی: "کاتێك داعشەکان پەلاماری شنگالیاندا، بێجگە لە تاڵانی، دەستیان کرد بە دەستدرێژی بەسەر کچان، کچە هاوڕێکەم کە هاوسێمان بوو، نەیتوانی لە دەستیان ڕا بکات و زۆر بێڕەحمانە دەستدرێژیان کردە سەری، تا ئێستایش بێسەر و شوێنە".

"بەیان" دەڵێت: "کە لە چیا بووین، چیرۆکی تاڵیان گێڕایەوە، کە چۆن کچانی شنگال بوونە قوربانی هەوەسی چەکدارانی داعش، هەندێکیان لە بەندیخانەی (بادۆش) دەست بەسەرن".

---

١-گۆڤاری گوڵان

## چیرۆکی تاڵ

"پەرچەم نیرۆ" تەمەن (٢٠) ساڵ، گێڕایەوە:" ئێمە ڕوومان کردە چیا ڕزگاربووین لە دەست تیرۆرستان، بەڵام ئەو کچانەی کەوتنە دەست داعش دەستدرێژی سێکسیان کرایە سەر و بێجگە لە تالانی ماڵ و سەربڕینی کەسوکاریان خۆشیان بوونە بەشێک لە تراژیدیای دەستی چەکدارانی داعش".

"پەرچەم" زیاتر دەڵێت: ژمارەی ئەو کچانەی ڕفێندراون گەلێک زۆرە، زۆربەشیان بێسەر و شوێنن، ئەوەش لای ئێمە زۆر لە قەتلوعامەکە گەورەترە، چونکە جگە لە جینۆسایدی خاك بە جەستەیش ئازار دراین.

## خۆکوشتنی کچان

"لەیلا خدر" تەمەن (٤٢) ساڵ، خاوەنی دوو کچە و کچەکانی بێسەر و شوێنن، چونکە ئەو لەگەڵ کوڕەکەی توانیان خۆیان ڕزگار بکەن دوای حەوت ڕۆژ لە برسییەتی و تینوویەتی چیا بە ئازارێکی زۆر گەیشتووەتە (شاریا) دەڵێت:"هەر دوو کچەکەم ڕفێندراوە، نازانم چارەنووسیان چی بەسەرهات".

"لەیلا" بە دەم گریانەوە گوتی:" ئەوەی جێگەی داخە، هەندێک لەو کچانەی کە ڕفێندرابوون و دەستدرێژی سێکسیان کرابووە سەر، لە ترسی خەڵك و باوك و دایکی خۆیان و لە شەرمی خۆیان، بڕیاریاندا خۆیان بکوژن، چونکە ژیان هیچ مانایەکی نەما بۆیان، بۆیە مەرگیان بەلاوە باشتر بوو".

## کوڕەکە دایکی خۆی کوشت!

لەوانە تاڵتر، "موراد باپیر" تەمەن (٥٠) ساڵ، ئەوەی گێڕایەوە، کە کاتێك چەکدارانی داعش هەڵیان کوتایە سەر شنگال دەمانزانی چی ڕوودەدات، لە قەتلوعام، بۆیە پێش ڕاکردن و ڕووکردنە چیا و لە ترسی ئەوەی ئابروی دایکی نەبەن کە هێشتا لە ٣٥ ساڵ تێپەڕ نەدەبوو، کوڕێك بڕیاریدا دایکی خۆی بکوژێت، نەوەك بکەوێتە بەردەست پەلاماری داعشەکان، ئەو کوڕە لەگەڵ ئێمە لە چیا پەشیمان نەبوویەوە لەوەی کە ڕوویدا، چونکە ڕۆژانە ئەوەیان دەگێڕایەوە کە چۆن ئەو ئافرەتانە دەست داعش کەوتن، ئازار دران.

## کچە جوانەکان گەورەترین قوربانین

"مریەم خەلەف" تەمەن (٣٤) ساڵ، باسی لەوەکرد، کە (کچە جوانەکان) گەورەترین قوربانی بوون، چونکە ئەو کچانەی کە جوان بوون، دەبردران بۆ ئەمیرەکان و پێشکەش بەوان دەکرا، جگە لەوەی کە کچان دەستگیر کراون بە

وەحشیترین شێوە دەستدرێژیان کرایە سەر و چارەنووسی هەزاران ئافرەت تا ئێستایش دیار نییە، دەشڵێن "هەندێکیان لەوانە بردراون و فرۆشراون بە وڵاتی سوریا! ".

## تراژیدیای (٥)

## کڕیارەکان زیاتر لە سەر ئەوانە بوون کە تەمەنیان مناڵ بوو یان رووخساریان جوان بوو[١]

ئافرەتێکی دەربازبووی گوندی کۆچۆ، بە ناوی "ن، م، ب" لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤، بەم شێوەیە باسی کۆمەڵکوژییەکەی کۆچۆ و ئازارەکانی خۆی لە دوای کۆمەڵکوژییەکە دەکات و دەڵێ": پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٥-٨-٢٠١٤ لە قوتابخانەی کۆچۆ کۆیان کردینەوە، لە دەرگای قوتابخانەکە جانتایان داناو داوایان کرد، هەرچی پارە و زێڕ و مۆبایلمان هەیە بیخەینە ناوی و هەرچیمان بوو بردیان، هەروەها پیاوەکانیان برد و یەکێك لە کەسوکارەکەی خۆمان وتی": گوێم لە دەنگی تەقە بوو، لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی قوتابخانەکەوە بینیم پیاوەکان دەکوژن.
هەروەها دەڵێ": کاتێك لە چوار ڕێیانی "تەل قەسەب" بوون، وامان تەسەور دەکرد بەرەو چیامان دەبەن، بەڵام نەیانبردین بۆ چیای شنگال، بەڵکو بەرەو گوندی "سۆلاغ" بردمانیان، مناڵ و ژنەکانیان لەیەکتر جیاکردەوە، "ژنە بەتەمەنەکان لە باخچەکە، ئەوانەی شویان کردبوو لە نهۆمی سەرەوە، ئافرەتە گەنجەکان لە باخچەی پشتەوە"، کاتژمێر "١١"ی شەو "١٥٠" ئافرەتیان لە بەر رۆشنایی لایتی دەستی هەڵبژارد و بە سواری چوار پاسی گەورە "مونشەئە" بەرەو شنگال و لەوێشەوە بۆ موسڵ بردیانین.
لە ڕێگا داعشێك کە ناوی "ئەبو بەنات" بوو، بە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دەگەڕا، دەستدرێژی دەکردە سەر ئافرەتەکان، چەند جارێك بە ڕوویدا هەڵشاخام، بەڵام دەمانچەکەی بە ڕوومدا هەڵکێشا، لە شاری موسڵ لە ماڵێکی گەورە دامانیان گرت، کە کۆمەڵێك ئافرەتی تری لێبوو، هەموویان خەڵکی شنگال بوون، بەرپرسەکەیان کە ناوی "نافع عفری" بوو، پرسیاری لێم کرد و وتی": بۆ چی لە ڕێگا هاوارتان دەکرد؟ لە بەر ئەمە سێ جار لێی دام. هەروەها کۆمەڵێك لە کچەکانی گوندی "حەردان" داوایان کرد چای بخۆمەوە، بەڵام رەتم کردەوە و پرسیاری زیندانەکەم لێکردن، لە گەڵ رەفتاری داعشە پیسەکان؟
وتیان": مامەڵەیان زۆر خراپە، بێ سنور پیسن، دوور لە خودا و مرۆڤایەتی.
ئەوەش ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:" بەڵام خێزانەکەم تەنیا خوشك و دایکم مابوون

---

١- جینۆسایدی ئێزیدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێران و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.

ئەوانیش لە تەلەعفەر بوون، خۆشم چوار کەس لە خزمەکانم لە گەڵم بوون، ئێمە کە ژمارەمان دەگەیشتە (٦٠) کەس ڕەوانەی ماڵێکی تریان کردین، هەموو ڕۆژێك ئەمیرەکانیان دەهاتن بۆ ناومان و جوانەکانیان هەڵدەبژارد، بە بێ خواستی خۆیان دەیانبردن.
لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا، کەسێك هات و ویستی من ببا، بڕێك حەبم خوارد، هێزم لە بەر بڕا، هۆشم لە دەستدا، لە بەر ئەوە وازی لێهێنام، دوای چەند ڕۆژێك ئەمیرێك بە ناوی "حاجی شار" هات، منی هەڵبژارد لە گەڵ چوار ئافرەتی تر و بە پاسەوانەکانی وت": من دوای چەند ڕۆژێك دەگەڕێمەوە و ئەم ئافرەتانە "حجز"ن بۆ من و بیانکەنە ژوورێکی تایبەت.
باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ:" بە ئافرەتەکانم وت، سێ شەومان تێپەڕان، سبەی شەوی چوارەم بۆ "شێخ مند" دەخەوین بۆ ئەوەی لەم موسیبەتە رزگارمان بێت، ئەو شەوەش ماینەوە و بۆ بەیانیەکەی ئەمیرێکیان "بەرپرسی زیندانەکە" هات، لە گەڵ هەموو ئافرەتەکانی تر کردمانیانە قاعەیەکەوە، ئەو داعشانەی دەیانویست بمانکڕن کردیاننە ژوورەوە و دەستیان کرد بە هەڵبژاردنی جوانەکانمان.
باسی ساتەوەختێکی زۆر ناخۆش دەکات و دەڵێ:"داعشێك کە زۆر قەڵەو بوو هات، منی هەڵبژارد و وتی: تۆ هەڵسە.. وڵامم نەدایەوە، قسەکەی دووبارە کردەوە و منیش بە ڕوویدا هەڵشاخام و پێم وت": نانانانا.....ئەویش بانگی بەڕێوەبەرەکەی کرد "نافع عفری" و بە تورکمانی قسەی لە گەڵ کرد، بە قژم ڕاستی کردمەوە و وتی:" ئەی سەبیە... دووژمنایەتی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەیت؟ منیش زیاتر لە جارێك هاوارم کرد، هاورێکانیشم هەموویان هاواریان کرد، "عفری" تەئکیدی لە داعشە قەڵەوەکە کرد بمبا، بەڵام من لە شوێنەکەی خۆم هەڵنەسام، ئەویش وتی : لێرە ناڕۆم تا ئەم ئافرەتە نەبەم، بەردەوام بوو لە هەڵوێستی خۆی وهەموو کاتژمێرێك دەگەڕایەوە و داوای لێم دەکرد قبوڵی بکەم و وەڵامی بدەمەوە.
گاڵتەجاڕی و بێ کەرامەتی ئەوان لەو هەڵبژاردەکارییەدا سنوری هەموو ئینسانیەتێکی بڕی بوو، وەك چۆن ئاژەڵ هەڵدەبژێردرێ، لە نێوانیاندا دەستی پێکرد، کڕیارەکان زیاتر لە سەر ئەوانە بوون تەمەنیان مناڵ بوو یان رووخساریان جوان بوو، هەر لەوێش دەیانوت پاش چەند ڕۆژێکی تر دەیانفرۆشنەوە بە نرخی "٥٠٠ بۆ ١٠٠٠" هەزار دۆلار.

دەستەواژەکانیان لە هەڵبژاردنی کچەکان ئەمانە بوون ": ئەمە جوانە بەڵام ئەوە جوانتر، ئەوە منداڵە بەڵام ئەوەی تر هێشتا سینگی بە باشی دەرنەکەوتووە".
باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ:" ئەوەی بیەوێ دیمەنی دەمو چاویان ببینێ، پیس و ریش درێژ وەك ئەوەی لە چەرخی بەردین و مرۆڤی سەرەتایی بژین، یەکێکیان دوای رێگریکردن لێی یەکێك لە کەسە نزیکەکانی منی هەڵبژارد و بردی، من و سیان لە خزمەکانم لە بەر رێگریکردنمان لێیان روو بەڕووی لێدان و ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بووینەوە لەلایەن پاسەوانەکانیانەوە، ( " پێشم وتن یان دێین لە گەڵی یان ناڕوا ) ئەویش وتی:" لاریمان نیە".
پێش سەرکەوتنمان بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە، داعشە قەڵەوەکە وتی:"ئەمە بۆ من گیراوە، کەسێك لە بەردەم دەرگای ئۆتۆمبێلەکە وەستابوو پێموت لەم قەڵەوە رزگارم بکە؟ ئەویش بە قەڵەوەکەی وت:" ئەم ئافرەتە لە دوێنێ شەوەوە بۆ خۆمم دەست نیشانکردوە و مافی تۆ نیە بیبەی، بۆیە ئیتر لێم دوورکەوتەوە.
دەشڵێ: کردمانیانە ماڵێکەوە و بینیمان نزیکەی (٢٠٠) داعش نوێژ دەکەن، ترسێکی قورس دایگرتین، نانیان بۆ ئامادە کردین، نەماندەتوانی نان بخۆین، یەکێك لە کەسە نزیکەکانمیان برد بۆ شوێنێکی نادیار، بۆ ڕۆژی دووەم تەنیا خۆم مامەوە داعشێك بە ناوی "سەلمان" بردمی بۆ ماڵێکی تر کە تەنیا چەند پاسەوانێکی تێدا بوو.
دوای چەند ڕۆژێك لە ماڵەکە دەرچووم بەڵام دەستگیریان کردم و لە بەرامبەریشدا ئازار و ئەشکەنجە و لێدانی زۆریان کردم وگەڕاندمیانەوە بۆ زیندان، کە کۆمەڵێکی زۆر ئافرەتی تری لێبوو، بەڵام کەسە نزیکەکانم بردیانن وئیتر نەمبینینەوە. "سەلمان" هات و لە گەڵ خۆی بردمی، ئەو شەش پاسەوان و شۆفێرێکی هەبوو، باوکی سەلمان پێی وتم: ئێوە ئێزیدی کافرن و مافی موجاهدینەکانە لە نموونەی کوڕەکەم هەرچیان بوێت پێتان بکەن، ئێوە سەبایەن، بە سەب و تف دەستی پێکرد و بە پێڵاوەکەی کەوتە لێدانم.
بۆ ڕۆژی دووەم ڕەوانەی ماڵێکی تریان کردم و ویستیان تەعدام لێبکەن بەڵام من رەتم کردەوە، دوای شەش ڕۆژ بینیم ئەو شەش پاسەوانە زۆر وریا و هۆشیار نین لە کاری پاسەوانیدا بە تایبەت دوای نیوەی شەو دەخەون، بۆیە شەوی حەوتەم کاتژمێر ١٢ ی شەو هەڵهاتم و بەناو گەڕەکەکاندا ڕێمکرد، دوای دوور کەوتنەوەم لە ماڵەکە لە دەرگای ماڵێکی "ئەل زنجیلی"مدا، هەندێ یارمەتیان پێشکەش کردم و پەیوەندیمان بە قایمقامی شنگالەوە کرد کە هاوڕێی

بوو لە کاتی سەربازی، ئیتر ئەو ماڵە ناسنامەیەکی ساختەیان بۆ ئامادەکردم کە بیسەلمێنێ من خەڵکی موسڵم و گەیاندمیانە ناوچەیەکی ئارام.
ئەم ئافرەتە باسی ئەوەش دەکا کە: لە ڕێگا کەسوکاری شۆفێرەکە پەیوەندیان پێوە کرد بگەڕێتەوە چونکە هەواڵێك هەیە کەسێك ئافرەتێکی ئێزیدی دەردەکات، بەڵام شۆفێرەکە مۆبایلەکەی داخست، دەرکەوت داعش باوکیان گرتووە، دوای گەیاندنی من گەڕایەوە بۆ موسڵ ئیتر باوکیان ئازاد کردبوو، بەڵام دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا گرتبوو، ئەوەشی زانیبوو کە داعش پێیان وتووە سزاکەت لە سێدارەدانە، بۆیە لە گەڵ خێزانەکەی لە موسڵ هەڵهات و ئێستا لە ئەڵمانیایە.
بەم شێوەیە کۆتایی بە چیرۆکەکەی دێنێ و دەڵێ:"چارەنووسی دایك و باوکم و تەواوی ژمارەی خانەوادەکەمان کە چل و چوار کەسە دیار نیە".

## تراژیدیای (٦)

## لالش، شانۆی چیرۆکە تراژیدیەکانی ئێزیدییان[1]

لالش ئەو شوێنەیە کە پێشتر هەموو ئێزیدییەکان بە تامەزرۆییەوە وەك یەکێك لە پیرۆزترین شوێنە ئاینیەکانیان ڕوویان تێ دەکرد، ئێستا بووەتە تەختە شانۆی گێڕانەوەی چیرۆکە تراژیدییەکانیان و پەناگەیەکی بچوك بۆ ئەو ئاوارە ئێزیدیانەی کە بە ناچاری لە ماڵ و حاڵی خۆیان لە شنگال و دەوروبەری دەربەدەر کراون.
لالش دەکەوێتە نزیکەی ١٤ کم باکووری خۆرئاوای قەزای شێخانی پارێزگای نەینەوا. ئەم گوندە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاویی و مەزارگەی شێخ هادی بن مسافیری لێیە کە یەکێکە لە کەسایەتیە پێشینەکانی ئێزیدیەکان و ئێستا شوێنەکەی بووەتە بەجێهێنانی نەریتی حەج بۆ شوێنکەوتوانی بیروباوەڕەکەی.
بەڵام ئەو ئێزیدیانەی ئێستا لەوێ ماونەتەوە، خۆزگە دەخوازن سەردانەکەیان بەم شێوەیە نەبوایە کە لەسەرەتای مانگی ئابەوە بە هۆی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر ناوچەی شنگال و دەوروبەری، هەموویان ئاوارە بوون و ڕووبەڕووی چەندین کردەوەی وەك کوشتن، ڕفاندن و ڕاوەدۆنان بوونەوە و لە زێدی خۆیان هەڵکەنران.
ئەمە جاری یەکەم نیە ئێزیدیەکان توشی دۆخێکی تراژیدی لەو شێوەیە ببنەوە، بەڵکو وەك خۆیان دەڵێن، بە درێژایی مێژو ئەمە (٧٣)هەمین جارە ڕووبەڕووی تاوانی هاوشێوە ببنەوە.
ئێستا لەهەر شوێنێکی لالش و لە لای هەر یەکێك لە ئێزیدیەکان چیرۆکێکی تراژیدی هەیە، لە پێشەوەی قوربانیەکانیش ژنان و کچان و منداڵانن، ئەوان بە جۆرێك ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە تەنانەت لە لالشیش هەست دەکەن سێبەری داعش بە سەر سەریانەوەیە و لێیان دوورناکەوێتەوە، بۆیە ئەم ترسەش وایکردوە ڕووداوی دڵتەزێنی لێ بکەوێتەوە.

### کچان وەک ئامانجی یەکەمی داعش

ئەو کچانەی ئێستا لە گەڵ خێزانەکانیان توانیویانە بە سەلامەتی بگەنە لالش و لە مەترسیەکانی چەکدارانی داعش رزگاریان بێت، هێشتا ترسیان لەوە نەڕەویوەتەوە کە بە تەواوی لە خەم رەخسیون، چونکە لە هەموو ساتێکدا

---

١- ماڵپەری ئاوێنە، هاوکار حسێن

خۆیان بۆ هەڵاتن لەوێش ئامادە کردووە، بیستنی ئەو چیرۆکانەی کە بە سەر کچە ئێزیدیەکاندا هاتوون لە سەر دەستی داعش، بە جۆرێك ترسی لە دڵی کچە رزگاربووەکـانی لالشـدا چانـدووە کـە بـە ئاشـکرا لـە وتـە و سـیمایاندا ڕەنگیداوەتەوە.
"بنار ئیسماعیل" تەمەن(١٦) ساڵ، کە لە گەڵ خێزانەکەی ڕوویـان کردووەتـە لالش، نەیشاردەوە کە ئەو هێشتا دڵـی ئۆقرە ناگرێت و وتی:"دەترسین داعش هێرش بۆ ئێرەش بێنێت، لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەشدا ناچارین هەڵبێین بۆ چیا".
ئەوەی رێکخراوی داعش ئەنجامی دەدات لە کاری وەحشی گەرانە و تیرۆرستی لە پارێزگای موسڵ و شنگال و زوممار و شارەکانی دیکەی عێراقی لە کوشتن و تاڵان و دەرکردن و شکاندنی ناموس و ناچار کردنی مەسیحی و ئێزیدیەکان بۆ موسڵمان بوون و وەرگرتنی سەرانە لێیان و خاپوور کردنی مزگەوت و گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکان و کەلەپووری ئیسلامی پێچەوانەی سەماحەتی ئیسلام و رێنماییەکانیەتی و، ناکۆکە لە گەڵ سەرجەمی بنەماکانی ئیسلام و رەوشت و بەهاکان و، پێچەوانەی هەموو ئەو کارانەیە کە بانگەوازی بۆ دەکات لە ئازادی رادەربڕین و باوەڕ و مافی مرۆڤ لە ژیاندا.

ئا لێرەوە ئێمە وەك زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان لە تەواوی کەسایەتی و زانایان و مەرجەعە ئایینیەکان و دەستە فەرمی و نافەرمییەکانی جیهانی ئیسلامی دەخوازین بۆ ئیدانە و سەرکۆنە کردنی ئەو کردەوە تاوانکاریانەی هاتوونەتە سەر موسڵمانان پێش ئەوەی بێنە سەر مەسیحی و ئێزیدیەکان، تا بەرائەتی خۆتان بکەن بەرامبەر خوای مەزن.

هەر لێرەشەوە دەست خۆشی لە تەواوی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ پاراستن و چاودێری و لە خۆگرتنی لێقەوماو و ئاوارەکان، کە بە ئەرکی خۆیان هەستاون بەرامبەر برا و کەسە ئاوارەکانیان.

هەروەها سڵاو بۆ هێزی تێکۆشەرانی پێشمەرگە دەنێرین بۆ پارێزگاری کردنیان لە کوردستان و هاوولاتیانی، خوای مەزن رەحم بە شەهیدەکانمان بکات و، شیفای خێرای بریندارەکانیش بدات.

**مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید گرتکی**
**سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

(٦)

## حکوومەتی هەرێم سوپاسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات

٢٠١٤/٨/٢٠

**دەقی پەیامەکە**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە سەرۆك باراك ئۆباما دەکات بۆ بڕیاری ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی دژی هێزە تاریکەکانی داعش کە خەڵکی بێتاوانیان لە کوردستان و کەمینە دێرینەکانی عێراق وەك ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك و گرووپە بچوکەکانی دیکەیان دەکوشت و ڕاودەنا و دەتۆقاند. ئێمە مەترسیی لەناوچوونی ئەو کەمەنەتەوە و ئاینانەمان هەبوو ئەگەر هاتوو دەستبەجێ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش نەوەستێنرێت. مەترسیی ئەوەمان هەبوو کاری جینۆسایدی سەرتاسەری دژی ئەم گرووپە بێ دەسەڵاتە ئەنجام بدەن. هەروەها مەترسیی ئەوەمان هەبوو ئایدۆلۆژیای نامرۆڤانەی کوشتن و بڕین بتوانێت ببێتە هەڕەشە لەسەر هەبوونی کوردستان کە تاکە هەرێمی سەقامگیر و دیموکراسی و لێبوردەیە لە عێراقدا.

سوپاسگوزارین بۆ هەموو ئەو پیاو و ئافرەتانەی لە سوپای ئەمەریکا ئەو هێرشە یەکلاکەرەوەیە دژی هێزەکانی تیرۆریستی داعش ئەنجام دەدەن. هەروەها پڕ بەدڵ سوپاسی ئەنجومەنی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا دەکەین بۆ بڕیاری ڕێگەدان بە وڵاتانی ئەندام لەو یەکێتییە و نوێنەرایەتییەکانیان لە هەولێر بۆ دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە هەموو هاوکارییە مرۆییەکان و ئەو پشتگیرییە سیاسی و دیبلۆماسییەی وڵاتانی ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیا و کەنەدا و نەرویج و تورکیا و ئێران و ئیمارات و هۆڵەندا و پۆڵەندا و کۆماری چیك و هەنگاریا و نەمسا و ژاپۆن و ئوردن و ئەنجومەنی ئاسایش و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە پێشکەش بە کوردستانی دەکەن.

ئەو کارەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دژی کەمینەکانی کوردستان و عێراق ئەنجامی دا؛ کارێکی دڕندانەیە. ئێمە پێمان وایە دوای هێرشەکانی سەددام بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ بە چەکی

کیمیـایی؛ وەك خـەڵکـی پارێزگـای هـەڵەبجـە، ئەمـە دڕندانـەترین کـردەوەیـە دەیبینین. هەروەها پێمـان وابوو ئێمـە بەشـی خۆمـان توندوتیژی و مـەینـەتیمان بینیوە کاتێك بە سەدان هەزار لە کورد و کەمینەکان لە ترسی ڕژێمی پێشووی عێراق لە بەهاری ١٩٩١ بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران؛ ڕایان کرد. پێمان وابـوو بەشـــی خۆمـــان قوربـــانیی مرۆییمـــان داوە و چەوســـێنراوینەتەوە و کۆمـەڵکوژی و جینۆسایدمان بەرامبـەر کـراوە و نەهامـەتیمان بینیوە؛ کاتێك ڕژێمـی خاپوورکـەری سـەددام لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لەسـەر حـوکم لابـرا. ئـەم کردەوانـە بـەبیریان هێنایـنـەوە هێشتا بـە هێزی تاریك دەور دراویـن کـە هیچ ڕێزێکیان بۆ ژیانی مرۆڤ نیە.
ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و هێرشە دڕندانەکانیان لـە دژی کەمەنەتـەوە و ئاییینییـەکان بۆتـە مایـەی هـەڕەشـە لـە هـەبوونی ئـەو کەمینـە بـێ دەسـەڵاتانـە لـە شنگال و دەڤەری نەینەوا. ئەوانەیشی کە توانیویانـە بگەنـە پەناگـەیـەکی ئـارام؛ بە هۆی ئەو نەهامەتییە دڕندانەی بەسەریاندا هاتووە؛ ئێستا ئـازاری بەکۆمـەڵ دەکێشن. بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتیی خۆمان بـەجێ دەگەیەنین بۆ پاراستنی کەمەنەتەوە و ئاییینییەکان لە کوردستان و عێراق.
لەسەرمان پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لە ئەنجامی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەدا بوونەتە قوربانی؛ بە شێوەیەکی شایستە بنێژرێن، هاوکات کـار دەکـەین بـۆ پێشکەشکردنی یارمـەتیی پێویست بـە برینداران و لێقەوماوان کـە ئێستا لـە کوردستانن. پێویستە هـەرچی دەتـوانین بیکـەین بـۆ گـەڕانـەوەی ئـەو ئافرەت و منداڵانـەی لەلایـەن ڕێکخـراوی تیرۆریستیی داعشـەوە ڕفێنـراون. لـە هەمان کاتدا بـە باشترین شێوە چاودێریی ئاوارەکـان بکـەین کـە بـە هـۆی ئـەو کارەساتەی لـە ئـەنجامی ڕفاندنی کەسوکاریان بـە سـەریاندا هـاتووە؛ ئێستاش ئازار دەچێژن.
دووبـارە سوپاسـی هـەموو سـەرکردە سیاسـییەکان و ئەنـدامانی پەرلـەمان و بەرپرسـە سـەربازییەکان و تیمـەکانی ڕزگـارکردن و ئاژانسـەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکان و تیمەکانی تەندروستی و هێزەکانی پێشمەرگە و دانیشتوان بـە گشتی دەکەین کـە ئـەوەی پێویست بـوو لەسـەریان بۆ ڕزگـارکردنی زۆرتـرین ڕێژەی هاووڵاتیان؛ ئەنجامیان دا. متمانـەی تـەواومان هـەیـە کاتێك کەلوپـەل و پێداویستیی سەربازی بگاتە دەست هێزەکانی پێشمـەرگە، دەتـوانین هاووڵاتیـان و دەسکەوتە دیموکراتییـەکان و فـرەیـی نەتـەوەیـی و ئـاییـنی و لێبـوردەیـی و پێکەوەژیان لە هەرێمەکەمان بپارێزین و هەر ئـەو بەهایانەشـە کـە کوردستانی

جیا کردۆتەوە. پشتگیری و پابەندییە نێودەوڵەتییەکان پێمان دەڵێن کە ئێمە بۆ بەها و بنەمای دروست دەجەنگین.

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.**
**٢٠ی ئابی ٢٠١٤**

(٧)
## پەیامێك لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

لـە پـەیامێکـدا سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان رایدەگـەیـەنێت دەسـتپێکردنی ئۆپـەڕاسـیۆنی ڕزگـارکردنی دەڤەری شـنگال لە ڕۆژی ئـاڵای کوردسـتان و گەییشـتنی پێشـمەرگە بە چیـای شـنگال لە ١٨ــی ١٢ــی ٢٠١٤ مانـای خـۆی هەیە. بـا هەمـوو دوژمنـان و نـاحەزان بـزانن ئەگەر جارێك بۆیـان بڕەخسـێت کینـی خۆیـان بەرانـبەر کـورد و کوردسـتان دەربـکەن، لە کۆتاییـدا بـاجی تاوانەکانیان دەدەن و ئەبێ تیرۆریستانی داعش ببنە پەند بۆ هەموو دوژمنان.

**دەقی پەیامەکە**

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

خۆشـحاڵم کە لە بـۆنەی جەژنــی ڕۆژووی ئێزیدییانـدا سـەرکەوتنی گەورەی پێشـمەرگە قارەمانەکـانی کوردسـتان بە دیـاری پێشکەشـی خوشـك و برایـانی ئێزیدی دەکەین و ئەمە شیاوترین پیرۆزباییە لەوان دەکەین.
دەسـتپێکردنی ئۆپـەڕاسـیۆنی ڕزگـارکردنی دەڤەری شـنگال لە ڕۆژی ئـاڵای کوردسـتان و گەییشـتنی پێشـمەرگە بە چیـای شـنگال لە ١٨ــی ١٢ــی ٢٠١٤ مانای خۆی هەیە. با هەموو دوژمنـان و نـاحەزان بـزانن ئەگەر جارێك بۆیـان بڕەخسێت کینـی خۆیـان بەرانـبەر کـورد و کوردسـتان دەربکەن، لە کۆتاییـدا بـاجی تاوانەکانیـان دەدەن و ئەبـێ تیرۆریسـتانی داعـش ببنـە پەنـد بـۆ هەمـوو دوژمنان.
هیوادارم بەیەکگەییشتنی ئەم سەرکەوتنە مەزنە و جەژنی ڕۆژووی خوشك و برایانی ئێزیدی ببێتە هۆی سارێژبوونی برینـی ئێمە و ئەو ئـازیزانە و گەلـی کوردستانیش لەوە دڵنیا دەکەین کە سەری دوژمنان دەکەوێتە ژێر پێیان.
هەزاران سـڵاو لە گیــانی پــاکی شـــەهیدانی هەمیشـــە زینــدوو. دوعـــای چاکبوونەوەی بە پەلەش بۆ بریندارەکان و دەست و چاوی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان ماچ دەکەم کە من دەزانم چ قارەمانییەکی مەزنیان تۆمار کردووە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**١٩ـی ١٢ـی ٢٠١٤**

(٨)

## دەقی وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چیای شنگال

بناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان

ب خۆشحالیەکا ئێکجار زۆر ئەز ب گەلێ کوردستانێ رادگەهینم و ل سەر چیایێ شنگالێ، پیرۆزباییەکا گەرم بەری هەرکەسێ ل خوشك و برایێت ئێزدی دکەم، یێت کو لێرە خۆڕاگری و قەهرەمانی و داستان تۆمارکردی، سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم کو د خیلالێ ٢٤ سەعەتادا دوو رێکێت سەرەکی ڤەکردن بۆ رزگارکردنا ڤان قەهرەمانا لسەرێ چیایێ شنگالێ، رێکا رەبیعە شنگال و رێکا زومار شنگال. ئەڤە ب هەمی پێوەرا داستانەکا مێژوویی بوو کو هاتیە تۆمارکردن، و لێرەدا ب پێویست دزانم، ل سەر ڤی چیایێ سەرکەڤ سلاڤێت گەرم ب هنێرم بۆ هەمی پێشمەرگێت قەهرەمان، بۆ گەلێ کوردستانێ، و لێرە ئەز د وێ باوەرێ دامە کو گیانێ پاکژێ وان شەهیدا ئەڤرۆ یێ ل سەر سەرێ مە د زڤڕن و ل مە کەیفخۆشترن، کو ئەم ئەڤڕۆ ل سەرێ چیایێ شنگالێ، پاش کو هەمی دوژمنێت بەشرییەتێ، دوژمنێت مرۆڤایەتیێ، دوژمنێت گەلێ کوردستانی تێکهاتنەشکاندن، ئەڤڕۆ ئەوێت بەر هەمێ خوینا خۆ دبینن، ئەمیش ب سایا سەرێ خوینا وان ب سەربەرزی و ئازادی دهێین و دچین.

بەرنامە بۆ مە، بەرنامەیەکی زۆر زۆرێ گرنگ بوو، بژل لوێ کو بەرنامەیەکێ نەتەوەیی بوو، بەرنامەیەکێ مرۆڤایەتی بوو، بەرنامەیەك بوو کو کەرامەتا بەشەکێ عەزیز ل ملەتێ مە، کو کەرامەتا هەمی ملەتێ مەیە، جارەکا ڤەگەڕێتەڤە و ئەو باوەڕی ب خۆ جارەکا دی ڤەگەڕێتەڤە.

سوپاس بۆ خودێ، کو یەك بوو ل ئاواتێت من د ژینا من دا، کو ئەز بێم ل سەر چیایێ شنگالێ پیرۆزبایێ ل خوشك و برایێت خۆ بکەم، بێژمێ بیرۆز بیت سەرکەفتن، سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان بکەم، بێژمێ سوپاس بۆ قەهرەمانیا ئنگۆ، و سوپاسیا گەلێ کوردستان دکەم بۆ ئەو پشتیڤانیا کو نیشان دای. الحمد لله، رێك هاتنەڤەکردن، ئەو ئابلوقا کو هاتیە دانان ل سەر چیایێ شنگالێ هاتە شکاندن، و ئەڤڕۆش الحمد لله تەمامێ هەمی مەنتیقا یێت هاتیە پاکسازی کردن، و باژێرێ شنگالێ ب خۆژی د زمنێ بەرنامێ مە دا نەبووە،

ئەما بەشەکێ زۆر ل شارێ شنگالێ ژی یێ هاتیە کۆنترۆل کردن. ب نیسبەتا مە چ جە نینە کو دەستێ مە بگەهتێ و دەست بپارێزین ل لێدانا ڤان تیرۆریستێت داعش، ئەما جارەکا دێ تەقییما ڤێ مەرحەلێ کەینەڤە و هەمی وەختەکیش پێشمەرگێت قەهرەمان د ئامادەنە بۆ هندێ دەرسێت دی نیشانی هەرچی کەسێ کو بیر ل هندێ بکەتەڤە جارەکا دی تەعەدایەکێ ل ملەتێ مە بکەتن. جارەکا دی ئەز سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم، سوپاسیا خۆڕاگریا ئەڤ خەلکێ قەهرەمان دکەم، کو د نەخۆشترین زروفدا خۆڕاگربوون و پەندا خۆڕاگریێ و قەهرەمانییێ نیشانی هەمی دنیادا، الحمد لله ئەڤە ئەمێت ل سەرێ چیایێ شنگالێ ڤێ کۆنفرانسا رۆژنامەڤانی دکەین، و ب راستیش کەیفخۆشیا من چ حدود بۆ نینە، هەر هندەیە سوپاس بۆ خودێ، سوپاس بۆ گەلێ کوردستانێ، سوپاس بۆ پێشمەرگەی.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٤/١٢/٢٢**

**(٩)**

## دەقی وتاری سەرۆك بارزانی لە مەراسیمی ساڵیادی کارەساتی شنگال

ب ناڤێ خودێی مەزن و دلۆڤان

جەماوەرێ خۆشتڤیێ کوردستانێ. پێشمەرگێن قەهرەمان. کەسوکارێن سەربەرزێن شەهید وقوربانیان. مێڤان و ئامادەبوویێت بەڕێز..

ئەڤرۆ ساڵەك دەربازدبیت ب سەر هێرشا وەحشیانە یا رێکخراوا تیرۆریستی یا داعش بۆ سەر کوردستانێ و هەروەها یەك ساڵ دەربازدبیت بسەر کومکوژیا کو ل شنگالێ روودای.

د ڤێ رۆژێدا من رێز و حورمەتەکا زۆر یا هەی بۆ یەك یەك پێشمەرگێن کوردستانێ و سلاڤ بۆ گیانێ پاکێ هەمی شەهیدان و ئەز بەشدارو هەڤ خەمێ یەك یەك بنەماڵێت شەهیدو ئێخسیرانم، هەڤ خەمێ هەمی بنەماڵێت کچ و خوشکێن کوردێن ڕەڤاندی یێن کوردێن ئێزدیمە، خودێ سەبرو تەحەمولێ بدەتە مە هەمیا قوەتێ بدەتە مەو هەمی ئەو تاوانبار بسزایی خۆ بگەن.

هێزو دڕندەییا داعشان دنیا لەرزاند، ئەمما الحمدلله ل کوردستانێ پێشمەرگێت قەهرەمان ئستورا داعش تێکشکاندو ئیسبات کرد بۆ دنیایێ کو ب چەکەکێ زۆرێ کەڤن پێشمەرگا هێزەکا دڕندەیا کو داعشن، تێکشاند، کو باشترین چەك د دەستێ واندابوو و ب ڤێ قەهرەمانیێ و ب خوینا شەهیدا ناڤ و بانگێ مللەتێ کورد گەهشتە هەمی جیهانێ و هەڤرۆ هیچ وڵاتەك و هیچ جهەك نییە د دنیایێ دا کو ب شانازیەڤە بەحسێ قەهرەمانیا پێشمەرگەی و گەلێ کوردستانێ نەکەن.

الحمدلله زۆر دەڤەر هاتنە رزگارکردن و هێشتا هندەك جە یێت مای، یەك ل وان نیڤەکا باژێرێ شنگالێیە و دەوروبەرێ وێ، نە مموکینە ئەم راوەستین هەتا تەمامێ ئاخا خۆ ل دەستی دوژمنێ خۆ رزگارنەکەین، ئەمما مە دڤێ وەختێ ئەم وێ بکەین کو خەڵك بشێت ڤەگەڕێت بۆ جهێت خۆ، ئەڤێ ژی بەرنامەیەکێ مەزن یێ پێش، کو گرێدایە ب هندەك عەمەلیاتێت مەزن ڤە، کو

حکومەتا عێراقیش دێ بەشداربیت تێدا و ب پشتیڤانیا هەڤپەیمانا، لبەر هندێ ئەم د چاڤڕێیینە.

بەس من ل ڤێ قاعێ، ئەز بێژم ل دەوروبەرێ بیستێ هەیڤا دەه بوو، من گۆتە هەوە خوشك و برایێت ئێزدی، انشاالله زۆر پێ ناچێت، ئەمما ئەگەر سەد ساڵ پێبچن، سەد رۆژیش پێبچن، ئەم دێ شنگالێ گرینەڤەو ئەم دێ چیایێ شنگالێ رزگارکەین و دێ رێکێش بۆ شنگالێش ڤەکەین.

هەر دیسا ل بیستێ هەیڤا دوازدە بوو ل چیایێ شنگالێ، بۆ من وەکو رۆژەکا نوو بوو د ژیانا من دا، ژیانەکا نوو بوو، ل وێرێ بسەربەرزی دگەل وان پێشمەرگا و وان خۆڕاگرا وان قەهرەمانا و وان خانەوادیێت کو ل وێرێ مای، من دیت کو ب چ قەهرەمانی ئەڤ دەڤەرە هاتە رزگارکردن، و ل سەرێ وی چیای من گۆتە گەلێ کوردستانێ کو ئەز مزگینیێ بدەمە خۆ و بدەمە هەوەش کو چیایێ شنگالێ رزگاربوو.

مشکیلا مەزن یا مە خوشك و برایێت مە، ئەڤەیە مە خەلەلەکا مەزن د مەسەلا جوغرافیدا هەبوو، هەرێما کوردستانێ د گەل شنگالێ مەسافەیەکا زۆر زۆرا درێژ، دوژمنێ مە تێدا بەینا وان، وەختێ کو ئەز هاتەمە ڤێ دەڤەرێ من زۆر تەخمینا خۆ تێدا کرد، هەتا ئەم پشتا خۆ قایم نەکەین، هەتا ئەم رێکێت خۆ ڤەنەکەین، ئەم پێناوەستین زەمانەتێ بدەین ئەم دێ چینەڤ شنگالێ، لبەر هندێ سەربەرزانە پێشمەرگێت قەهرەمان ب حدودێ حەفت هەزار کیلۆمەترا ب خوینا خۆ رزگارکردن بۆ هندێ هە شنگالێ هەتا دگەتە دهۆکێ و هەتا زاخۆ و هەتا د گەتە سحێلا، ب سەربەرستی و ب ئازادی زارۆك بێت هاتوچۆیێ بکەت، کەسەکی دی جورئەتێ بکەت جارەکا دی رێکێ لێبگریت.

وەختێ کارەساتا شنگالێ روودای، جەنابێ بابەشێخ دگەل جەهایێت ئێزدییا هاتنە نك من، دوو رۆژ سێ رۆژ پێچۆبوون، ئەز چ جارا رۆنکێت بابەشێخ ل بیرناکەم، من گۆتێ بابەشێخ ئەڤە تو و ئەڤ وجەهایێت ئنگۆ، باوەڕ بکەن دلێ من ل یێ ئنگۆ بریندارترە و ئەز ل ئنگۆ موتەئەسرترم، بەس ئەز دێ ڤی وەعدی دەمە ئنگۆ شەرت بی ئەز دێ رحا لسەر دانێم و ڤێ تۆڵێ ل ڤان دوژمنان ڤەکەم. من گۆتێ من نەشڤێ تو وێ تەخمینێ بکەی یان جارەکا دی

ڤێ تیکراریّ بکەیەڤەو پێژیە من ئێزدخانە تەمام. ئێزدخانە تەمام نابی، چونکی کوردستان تەمام نابی. ئێزدخانەو ئێزدی یەعنی کورد. یەعنی کوردستان.

د وەختێ خۆدا من گۆت کو کوردێت رەسەن ئێزدینە، قەد من ئەو ل خۆڤە نەگۆت، چونکی ب حەقیقەت ئێزدیا رەسەنەتیا کوردا یا پاراستی و ئەو باجی کو دایش ئێزدیا مومکینە یەك ل سەببا ئەوە چونکی کوردایەتیا خۆ یا پاراستی، دینێ خۆ بکوردی یێ پاراستنی، عادات و تەڤالیدێت کوردا یێت پاراستی، زمانێ خۆ یێ پاكژ یێ کوردی یێ پاراستی.

لبەر ڤێ هندێ ئەز زۆر ب ئەرك دزانم و لسەر مەژی واجبە ئیهتیمامەکا زێدەتر ب ئێزدیا بدەین، ئەز زۆر باش دزانم کو درێژاییا مێژوویێ دا چ غەدر و زوڵم ل ئێزدیا هاتیەکردن، هەم ل ناحیا نەتەوەییڤە هەم ل ناحیا ئۆلی ڤە، لبەر وێ یەکی وەختێ کو فورسەت بوو و مەجال بوو هەمی شیانێت خۆ مە بکارئێنان بۆ هندێ کو کوڕ و کچێت ئێزدی باوەڕی ب خۆ پەیدا بکەن، هەمی تاکەکێ کورد، بەس بتایبەتی ئێزدی، کو بەرەڤ ئایندەیەکێ گەش بچن و ئومێدەکا مەزن بۆ دروست بووبی، تەسەووریّ نەکەن د بندستن و دێ جارەکا دی تووشی غەدر بن.

ئەوا بسەریّ ئێزدیا هاتی خەلەکەیەکە ل وێ زنجیرا کو ب سەریّ مللەتێ کورد هاتی، وەکی وێیە کو دوازدە هەزار کوڕ و کچێت فەیلی ئەڤرۆش د بێسەروشوینن، هەشت هەزار بارزانی ئەڤرۆش د بیسەروشوینن، سەدو هەشتێ هەزار کوڕو کچێت مە هە گەرمیان بگرە و هەتا دگەهتە زاخۆ د بێسەروشوینن. ئەڤەش درێژەپێدەرا وان کارەساتایە، یا وان مسیبەتایە کو بسەریّ مللەتێ کورد هاتی. مومکینە زۆر کەس دێ بیژی راستە بۆ مە زۆر برینەکا کوورە. ناموسا مە نەچۆ، ناموسا خوشك وبرایێت مە یێت ئێزدی نەچۆ، بەلێ وان ئیسبات کرد کو وان نە ناموس هەیە نە ئەخلاق هەیە نە دین هەیە. فەقیرەکێ کچکەکێ تو بگری دێ تە پێ چێبی بکوژی، هەرچی تو لێ بکەی، ئەو مێرانی نییە، ب نیسبەتا من ئەو کەچکێت ئێزدی هیمایێ شەڕەفا کوردە.

الحمدلله هەتا نها خودێی فورسەتا دای زۆر ل وان موجریما یێت گەهشتینە جەزایێ خۆ و ئەز دێ وی وعدیش دەم، ئەوێن کو ئەڤ تاوانە کردی هەتا

یەك نەفەرێ وان مابی ل هەر جهەکی بن، ئەم ل دو وان ڤەنابین لازمە بگەهنە جەزایێ خۆ، ئەمما د رێکێن ئسولی ڕا د رێکێن قانونی ڕا، تەوسییا من بۆ خوشك و برایێت مە یێت ئێزدی ئەوە نەکو وەبی بەرێ خۆ بدەنە تۆل ڤەکرنەیەکا عەشوائی یان کو نەتیجە ب زەرەرا وان تەمام ببی و ب زەرەرا میللەتێ وانیش تەمام ببی. هەزاران ل وان موجریما کەلەشێت وان یێت کەفتیە مەیدانێت شەڕی، ئەم دێ ب مێرانی تۆلا خۆ ڤەکەین، ئەو نامەردن، میللەتێ مە میللەتەکێ مەدە، پێشمەرگێ پێشمەرگەیەکی مەردە، ل بەر هندێ وەختێ خۆژی من گوتە وان خوشك و برایێت مە یێت ئێزدی، من گۆتێ لازمە بیر ل هندێ نەکەنەڤە کو خودێی فەرسەت دا تۆلەیەکا کۆرکۆرانە بێتە ڤەکردن، چونکی نەنتیجە پاشی دێ ب عەکسی ڤەکەڕێت، ئەم دێ ئیحتیراما قانونێ گرین، ئەو کەسێ کو یێ بێ گوناح بیت مە چ دگەل دا نییە، ئەو کەسێ کو زەرەر نەکردبیت مە چ دگەل نییە، ئەم ناکەینە میللەتا، ئەم ناکەینە شەڕێ ئاینا، یێ مەزهەبی، بەس واللهی ئوێت کو تاوان کردی، تەعەدا کردی، خاسەتەن مەسەلا نامووسێ و ئەوێت کو هاروکاری بۆ کردی و ئەوێش چاڤساغی بۆ کردی و ئەوێش رێك بۆ خۆش کردی، هەمی ب نسیسبەت مە موجرمن و چ عەفوبوونێت وان نینە و هەمی ژی دڤێ بگەهنە جەزایێ خۆ، ئەڤە خاڵەکە کو من پێخۆش بوو بۆ ئنگۆ روونبکەمەڤە.

خوشك و برایێت خۆشتڤی. گەڵەك زۆرداری میللەتێ مە یێت دیتی، و من بخۆ زۆر و بچاڤێ خۆ زۆر کارەساتێت دیتی کو ب سەر میللەتێ من هاتی، بەس باوەڕ بکەن هیچەك ل وان کارەساتا هندێ ئەڤ کارەساتا بسەر خوشك و برایێت مە یێت ئێزدی هاتی دلێ من بریندار نەکرد.

ئەز شانازیێ ب هەمی کوردستانێ دکەم، هەمی کوردستان بۆ مە یا پێرۆزە، هەمی دار و بەردەکێ کوردستانێ ل هەر پاچەیەکا کوردستانێ، بەس وەکی من گۆتی ئەڤێ کارەساتێ هند ئەم بریندارکردین، کو من شعور ب برینداربوونا ئنگۆ دکردو یا میللەتێ کورد دکرد، لبەر هندێ من ئەو وعدێ من دایە جەنابێ بابەشێخ من هەمی واجبێت خۆ و تشتێت خۆ تەرك کردن و ئەز هاتم بۆ ڤێ مەنتیقێ،

رزگارکردنا ب تنێ چیایێ شنگالێ و دەوروبەرێ شنگالێ کافی نەبوو، ئەگەر مە مەنتیەقە هەمی باکژ نەکردبا، هیچ، دا عەینی کارەسات بسەرێ مە هێتەڤە،

هەر قوەتەکا تو بینی ل دنیایێ ئەگەر پشتا تە یا قایم نەبیت، مومکین نییە ئەو قوەت پێ بوەستیت چ بکەت، نە ئەو مللەتێ کو ل وێرێ دژیت ئیعتیمادێ ب مستەقبەلێ خۆ بکەت، ل بەر هندێ ئەڤ خوینا کو مە دای کو ب سەدان شەهیدو قەهرەمان مە دان، هەمی هەدەفێ مە پێ ئەوبوو کو ئەم شەنگالێ گرێ بدەینەڤە ب هەرێما کوردستانێ و الحمدلله ئەڤە تەمام بوو.

بیر ل هندێ نەکەنەڤە جارەکا ئەم دێ ڤێ مەنتەقێ تەسلیمی یەکێدی کەین، گەلەبا من ئەوە ل حکومەتا هەرێمێش هەمی ئیمکانیاتێت خۆ بکاربینیت، هەرچەندە ڤێ گاڤێش یا د قەیرانەکا ئابووریشدا هەرێما کوردستانێ، تەقسیریش نەکردیە، ئو ب جددی بیر ل هندێ بێتە کرنەڤە ئیدارەیەکا تایبەت بۆ شنگالێ بێتەدانان، ئو دێ ب جددیش کار لسەر بیر کەین هەتا دگەل بەغاش، کو ئەسڵەن ببیتە پارێزگەهەك، ئەڤ مەنتەقا غەربێ دیجلە، و لێرەدا ئەز زۆر ب فەر دزانم، پڕ ب دڵ ئەز_سوپاسیا خەڵکێ پارێزگەها دهۆکێ بکەم و هەمی گەلێ کوردستانی، بەس بتایبەتی خەڵکێ ڤێ دەڤەرێ، کو دڵ و دەرگەه و ماڵ و هەمی تشتێ خۆ ڤەکر بۆ ئەو خوشك و برایێت خو ئەوێت لێقەومای، و ئەز سوپاسیا ئیدارا پارێزگەها دهۆکیش دکەم، چونکی زەحمەتەکا زۆر کێشا، دەرمانێ دوماهیێش بۆ ڤێ مشکیلێ ئەوە، کو ڤی خەڵکە ببەینەڤ سەر جه وریێت وان، سەر گوندێت وان و باشترین خەدەمات بۆ بێنە تەقدیم کردن، یەك ل وان ئەوە ئەڤ مەشروعێ ئاڤێ کو دبێژنێ رەی جەزیرە، کو ئاڤا کوردستانێیەو ئاخا کوردستانێیە وەشنەکردیە کو گوندەکێ کوردا، ماڵەکا کوردا ئیستیفادە ل یەك قەترا ئاڤێ نەکردی، ئەڤ مەشروعە لازمە بێت هەتا شنگالێ، ئەڤە یەکە ل وان تشتێت کو د خەیالا مە دا، و ئاڤەدانکردنەڤا دەڤەرا شنگالێ ژیانەکا سەربەرز و بەختەوەر بۆ خەڵکێ ڤێ دەڤەرێ، دێ ئێك بیت ل ئەولەویاتێت بەرنامێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، بەس ریجایا من ئەوە کو ئنگ تەفەهومێ بکەن، تڤیا هەمی شۆڵەکێ وەختێ خو بێت و ئیمکانیەت بۆ بهێنە کردن، ئەمما کو بێژن ل بەرچاڤ ناهێتەگرتن یان حساب بۆ نەهاتیە کردن، حسابا ڤان تشتانا هەمیا یا هاتیە کردن.

تەبیعی ئێزدی و شنگال و شێخان، ئێزدی ل هەمی جهان، زۆر جهێ رێزو خۆشەویستیەکا تایبەتی بوون ل نك جەنابی بارزانی نەمر، ئو ئەڤێت مەزنێت ئنگۆ ئەوێت رەنگە هندەکێت مای یان ئنگۆ گوە ل پیرێت خۆ بووی ئەوێت گەهشتە خزمەتا بارزانی، چونکی ئەڤە من یا ل وی گوە لێ بووی، گۆت

ئێزدیا غەدرەکا مێژوویا یا لێ هاتیەکردن، دوو جارا، جارەکێ ل بەر نەتەوەی و جارەکێ لبەر دینێ وان. تڤیا ئەم هەوڵ بدەین کوڕێ ئێزدی، کیژا ئێزدی، مرۆڤێ ئێزدی باوەڕی بخۆ پەیدابیی، لازمە بزانیت کوڕێ ڤێ وڵاتییە وئەڤە وڵاتێ وییە وئاخا وییە، و لازمە ب سەربەستی تێدا بژیت و ب ئازادی تێدا بژیت، ل دینێ خۆ یێ ئازاد بی و ل جلوبەرگێ خۆ یێ ئازاد بی، ل زمانێ خۆ یێ ئازاد، ل هەمی تشتەکێ خۆ یێ ئازاد بی.
ئەز بیژم الحمدلله ئەڤرۆ ئەو بۆ ئێزدیا یا هاتیە جە، مەزنترین، مەزنترین ئاواتا کو من هەبوو ئەوبوو ئەز ببینم ئەو موجرمێت کو دلێ خۆ ب ئێزدیا خۆش کردی، بکەڤنەڤ بن پێت ئێزدیا، ئەڤرۆ کەفتنەڤ بن پێت ئنگۆ.

ل هەمی سەردانێت خۆ بۆ درڤەو ل هەمی روونشتنێت خۆ دگەل ئەو شاندێت کو ل دەرڤە دهاتن، باوەڕ بکەن مەسەلا ئەوا کو ئەم هەمی پێ برینداری، ل سەرێ هەمی گفتوگۆیێت من دا بوویە دگەڵ هەمی دۆست و ئەوێن دی، و دێ دبەردەوامیش بین، و ئەز لێرە ب پێویست دزانم کو ئەز بانگەوازەکێ ئاراستەی هەمی ئەو هەمی کەسێت خودان ویژان و هەمی ماڵبات و عەشیرەتێت عەرەبا ژی بکەم، کو ئەڤە فورسەتەکە ئەوا وان ل دەست بێتن هاروکاریێ بکەن بۆ رزگارکردنا هەتا ئەگەر زارۆکەکیش بیت، چونکێ ئەڤە دێ سەروەرییەکا مەزن بۆ وانیش تۆمار کەت، چونکی ئەڤ تشتێ کو هاتیە کردن دوورە ل هەمی دین و ئەخلاق و رەوشتەکی، ئەوێ کو د ڤێ دا هاروکاریا مە بکەت، ئەمیش وەعدی ددەین چ جارا ئەم چاکییا وان لبیر ناکەین و دێ دەە قات تۆلێ بۆ ڤەکەین، ئو جارەکادیش تیکرارێ دکەمەڤەو وعدیش ددەم، ئەوێت کو دەست درێژکردی بۆ ناموسا مە، هەتا ئاخر نەفەرێ وان ل هەر جهەکێ دنیایێ بیت ئەم ل دو وان ڤەنەبین هەتا تۆلا مللەتێ خۆ لێڤەنەکەین.

تەبعەن ئەڤە دەمەکێ زۆرە کو ناحیا سنۆنێ و مەجموعەك زۆر ل وان گوندو شاروچکێت کو ل دەوەروبەرێ شنگالێ یێت رزگاربووی، نەك رێکەك ئەزبێژم سێ رێك ڤەبوون الحمدلله، بۆ چیایێ شنگالێ، ئو بۆ من جهێ سەربڵندیەکا ئێکجار یا زۆرە کو پێشمەرگێت قەهرەمان ب خوینا خۆ، کارەکێ ئاسان نەبوو ب خوینا خۆ مە ئەڤ رێکە ڤەکردن، ئەمما دیسا جهێ سەربەرزییێشە کو ئەو پێشمەرگێت قەهرەمان و ئەو خەڵکێ کو مای ل چیایش و ل دەوروبەرێ چیای، پشتی کو ئەز چۆی من چیا دیتی و دەوروبەرێ وێ

دیتـی، ب حقـیقەت قەهرەمـان بـوونە کـو بەرگـری کـردی و د وی وەختـێ نەخۆشدا دیفاع ل خۆ کردی و مەنتەقا خۆ پاراست، ئو ئەو پێشمەرگێت کو بەردەوامیش بـووین و نەهێلای دوژمـن بگەهـتە چیـای جهـێ دەستخۆشـیێ و سەربەرزیێ یە بۆ مە هەمیا.

هەرچیا مە ل دەست هاتبیت بۆ خوشك و برایێت کوردێت ئێزدی مە یا کردی و دێ بەردەوامیش بین و ئەز باوەڕناکەم کەس وەکی وان بزانیتنیش کا چ بۆ هـاتیەکردن، چ منەتـیش تێدا نییە واجبە، خـۆزی مە پێچـێ ببـووا مە زێدەتر کردبووا، ئەوا مە دڤێت بەری هەر تشتەکی، بزانن ئەڤ وڵاتە ولاتـێ هەوەیە، ئەڤ خـاکە خاکـا هەوەیە، موسیبەتەکا بسـەر هەوە هـاتی یـا بسـەر مە هـاتی یـا بسەر مللەتێ کورد هاتی، وەکی من گۆتی وەکـی وێیە یـا بسـەر فەیلییا هـاتی، ئەوا بسەر بارزانییا هاتی، ئەوا بسەر گەرمیان هاتی ئەوا بسـەر دۆڵا بالیسـانێ هـاتی، ئەوا بسـەر قەرەداغ هـاتی، یـا بسـەر دهۆکـێ و زاخـۆ و ئامێدیێ هـاتی، یەعنـی جـهەك نەمـایە د کوردسـتانێ دا کـو دوژمنـی زەڕبـا خـۆ لـێ نەدابیت و کارەساتەك بسەر نەئینابیت، هەر یەکی ب نەوعەکی و هەر یەکی د وەختەکێ دا، بەس عەینی فەرهەنگە، عەینـی سـەبەبە کو کـا بۆ بـارزانی تـووش بـوون؟ ئێزدیش هەر لبەر وێ سـەبەبێ تـووش بـوون، بـۆ فەقیرو هەژارێت گەرمیـان تـووش بـوون؟ ئێـزدیش هەر لـبەر وێ تـووش بـوون. لـبەر هنـدێ ل هەمـی موهیمتر باوەڕی ب خۆبوون و باوەڕی ب وڵاتـێ خۆ ل دەست نەدەن، ئومێد ب ئاییندەیەکی گەش چونکی ، مومکینە کوفر بمینی بەس زوڵـم نامینیت. زالـم نامینن.

جارەکا دی ئەز سوپاسیا هەمی وان پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم یێت کو هەر ل رۆژا ئەوەل بەردەوام بوون و قەهرەمانی نواند، سوپاس هاروکاریا جارەکا دی، هەمی خەڵکی کوردستانی دکەم بتایبەتی پارێزگەها دهۆك، و ئەز ب فەر دزانم سوپاسیا وان شـەڕڤانێت برایێت مە یێن کورد ل رۆژئاڤا چونکی واش دەورێ خـۆ دیـت و هاروکـار ل رزگارکردنـا ژمارەکـا زۆر ل وان ژن و زارۆکێت خوشك و برایێت کوردێت ئێزدی، موهیم تێرەدا ئەڤێ نیشێددەت کو هەمی جارا یەکڕێزی و یەکەیەتیا مللەتێ کورد ل هەمی سیلاحەکێ ب قوەتترە بۆ مەو سەرپشکە بۆ هەمی سەرکەفتنەکێ بۆ هەمی دەستکەفتەکێ مەزنیش.

من درێژ کرد، قسوریا من عەفو بکەن، بەس ب حەقیقەت من ڤیا کو ڤان ئاخفتنا بۆ هەوە بکەن، جارەکا ئەز دبێژم هەوە باوەڕی ب خۆ هەبیت، دلّنیا بن مستەقبەل بۆ مللەتێ مەیە کو هنگ پارچەیەکا عەزیزن ل ڤی مللەتەی، دوژمن دێ سەرشۆڕ بیت و یێ سەرشۆڕیش بووی و ئەم ل دو ڤی دوژمنەیش ڤەنابین و ئەز لێرەدا زۆر ئەز ب پێویست دزانم سوپاسیەکا بێ پایان یا هێزێت هەڤپەیمانانیش دکەم بۆ ئەو هاروکاریا بۆ مە کردی، هاروکاریەکا زۆرا بۆ مە کردی و ئەم چ جاراش وێ ژی لبیر ناکەین، ئەمما ئەڤڕۆ ئەم دگەل هەمی جیهانا ئازاد ئەمێ د سەنگەرەکێ دا و سەرەڕمێ ڤی شەڕێ دگەل ڤی دوژمنەی مللەتێ کوردەو پێشمەرگەنە، لبەر هندێ ئختیارا مە ئختیارەکا راستە، ئەمێت د مەوقعەکێ راستدا، یا دی کو خالّەکا زۆرا گرنگە، تڤیێ ئەم نەکەینە شەڕی نەتەوەیی و ئایینی و ئەڤانە، و ئەڤ پێکڤەژیانا بوسلّمان و مەسیحی و ئێزدی و هەمی دین و مەزهەب و ئەڤە، لازمە ئەم ڤێ بپارێزین، چونکی سەروەریەکا زۆرا مەزنە و یەکە ل سەبەبێت هەرە هەرە سەرەکی یێت کو ئیحتیراما مللەتێ کورد هاتیە فەرزکردن ئیحتیراما کوردستانێ هاتیە فەرزکردن ل دەرڤەو هەمی جیهان ب چاڤێ رێزو ئیحتیرام ڤە تەماشەی کوردستانێ دکەت، ئەڤ ئەوە عەینی ب نیسبەت مەسیحی، برایێت مە یێت دین و مەزهەبێت دی، بەری مدەتەکی ئەز دگەل وان شێخێت عەرەبا ژی رونشتم، من زۆر ب سەراحەت گۆتی، ئەم برایێت یەکین، برایەتیا کورد و عەرەبا، ئەم برایێت یەکین، بەس ئەو عەرەبێ کو دگەل داعش دابیت دوژمنێ مەیە، ئەمما ئەو عەرەبێ زددێ داعش بیت برایێ مەیە، ئەم یێت د سەنگەرەکێ دا، لبەر هندێ نابیت ئەم تەشجیعا هندێ بکەین، ببیتە دوژمنایەتی ل بەینا مللەت و دین و مەزهەب، ئەڤە تشتەکێ خەلّەتەو ناشبیت.

وان زۆر ب نامەردی شەڕێ مە کرد، ئەم دێ زۆر ب مەردایەتی شەڕێ وان کەین، و زۆر ب مەردایەتیش مە تۆلا خۆ یا لێ ڤەکردی و ئەوا مایش دێ لێڤەکەین، و ئەز دبێژمە هنگۆش خۆ حازر بکەن، انشاالله دێ دگەل هنگۆ هێین ڤێکڕا دێ چینەڤ شنگالدا، موتمەئین بن دێ ئنگۆ بەینەڤ شنگال.
بەس ئەڤە عەمەلیەکا مەزنە، مە نەڤێ لێکبێتە پارچەکردن، ئو ئەم ب تنێش نینە، لایەنێت دیشێت تێدا، ئەمێت پێڤە لسەر شۆل دکەین و انشاالله دێ بیننیش.

ل دوماهيش هەزاران سلاڤ بۆ گيانێ شەهيدان و انشاالله دێ ئەڤێت كو ئێخسيرو ددەستێ دوژمنيش دا ب هەر نەوعێ بيت گەهنەڤ ناڤ كەسوكارێت خۆ و هەمی دێ ب ديتنا يەكودو شاد بن.

خودێ هەوە بپارێزی و كوردستانێش بپارێزی.

**مسعود بارزانی**
**سەروكی هەرێمی كوردستان**
**٢٠١٥/٠٨/٠٣**

(١٠)

## سوپاسنامەی سەرۆك بارزانی بەبۆنەی سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنی ئازادکردنی شنگال

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
ئازادکردنی شنگال لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش لەڕووی سەربازی و سیاسی و مێژوویەوە سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ گەلی کوردستان کە لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانمان تۆمار کرا. ئەم سەرکەوتنە بە هەموو لایەك دەڵێت کە ئیتر ئەو ڕۆژە ڕۆییشت داگیرکار و ستەمکاران گەلی کوردستان بچەوسێننەوە. ئێستا گەلی کوردستان سەربەرزانە بەرگری لە خۆی دەکات و دوژمن دەشکێنێ و پارێزەری بەهاکانی مرۆڤایەتیشە.
لەدوای داگیرکردنی شنگال و ئەو کارەساتەی بەسەر خوشك و برا ئێزیدییەکانماندا هات ئامادە بووین هەموو ڕێگەیەك بگرینە بەر و هەموو نرخێك بدەین کە شنگال ئازاد بکرێت بۆ ئەوەی بڕوابەخۆبوون بۆ گەلی کوردستان و خوشك و برا ئێزیدییەکانمان بگەڕێتەوە و دوژمن و تیرۆریستان لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەربکرێن.
لە ماوەی ڕابردوودا خوشك و برا ئێزیدییەکانمان دووجار زوڵمیان لێ کراوە، بەهۆی کوردبوونیان ستەمیان لێ کراوە و بەهۆی ئایینەکەیشیان چەوسێندراونەتەوە و ئازار دراون. دەمەوێ خوشك و برا ئێزیدییەکان لەوە دڵنیا بکەمەوە کە هەمیشە گەلی کوردستان پاڵپشتیانن و ئەوان بەشێکی ئازیزی کوردستانن و پێشمەرگە بە خوێن و قوربانیدانی خۆی ئەوەی سەلماند. کوردستانیش وڵاتی پێکەوەژیان و برایەتی و لێبووردەیی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانە و دەبێ ئەو فەرهەنگەی گەلی کوردستان وەك خۆی بمێنێتەوە و دەوڵەمەندتر بکرێت.
پیرۆزبایی ئازادبوونی شنگال لە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان دەکەم کە بە دەست و بازووی پێشمەرگەی قارەمان هاتەدی. سەرکەوتنێکی گەورە کە هەرگیز مێژوو لەیادی ناکات. لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاسی ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکان بکەم کە بە پاڵپشتیی ئاسمانیی بێوێنە یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون لە ئازادکردنی شنگالدا. سوپاسی هەموو ئەو هێزە بەشداربووانەی پێشمەرگە و فەرماندەکانیان دەکەم کە ئەم داستانە مەزنەیان تۆمار کرد. سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی پێشمەرگەکانی فەرماندەیی

زێرەڤانی و یەکەکانی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا، فەرماندەیی شنگال، فەرماندەیی دهۆك، فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانیی یەك، فەرماندەیی بارزان، لەشکری تایبەتی یەك، لەشکری گولان، لەشکری تایبەتی دوو، هێزی دژەتیرۆر، هێزی تایبەتی یەك، هێزی ٣٢، هێزی ژینگەی دهۆك، لیوا هاوبەشەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، لیوای ٤، لیوای ٨، لیوای ١٢، لیوای ی١١١ـی سەر بە یەکەی حەفتا و، هێزە خۆبەخشەکان دەکەم کە بە ئیرادەیەکی پۆڵایین بەشداری ئۆپڕاسیۆنی ئازادکردنی شنگال بوون. سوپاسی یەکەکانی سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ڕۆڵی کاریگەرییان لە بەڕێوەچوونی ئۆپڕاسیۆنەکە و گەیاندنی زانیاریی دروست و هەماهەنگی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان و دانانی پلانی ڕزگارکردنی شنگالدا هەبوو.
ئازادکردنی شنگال داستانی قارەمانێتیی بێوێنەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانە و کاریگەرییەکی گەورە لەسەر بڕوابەخوون و دواڕۆژی گەلی کوردستان بەجێدەهێڵێت بۆیە پێویست بوو گەلی کوردستان ئاگاداری ڕۆڵی ئەو هێزانە بێت کە بەشداری ئۆپڕاسیۆنەکە بوون و مێژوو یادی بکاتەوە.
لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان دەنێرم و داواکارم لە خوای گەورە شیفای تەواو بۆ بریندارەکان بنێرێت و هیوای دواڕۆژێکی گەش بۆ گەلی کوردستان دەخوازم.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**١٣ی ١١ی ٢٠١٥**

## (١١)
## نێچیرڤان بارزانی پەیامی ئاوەدانکردنەوە و بەپارێزگابوون دەداتە خەڵکی شنگال

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەیامی ئاودانکردنەوە و بەپارێزگابوون دەداتە خەڵکی شنگال. بەڕێزیان لە پەیامێکدا ئازادکردنەوەی شنگالی لە گەلی کوردستان بەگشتی و کوردانی ئێزدی بەتایبەتی پیرۆزکرد و ڕادەگەیەنێت کە بە زووترین کات هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی هەموو خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان بۆ خەڵکی دەڤەری شنگال دابین بکەن. هەروەها لە پەیامەکەیدا زۆر سوپاسی ئەمەریکا دەکات بۆ هاوکاریکردنیان لە هێرشی کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالدا.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
خۆشحاڵم کە هاوهەست لەگەڵ هەموو گەلی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی جیهاندا، بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرپەرشتیاری گشتیی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی شنگال و هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو داستانە بکەم. هەروەها پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی کوردانی خۆشەویستی ئێزدی و میری ئێزدییان و بابەشێخ و ئەندامانی جڤاتی ڕۆحانی و هەموو خەڵکی دەڤەری شنگال دەکەم بەبۆنەی ئازادکردنەوەی دەڤەری شنگال، سەری ڕێزیش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەو نەبەردییەی پێشمەرگە دادەنەوێنم و هاوخەمی کەسوکاریانین و هیوای زووچاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازم.
هەر لێرەدا زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی و ئیدارە و سوپا و گەلی ئەمەریکا دەکەین بۆ یەکدەنگییان لەسەر یارمەتیدانی پێشمەرگە و هاوکارییان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی شنگالدا. زۆر سوپاسی هەموو وڵاتە بەشدارەکانی هاوپەیمانیی دژی داعش دەکەین و سوپاسی هەموو وڵاتە دراوسێ و دۆستەکان دەکەین کە پشتیوانی گەلی کوردستان بوونە لە بەرپەرچدانەوەی داعش و دوورخستنەوەیان لە خاکی کوردستان و پشتیوانیکردنیان لە پاراستنی ئازادی و پێکەوەژیان لە کوردستان.

ئازادکردنەوەی شنگال بۆ ئێمە وەك گەلی کوردستان و هەموو ئازادیخوازان و مرۆڤپەروەرانی جیهان، مانایەکی زۆر گەورەی هەیە. تیرۆرستانی داعش کاری زۆر وەحشیگەریانەیان لە سووریا و عێراق و ناوچەکەدا ئەنجام داوە، بەڵام کۆمەڵکوژی و وەحشیگەریی هەرە گەورەیان لە شنگالئەنجام دا. داعش ئەنفالێکی تازەی لە شنگال لە بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجام دا، سەدان ئافرەت و کچی کوردی ڕفاند، هەرچەندە بە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆریان ڕزگار کراون، بەڵام بەداخەوە هێشتا زۆریان لەژێر دەستی داعشدا ماون و تاکو یەك ئافرەتی کوردی ئێزدیش لە دەست داعشدا مابێت، خەمی کۆمەڵکوژیی شنگال لە ناخ و هەستی ئێمەدا تەواو نابێت. ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ڕزگارکردنی هەموو ئافرەتاکانمان لە دەست داعش، هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی درێژە پێدەدات بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژیی شنگال لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەك جینۆساید. لە ئەنجامی هێرشی وەحشیگەریانەی تیرۆرستانی داعش، شنگال دووچاری وێرانکارییەکی زۆر گەورە بووە. ئێمە پێشتریش لەسەر مەزاری شەرفەدین لە دەڤەری شنگال ڕامانگەیاند و ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە کە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی شاری شنگال و دەڤەرەکە بەگشتی، کارێکی لەپێشنەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەکەین هاوکارمان بن. هەروەها بە خەڵکی خۆشەویستی شنگال ڕادەگەیەنم کە هەموو هەوڵێك دەدەین لە ڕووی یاسایی و ئیدارییەوە پشتیوانی لە داواکاریی خەڵکی دەڤەرەکە بکەین بۆ ئەوەی شنگال بکرێتە پارێزگا.

دووبارە ئەم سەرکەوتنە لە هەموو گەلی کوردستان پیرۆز بێت.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٥/١١/١٣**

## باسی دووەم:

## ئۆباما و بڕیاری هێرشکردنە سەر داعش

سی و شەش کاتژمێر پێش دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر چەکدارانی داعش، "ئۆباما" لە پێناو هەرچی زووە بڕیاردەن لە سەر دۆخی کوردستان و عێراق کۆبوونەوەیەکی لوتکەی لە گەڵ سەرکردە باڵاکانی وڵاتانی ئەفریقا جێهێشتووە.
میدیاکانی ئەمریکا ئاشکرایان کرد، ئەو کاتەی "باراك ئۆباما" زانیاری بە پەلەی لە سەر دۆخی کوردستان و عێراق پێگەیشتووە، لە کۆبوونەوەی لوتکەی دۆستایەتی ئەمریکا و ئەفریقا بووە و هەر زوو بە پەلە کۆبوونەوەی لوتکەی لە گەڵ سەرکردەکانی وڵاتانی ئەفریقا بەجێهێشتووە.
سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن، کە "ئۆباما" لەو کۆبوونەوەیەدا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە خێرایی چووەتە دەرەوە و بەرەو لیمۆزینەکەی بە پەلە هەنگاوی ناوە، هەروەها چەند بەرپرسێکی کۆشکی سپیش خۆیان گەیاندووەتە لیمۆزینەکەی"ئۆباما"و بە خێرایی بەرەو کۆشکی سپی ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئەو دەستە تایبەتەی کۆشکی سپی، کە ڕاپۆرت و زانیارییەکانیان لە سەر چەکدارانی داعش و دۆخی ناوچەکە و ڕەوشی کوردانی ئێزیدی لە چیای شنگال بۆ "ئۆباما" ئامادە کردبوو.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتانە، دوای(٣٦) کاتژمێر لە بە پەلە جێهێشتنی کۆبوونەوەکە لە لایەن "ئۆباما"، هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بە فڕۆکەی ئێف-ئەی(١٨) و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر پێگەکانی چەکدارانی داعش دەستی پێکرد.
لە کۆبوونەوە بە پەلەکەی کۆشکی سپیدا، ئۆباما بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، لە گەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی و بەرپرسە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیدا گفتووگۆی چڕوپڕی کردووە و ئەو بڕیارەی لێ بەرهەم هات، کە لێدان بوو لە پێگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش.
لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی نووسیویەتی"هەرێمی کوردستان کلیلی ستراتیژە نوێیەکەی ئۆباما بووە لە عێراق و دۆخی ئەو هەرێمە و کوردانی ئێزیدی و گیرخواردنیان لە چیای شنگاڵ و ترسی جینۆساید کردنی ئەو کوردانە لە خاڵە گرنگەکانی کۆبوونەوەکە بوون و بوونەتە هۆکاری سەرەکی بڕیارەکەی ئۆباما".

ئەو ڕۆژنـــامەیە هەروەهـــا نووســـیویەتی" تەنـــانەت لە دوایـــین ســـاتەکانی کۆبوونەوەکەدا کاتێك خانمی یەکەمـی ئەمریکـا چـاوەڕێی ئۆبامـای کـردووە بۆ نان خواردنی ئێوارە، ئۆباما، لە کاتی هەستانیدا بە ئامادەبوانی کۆبوونەوەکەی گوتـووە، کـوردانی ئێزیـدی پێویسـتیان بە هاوکـاری بە پەلە هەیە و دەبێـت ئۆپەراسیۆنی سـەربازی بـۆ وەسـتانی میلیشـیاکان بەرەو نـاوچە کوردییەکـان ئەنجام بدرێت".

دواتـر لە بەرەبەیـانی ڕۆژی پێنجشـەممە (٧)ی ئابـدا بەرپرسـانی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمریکـا بە زووتـرین کـات ئەپـدەیتی ڕووداوەکانیـان لە ڕێـگەی باڵوێزخـانەی ئەمریکـا لە بەغدا کۆکردووەتەوە و بە وردی ئاگاداری سات بە ساتی ڕووداوەکان بوون. باس لەوەش دەکرێت ئەمریکا لە ڕێگەی کوردستان و عێـراق هەروەهـا دەزگـا هەواڵگرییەکـانی چـاودێری وردی نـاوچەکەی کردووە و ئاگاداری هەموو ڕێگا سـەرەکییەکانی نێوان شـارەکانی کوردستان بـووە، بە تـایبەت ئەو ڕێگایـانەی دەیبەسـتێتەوە بەو ناوچـانەی شـەڕیان تێـدا بەردەوام بووە و خەڵکی لەو ناوچانەوە بەرەو کوردستانی باشوور هەڵدەهاتن.

هەر هەمان ڕۆژ ئۆباما لە کـاتژمێر(١٠)ی سـەر لە بەیانی بە کـاتی ئەمریکـا، کۆبـوونەوەیەکی (٩٠) خـوولەکی لە گەڵ ڕاوێژکارەکـانی لە کۆشـکی سـپی ئەنجـام دا و زۆر بە وردی باسیان لە ڕەوشـی کـوردانی ئێزیـدی کـردووە، کە چۆن ژیان دەگوزەرێنن و ڕاپۆرتی وردی لەو بارەیەوە لە بەردەستدا بووە، کە دەزگـا هەواڵگرییەکـانی ئەمریکـا و وەزارەتـی دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕەوانەی کۆشکی سپیان کردبوون، بەرپرسێکی کۆشکی سپی بە بێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بکرێت بە واشنتن پۆستی ڕاگەیاندبوو، لە کـاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکاندا لە سـەر کـوردانی ئێزیـدی "ئۆبامـا" پێداگری لە سـەر جولەی سـەربازی هێـزی ئاسمانی کردووە.

بە پێـی ئەو ڕاپۆرتـانە هەر لە کـاتی کۆبـوونەوەکەدا "جۆن کیـری"، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکـا و "چەك هەیگڵ"، وەزیـری بەرگـری ئەمریکـا، بە ڤیـدیۆ سکرین چوونەتە ناو کۆبوونەوەکە و زانیارییەکان بە هەموو لایەك دراون. لە هەمان کاتیشدا "سامانتا پاوەر"، باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ڤیدیۆوە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا پێکراوە.

لەو کۆبـوونەوانەدا "ئۆبامـا" بڕیـاری دوو ئۆپەراسـیۆنی جیـاوازی دا، کە یەکێکیان هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش و ئەوی دیکەیان گەیاندنی بە پەلەی هاوکاری مرۆیی خەڵکی مەدەنی بە تایبەت کوردانی ئێزیدی لە چیای شنگال

## وتاری هەفتانەی باراك ئۆباما لە بارەی هەرێمی کوردستان و ئاوارەکانی شنگال و پشتیوانی لە کورد و عێراق

### دەقی وتارەکە

ئەم هەفتەیە دەسەڵاتم پێ درا بۆ ئەوەی دوو ئۆپەڕاسیۆن لە عێراق ئەنجام بدەم:

یەکەم: فەرمانم داوە کە هێزە سەربازییەکانمان ڕێ و شوێن بگرنە بەر بۆ پاراستنی دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان و ڕاوێژکارە سەربازییەکانمان کە لە شاری هەولێر کار دەکەن کە لەم ڕۆژانەدا تیرۆرستان لێی نزیك بوونەتەوە، شەوی پێنجشەممە ئەوەم ڕوون کردەوە کە ئەگەر بێت و پێشڕەوی بکەن ئەوە هێزە ئاسمانیەکانمان بە هێرشی ئاسمانی وەڵامیان دەدەنەوە ئەم کارەشمان ئەنجام دا، ئەگەر پێویست بکا ئەوا بەردەوام دەبین لەم جۆرە هێرشانە، هاوڵاتیانی ئەمریکا لە تەواوی عێراق کار دەکەن لە نێوانیشیاندا ئەو هاوڵاتیانەمان کە لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدان بۆیە هەرچیەك لە دەستمان بێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی ئەمریکی لە عێراق ئەنجامی دەدەین.

دووەم: هەوڵە مرۆڤیەکانمان خستووەتە گەڕ بۆ هاوکاری کردنی ئەو عێراقیە مەدەنیانەی کە لە چیای شنگال گیریان خواردووە، تیرۆرستان دەستیان کردووە بە هێرشی دڕندانە بۆ سەر کەمینە ئایینیەکان وەك گەمارۆ دانی خێزانە ئێزیدیەکان، کوشتنی پیاوان و بە کۆیلە کردنی ژنان، لە گەڵ هەرەشە بۆ بەرنامە دارێژراوەکانیان بۆ لە ناو بردنی گروپە ئایینیەکان کە ئەویش دەچێتە چوار چێوەی جینۆسایدەوە، هەزاران کەس کە زەنگە دەیان هەزاریش بن بە ژن و منداڵەوە ناچار بوون شنگال بە جێبێڵن و بەرەو چیاکان هەڵبێن.

بە هۆی برسیەتی و تینوویەتیەوە گیان لە دەست دەدەن، بەڵام لە ئێستادا لە ڕێگەی فڕۆکەوە خواردنیان بۆ بەردەدەینە خوارەوە بە مەبەستی رزگار کردنیان لە مردن.

هاوکات فەرمانم کردووە کە هێزەکانی ئەمریکا هێرشی ئاسمانی ئەنجام بدەن بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی ئەو هێزانەی کە دەیانەوێ خێزانە گەمارۆ دراوەکان رزگار بکەن.

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا عێراقیەك بە گریانەوە دەی گوت: کەس نیە بێت هاوکاریمان بکات!! ئەوا ئەمڕۆ ئەمریکا هاوکارییان دەکات. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت بۆ هەر قەیرانێك کە لە جیهاندا ڕوو بدات دەست تێوەردان بکات، بەڵام ئەگەر بارودۆخێك بێتە پێشەوە وەك ئەوەی لە

چیای شنگال ڕوو دەدات کە خەڵکی ڕوویان لێ کردووە و هاوڵاتیانی بێ تاوان ڕوو بە ڕووی کوشتن و بڕین بوونەتەوە لەو کاتەدا ئەگەر ئێمە بتوانین ڕێگری بکەین ئەوا ئەمریکا تەنیا وەك تەماشەکار ناوەستێت لە دوورەوە، ئەوەش نەك لە بەر ئەوەی کە ئێمە کێین؟! ئێمە ئەمریکین و دەست پێ دەکەین و سەرکردایەتی ئەو کارەش دەکەین هەر لە بەر ئەوەشە کە بەم شێوەیە مامەڵە دەکەین لە بەرامبەر ئەو هاوڵاتیانەی لە سەر ئەو چیایە گیریان خواردووە.
هەر وەك دوێنێش هاوڵاتیەکی ئەمریکی بۆی نووسی بووم ئەوە باشترین کارە کە ئێمە ئەنجامی بدەین.
وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕێگە بە ئەمریکا نادەم کە بچێتە شەڕێکی ترەوە لە عێراقدا سەربازەکانی ئەمریکا جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ عێراق لە بەر ئەوەی ڕێگە چارەی سەربازی لە لایەن ئەمریکا بۆ ئەو قەیرانە گەورانەی کە هەیە سوودی نابێت، ئەوەی پێویستە بیکەین ئەوەیە کە پەرە بە ستراتیژێکی فراوان بدەین لە عێراق دا، هاوڵاتیە مەدەنیەکانمان لە عێراق دەپارێزین لە گەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کار دەکەین بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە مرۆڤیانە، کار دەکەین بۆ ڕێگری کردن لەو گروپە تیرۆرستیە تاکو موڵگەیەکی ئارام و بەردەوامی نەبێ، تاکو دواتر هێرش بکاتە سەر ئەمریکا هەروەها هاوکاری لایەنە عێراقیەکان بە مەبەستی ئاشتەوایی و پێکەوە کار کردن و وەستانەوە لە دژی ئەو گروپە تیرۆرستیانە تا خەڵکی عێراق ئایندەیەکی باشی هەبێت، هەر لە بەر ئەوەشە کە چەندین هاوڵاتی ئەمریکی گیانی خۆیان بەخت کرد لە عێراق لە جەنگی سەختدا، ئەمڕۆ سڵاو ئاراستەی ژن و پیاوە ئازاکانمان لە ڕێی سوپادا دەکەین بە تایبەتی فڕۆکەوانە چاو نەترسەکانمان لە گەڵ تیمەکانمان لە عێراق کە ئەمریکیەکان دەپارێزن، هەروەها ژیانی هاوڵاتیانی بێ تاوان رزگار دەکەن لە چیای شنگال ئێستا ئەو خەڵکانە ئەوە دەزانن کە وڵاتێك هەیە ناوی ئەمریکایە و هاوکارییان دەکات ئەویش نەك تەنها لە پێناو ئەمنیەتی خۆمان، بەڵکو لە پێناو کەرامەت و ئازادی هەموو تاکێك.

# بەشی حەفتەم
# زمانی وێنەکان

ژنێك كە داعش دەستدرێژیان كردبووە سەری داوای دەكرد بیكوژین




لێرە (لە چیای شنگال) ژنان بە جلی سپییەوە دەمرن



ئازیزان دەمردن شوێن نەبوو، هیچ نەبوو، كەس نەبوو بیان نێژێت

## دایکەکان شیریان نەمابوو بیدەن بە منداڵەکانیان



## لە سەر چیای شنگال کەس بە هانای کەسەوە نەدەچوو



## منداڵ و بەساڵاچوو هەڵدەوەرین

**منداڵەکان هێز و توانایان نەمابوو**



**منداڵەکان بە حەسرەتی قومێک ئاوەوە دەخەوتن**



**پێڵاوەکانیان درابوون، بە پێی پێلاو رێگای دورودرێژیان بری**

لە چیا هیچ نەمابوو، ناچاربوون گەڵای دار بخۆن



کات گیری خواردبوو



ژیان گەڕایەوە قۆناغی سەرەتایی

**بە هێواشی دەمردن**



**خوێنیان لێدەچۆڕا**



**سێبەری داعش بە دوای منداڵە ئێزیدیەکانەوە**

**لالش، شانۆی چیرۆکە تراژیدیەکانی ئێزیدییان**



**دەیانویست ئاین و بیروباوەرمان لە ناوبەرن**



**ئێمە نامرین**

## کچە جوانەکان گەورەترین قوربانین



ئێمەیان رووخاند



هەمیشە لە چاوەروانیداین

**داعش سەری باوکمیان بڕیووە**



**ڕۆژانە هەواڵی مەرگی خۆشەویستانمان بۆ دێت**



**دایکمیان ڕفاندووە من دایکم دەوێت**

## ئەمە سەدەی بیست و یەکەمە



هەرکەسێکیان بدیتایە گوڵلە بارانیان دەکرد



منداڵەکان بێ باوک کران

## برسیمان بوو، ئەمەوێ تێر نان بخومەوە



## خواردنمان دەوێ



## لێمان گەڕێن با پشوو بدەین

**دەمەوێ دایکە نەخۆش و پەککەوتەکەم رزگاربکەم**



**نامانەوێ بمرین**



**هەموو شتێکمان لە دەستدا تەنانەت جووتە پێڵاوەکەشم**

**چەندین شەو بوو نەخەوتبووم لەم چیایە وشک و رووتە**



**خۆزگە ئەمەی بە سەرمانداهات خەون دەبوو**




**شیرم دەوێ و دەمەوێ بخەوم**

**سادەترین مافمان دەوێ، تەنیا دەمانەوێ بژین**



**ڕۆژانە چەندین جار لە هۆش خۆمان دەچووین**



**لە چیا مندالْمان بوو، بە پێش چاوی پیاوەکانەوە، بە بێ هیچ شتێ**

**بەرەو ژیان**



**دەڵێن رۆح شیرینە**



**دەمانەوێ زیاتر بژین**

# کچان و ژنان گەورەترین قوربانین



وەک ئاژەل مامەڵە بە کچان و ژنانەوە دەکرا



ژنان بە منداڵەوە کڕین و فرۆشتنیان پێوەکرا

# سەدان منداڵ بێ دایک و باوک کران



نازانم بو کوێ بچم، تکایە ڕێگام پێشان بدەن




ئەوان زۆر درندەبوون

# پاشکۆ



**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**

**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).
•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەڕێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزکاربووانی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ڕێکەوتی لە دایکبوون:** ١٩٨٢/٧/٢٤

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. **باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.**

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە :** بەکالۆریۆس

**٥- دەرچووی:** کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا :**

- **بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).**
- **سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)**
- **نووسەر**
- **توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).**

٧- **باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەڵ خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

٨- **موبایل:** ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١

٩- **بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان:**

- شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.
- خاوەن ( ٢٢ ) بیست و دوو کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بڵاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
- دوو کتێب لەم بیست و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.
- خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.

- خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مرۆڤایەتیەکان.
- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە داگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولاّنەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.
- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پڕۆژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەلاّیەتی.
- وەك بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاولاّتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

**بە دەیان سوپاسنامە و رێزلێنانن، خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و رێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و رێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).**

- **هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و رێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین رێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.**

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قوناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێییەکانی دووروبەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆڕەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو تۆکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەلایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.

لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.

لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

## کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠

توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەلایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.

لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد ڕوونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.

هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١

توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام هوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان دارێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...
لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوێ ئەم کتێبەدا...
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی

زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵلا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕوووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەداریکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگۆیەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەرە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەرۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خوای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرینەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.

جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژووره ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میواناندایین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.

ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.

جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣

توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێکهاتووە

ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە ساڵێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەرەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەرێن...

ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی ولاتانی دراوسێ نێژروان..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمرۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و ولات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خۆێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:
١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.
٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.
٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی ڕفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر ڕزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی ڕزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.

ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئیزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە راکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارِۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی

بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧

توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم      لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.

ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەلغان تا دوا دلۆپی خوێن مەردانە دژ بە دوژمن جەنگان.

دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.

ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاوڵاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پێشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆزەخانەی ماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەماندا هەوڵماندواە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.

کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.

ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەمووومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خوێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨

توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کلێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری ڕوویدا، ڕزگاربوان لە زاری خویانەوە چێرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان ڕوو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ

رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) رووویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی

دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.

لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.

چەتەکانی داعش، ئێستاش بەڕێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەوەنە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی

## کتێبی حەڤدەم

١٧- ئاڵای کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨

توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیولۆجیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

جێژنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە زار و نووسینەکانی فیداکارانی ئەوسای کۆماری کوردستان لە مهابادەوە زۆر باو بووە، مەراسیم و ڕۆژی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانیان بە جەژنێکی نەتەوەیی تۆمارکردووە. ئێمەش بە گرنگمان زانی توێژینەوەیەکی تیرۆتەسەلی تایبەت بە ئاڵای حکومەتی میللی کوردستان (کۆماری مهاباد) ئەنجامبدەین و مەراسیمی ئاڵا و جەژنی سەربەخۆیی و چەند مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوەی تر بخەینە ڕوو لە لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا. لە سەرەتادا چەند مەراسیمێك دەخەینە ڕوو کە بە ئاهەنگ و جەژنی نەتەوەیی بەڕێکراون، ئەم جێژنانە لە گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە تر بڵاوکراونەتەوە ئێمەش وەك خۆی بە هەمان نوسین و زمان و ڕێنوسی ئەوکات سوودمان لێ بینیوە و بڵاومانکردوونەتەوە. لە لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەشدا هەوڵمانداوە چەند نموونەیەك لەو کەسانەی بەشداربوونە لەم مەراسیمانە وەربگرین و هەست و سۆز و بیر و بۆچوونیان بخەینە ڕوو بەرامبەر بە ئاڵای کۆماری کوردستان. هەر چەند ئەمانە ژمارەشیان کەمە بەڵام لە هەمان کاتدا گەنجینەیەکی گەورەی زانست و زانیارین. خەبات و خۆڕاگری و

قارەمانیەتی پڕ سەروەرییان تۆمارکردووە، لە زاری ئەوانەوە چەندین زانیاریمان دەستکەوتوون.

## کتێبی هەژدەم

١٨- فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلوجی و هونەری و نەتەوەییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و کاریگەریەکانی بەسەر هونەرەوە بنووسین.
بەڵکو ئەمانەوێ هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشان لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، تێکەڵاوبوونی فرمێسك و ئازاری شێوەکاران بە ڕەنگ و فڵچەکانیانەوە، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هونەرمەندانی شێوەکارەوە ببینین و بناسین.

## کتێبی نۆزدەم

١٩- قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين، وثيقة قانونية.
چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ئەم کتێبە تایبەتە بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بە کەیسی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان. بە زمانی عربی نووسراوە.

## کتێبی بیستەم

٢٠- جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی ئاماری و دیکۆمێنتاری
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم کتێبەدا ئامارەی زۆربەی هەرە زۆری رفێندراوان و بێسەروشوێنکراوان و ئەوانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و وەك دیل و سەبایە و ئاوەرەکان لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئازار و نەهامەتی ئێزیدیەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە تایبەتی دوای هاتنی تیرورستانی داعش و داگیرکردنی شنگال و دەوروبەری. چەندین چیروکی پرلەتراژیدیاو ئەو فەرمان و جینۆسایدانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوون...

## کتێبی بیست و یەك

٢١- لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

چاوی هەموو جیهان لە کوردستان و پێشمەرگە و شنگال و دەورووی و بەری و ئێزیدییەکان بوو، هەر زوو جیهان هاتە دەنگ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوکات (بارك ئوباما) و نەتەوە یەکگرتووەکان و پاپای ڤاتیکان و دەولەتە زلهێزەکان و تەواوی راگەیاندنەکانی جیهان چاویان لە هاولاتیانی سڤیل و پێشمەرگەبوو، راپورت و بەیاننامەو وتاری رۆژنامەوانی و مانشێتی رۆژنامە و گوڤارەکان پراو پڕ بوون لە باس و تاوان و درەندەیی داعش بەرامبەر بە کوردستان بە گشتی. جینۆسایدی شنگال و دەورووبەری و کوردانی ئێزیدی، قارەمانیەتی پێشمەرگە کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە تیرۆرستانی داعش شەڕی دەکرد. بویە بەگرنم زانی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی بلاودەکرێنەوە، لە دوو توی ئەم کتێبیدا وەك خویان بلاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو سوودی لێ ببینرێ... بابەتەکان و رووداوەکانی ناو ئەم پەرتووکە باس لە تەمموزی ٢٠١٤ تا نەورۆزی ٢٠١٥ دەکەن.

## کتێبی بیست و دوو

٢٢- گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
(خەلەف خودێدا، ئیلیاس سالح، خدر حەسەن، سەفوان عەباس، سەعد موراد، موحسین ئەلیاس، زیاد ئیسماعیل، فەواز سەفوان، مەهدی مسەور، ئێزدین ئەمین،عەلی عەباس، نافز هادی، سامح بسی، نەواف موراد، خالد موراد، ادریس بشار، عیدو خدر، عەباس خدر سلۆ و جەمال شڤان عەمو ...). لە مەرگ گەڕانەوە. ئەوان لە بەرچاوی خەلك و خوداوە خرانە بەر دەستریژی گوللە، بەلام دەرفەتێکی تری ژیانیان بۆ رەخسا و رزگاریان بوو، تا ئێستا خوێن و هەندێك لە گوشتی لاشەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە جێماوە، بە بەرچاویان براو باوك و کەسوکاریان گوللە بارانکران.
ئێمە تەنیا لە زاری ئەوانەوە بەسەرهاتەکانیان وەك دیکۆمێنت لێرەدا کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی جیهان و نەوەی ئایندە بزانێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەی مرۆڤ و مروڤایەتی بیری لێ نەکردووتەوە بەرامبەر بەم هاولاتیە کوردانە ئەنجامدارایەوە تاوانێك کە لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەمیشدا ئەنجامدرا وچەندین پالەوانی تری کورد وەك بەلگەیەکی رەش بۆ تاوانەکانی حکومەتی بەعس عیراقی زیندوومانەوە و لە گۆڕی بەکۆمەڵ گەڕانەوە، هەردوو تاوانەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران، بەلام ئەمجارەیان بکەری تاوانەکە داعشە و قوربانیەکانیش کوردە ئێزیدییەکانن. گێرانەوەکان ئەونە ترسناکن زۆر ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانی تاکۆتاییەکەی خۆی رابگرێت.
ئەو دیمەنانەی رزگاربووان باسی دەکەن، کە چۆن رزگاریان بووە لە کۆمەڵکوژییەکان، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پالەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەلام نابێت بمرێت تاوکو کۆتایی فیلمەکە.

ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.







ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار نەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
هەولێر – ٢٠١١


جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمێنتارییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
2012


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێک مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گولله و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخود قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەلکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەلەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێك و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، کەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بلێن ئێمە خەلکی ئەم وڵاتە نین.
دایك هەیە بووەتە دووگیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆلەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون!!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێوییانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخود نەمانزانیووە
یاخود نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
بەرگی دووەم
چاپی یەکەم


Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha
zoremilêya (Quds-Quştepe)
li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê
rêveberayetîya karubarên
şehîdan û enfalkiryêt barzan
2


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانیەکان
جینۆسایدی باوکان
2016
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی
باوکان
چاپی یەکەم
2016


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
2017 ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
کتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018 چاپی یەکەم
جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
13


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
14


لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ئاڵای
کۆماری
کوردستان
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم 2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
کتێبی حەڤدەم


فرمێسک
و
ئازاری
ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئەلبومێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و
تاوانە دژبە مرۆڤایەتیەکان
فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ئەلبومێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و تاوانە دژبە مرۆڤایەتییەکان
ئەوانەی لەکوردستاندا رویان داوە
هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشانی کورد
لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان
دەخاتە روو. بەخوێنی ڕەنگەکان فرمێسک و
ئازارەکانیان نەخشاندووە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزاني
قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
2018
ريبوار رمضان بارزاني
قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزاني
2018
19
التاسع عشر


جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لە سەدەی بیست و یەکەمدا
چاپی یەکەم
2018
20
کتێبی بیستەم


لە زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2018
لەزاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
21
PLEASE SAVE US


گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
22
2018

•